سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات

# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
ژمارە (٦) ئازاری ٢٠٢١

## کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا



- پێگەی بەسرە لە کێبڕکێی تورکی-ئێرانیدا
- کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق و چیندا

مێژوو و ئایندەناسی
پەیوەندی، میتۆد و ئامانج

جینۆساید، تاوانێکی گەورە و وانەیەکی بچووک

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٦) ئازاری ٢٠٢١

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



سەرنوسەر
د. هەردی مەهدی میکە
بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بۆردی ڕاوێژکاران
د. یوسف گۆران
د.ئومێد رفیق فتاح
د.عابد خالد رسول

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری: عەدنان ئەحمەد
دیزاین: شێرکۆ خانزادی
هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary ) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.





مێژوو و ئایندەناسی
پەیوەندی، هاوبەشی،
میتۆد و ئامانج
31-10...





پێگەی بەسرە
لە کێبڕکێی تورکی-ئێرانیدا
43-32...



فاکتەری کوردی
لە پەیوەندییەکانی عێراق-چیندا
57-44...





ئیدارەی بایدن پێویستە پشتگیری
کوردەکان بکات
65-60...





نەخشەکێشانی گەشبینانەی کورد
بۆ ئیدارەی بایدن: تورکیا و ئێران
73-66...





ناوەڕۆک و ئاڵنگارییەکانی توانای
ستراتیژیی هەناردەی ئێران
لە بازاڕی عێراقدا
89-74...





جینۆساید، تاوانێکی گەورە و
وانەیەکی بچووک
111-92...






خوێندنەوەی کتێبی:
ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟
129-114...





قووڵایی ستراتیژی
(Strategic Depth)
131-130...

**سەروتار**

# جیهان لەسایەی پەیوەندییە نوێیە نێودەوڵەتییەکانیدا



**د.ئومێد ڕەفیق**

هەردوو پرەنسیپی هاوکاری و ململانێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، جوڵێنەری کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکانن، بۆیە دەکرێت بوترێت مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان مێژووی ململانێ و هاوکارییە، لە ڕێگەی کۆمەڵێك ئامراز و دامودەزگای نێودەوڵەتییەوە، لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێك هێزی گەورەوە و دەرکەوتن و کاریگەریی کۆمەڵێك هێزی کاریگەری نادەوڵەتی لە سیاسەتی جیهانیدا؛ وای کردووە ڕووبەری یاریکەرەکان لە سیاسەتی جیهانیدا بۆ کارەکتەرە دەوڵەتییەکان وەکوو تاکە هێز کاریگەر نەماوەتەوە، لە لایەکی تر پێوەرەکانی فاکتەری هێز گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەگەر جاران پێوەری هێزی ئابووری و سەربازی و پانتایی جوگرافی و پێگەی جیۆپۆلەتیکی وەک پێوەری بەهێزی دەوڵەت؛ پێوەری هێز بوونایە و لەسەر ئەم بنەمایانە دەوڵەتەکان و کارەکتەرەکان پۆلێن بکرانایە، ئەوا پێوەرەکان لەپاڵ ئەم پێوەرانەدا فاکتەری تریان بۆ زیاد بووە. بە هۆی ئەم گۆرانکارییانەوە، هێزە کاریگەر و گەورەکان پێوەری پۆلێنکردنەکەیان گۆڕیوە.

ئەوەی پەیوەندیی بە بابەتی جەمسەرگیری و دابەشکردنی جیهانەوە هەیە، تێڕوانینەکە بە شێوەیەکی ترە، چ لە ڕووی ڕۆڵەوە لە سیاسەتی جیهانی، چ لە ڕووی کاریگەرییەوە، لە ڕاستیدا مۆدێلی یاریکردنەکە لە ڕووی دابەشکردنەوەی ستراکچەرییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە یاریکەرەکان لەبریی ئەوەی بەدوای ئەوەدا بگەڕێن جەمسەر بن، دەیانەوێت هێزی گەورە بن، هێزی گەورە لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەو هێزانەن کە بۆ بڕیاردان لە هەر پرسێکی چارەنووسسازی سیاسی کە پەیوەندیی بە هەردوو پرەنسیپی هاوکاری و ململانێ هەبێت، دەبێت ئەم هێزانە هاوبەشی ڕاستەقینە بن لە یەکلاکردنەوەیدا.

ئەگەر لە ڕۆژهەڵات و ئاسیاوە بەتایبەتتر سەیری وێنە گەورەکە بکەین، هەموو هاوکێشە سیاسییەکان گرێدراوی یەك هاوکێشەی سیاسی نین، لە بابەتی وزە و ئاسایشەوە بۆ بابەت و پرسی تیرۆر و شۆڕشەکان و هاوپەیمانییە ئابووری و بازرگانی و تەنانەت هاوپەیمانییە سەربازییەکان، هەموو ئەم بابەتانە هەر چەندە لە ڕووی قەبارە و ڕەنگدانەوە ناوچەییەکانەوە بچووك بن، بەڵام لە لێکەوتە و شوێنەوارەکانی ڕووداوەکاندا زۆر بەقورسی یەکلایی دەبنەوە، چونکە گرێدراوی هاوکێشەی تازەی هەرێمی و نێودەوڵەتین. نموونە زۆرن بۆ هەریەك لەو پرسانە.

ڕەنگە یەکێك لە باشترین ئەو نموونانەی کە لە ئێستادا زۆر زیندووە؛ باسکردن بێت لە ڕۆڵ و کاریگەریی چین لە سیاسەتی جیهانیدا وەکوو هێزێکی گەورە، خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و جێگیر، پێگەی گەشەکردنی ئابووری، بە بەراورد

بە دەوڵەتانی جیهان لە باڵاترین ئاستدایە، لە دوو دەیەی پێشوودا موعجیزەی ئابووریی خولقاندووە. لە ساڵی ١٩٩٠ هەتاوەکوو ساڵی ٢٠١٩، بەرهەمی نیشتمانیی چینی بە ئەندازەی چواردە جار زیاتر گەشەی کردووە ٨٢٨ ملیار دۆلار بۆ ١١. ٥٣٧ تریلۆن دۆلار زیادی کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بانکی ئاسیایی دامەزراندووە کە ژمارەی ئەندامانی ١٠٢ دەوڵەتن و قەرز دەدات بە زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەکردوو، ڕەنگە هەندێك وا ڕاڤەی ئەم هەنگاوە ئابوورییە وا بکەن کە چین لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت ڕکابەریی بانکی نێودەوڵەتی بکات. چین لەوەش باش تێگەیشتووە کە ڕکابەریی ئابووری بەس نییە، بۆ ئەوەی وەکوو هێزی گەورە بمێنێتەوە، بەڵکوو بەدەستهێنانی نفوزی جیۆستراتیجی تا ڕادەیەکی زۆر گرەنتیی مانەوە و بەهێزبوونی چین دەدات، ڕەنگە لە گرنگترینیان بابەتی وزە بێت کە دەبێت چین هەوڵی بەدەستخستن و پاراستنی بدات، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی هاوردەکەری وزە و ئەو دەوڵەتانەی کۆریدۆری وزەن. لە ڕووی سەربازییەوە، توانا سەربازییەکانی لە بەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە، ئەوەش لە ڕێگەی ڕیفۆرم و نوێکردنەوەی توانا سەربازییەکان، چین لە ئێستادا دووەم دەوڵەتە لە قەبارەی خەرجیی سەربازیدا کە دەگاتە بڕی ٢١٦ ملیار دۆلار، گەورەترین سوپای لە جیهاندا هەیە کە نزیکەی دوو لیۆن و سێ سەد هەزار سەربازە، هەروەها توانای دابینکردن و پاراستنی پێداویستییە ئابوورییەکانی لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە دەکات.

ئەم هەوڵانەی چین بێ بەربەست نییە، بەتایبەت ئەمەریکا بەربەست و ئاڵنگاریی گەورە بۆ چین دروست دەکات، وەکوو ڕکابەرێکی ئابووری و سیاسی و سەربازی، بە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر بازاڕ و پێگەی سیاسیی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەتایبەت کە گەورەبوونی کاریگەری چین بە واتای کەمبوونەوەی هەژموونی ئەمەریکا دێت، کاڵا و شمەکی چینی تەنانەت بە ڕادەیەك کۆنترۆڵی بازاری ئەمەریکای کردووە، ئەمەریکا نەتوانێت دەرگا بەسەر بازرگانیی  چیندا دابخات، چونکە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی داڕمانی بازاڕی ئەمەریکا.

چین بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و لابردنی بەربەستەکان، بەتایبەتی بەربەستە جیۆستراتیژییەکان و دابینکردنی وزە، دەستپێشخەرییەکی ڕاگەیاندووە کە لە ڕووی سیاسییەوە هاوتەریبە بە دەستپێشخەریی بانکی ئاسیایی، ئەویش دەستپێشخەریی "ڕێگا و پشتێنە"یە، لەم ڕێگەیەوە چین هەوڵی دروستکردنی تۆڕێك دەدات لە هاوپەیمانی و هاوبەشی ئابووری بۆ گرەنتیکردن و دڵنیایی هاوردەکردنی پێداویستییەکانی چین لە وزەدا. بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیەدا، چین ١،٢ـ ١،٣ تریلیۆن دۆلار تا ساڵی ٢٠٢٧ وەبەرهێنان دەکات.

چین بۆ دابینکردنی پێگەی خۆی، بیر لە هەموو ڕێگە ڕکابەرییەکان دەکاتەوە، بۆیە پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ڕووسیا کە خاوەنی هێزێکی سەربازی و ئەزموونێکی گەورە و سەرچاوەیەکی گەورەی وزەیە؛ بۆ چین گرنگە، بۆیە چین لەگەڵ ڕووسیا چەندین ڕێککەوتنی بازرگانی و ئابووریی گەورەی هەیە.

مۆدێلی چینی لە گەورەبوونی هێزی جیهانی لە هەموو ئاستەکان لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە، وای کردووە کاریگەر و نفوزی هێزەکانی تر گۆڕانیان بەسەردا بێت، گۆڕانی هێز و کاریگەرییان لە سیاسەتی جیهانی گۆڕانکارییەکانی ئاڵۆز کردووە، چونکە هەژموونی تاکە هێز و فرەجەمسەریشی لاواز کردووە، ئەوەی ئێستا لە سیاسەتی جیهانی ململانێ و هاوکاری دەجووڵێنن، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە هێزی گەورە.

ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# مێژوو و ئایندەناسی
## پەیوەندی، هاوبەشی، میتۆد و ئامانج



د. هەردی مەهدی میکە



مێژوو وەک یەکێک لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە مرۆییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی وەک بوارێکی تازەدەرکەوتووی نێو دنیای لێکۆڵینەوە زانستییە کاریگەر و پەرەپێدراوەکان، ڕۆڵی کارتێکراو و کارتێکەر بۆ یەک دەبینن. هەرچی بواری لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی هەیە بە سوودوەرگرتن لە بوارە پسپۆڕییەکانی دیکە و لێکۆڵینەوە مرۆیی و زانستییەکان، یاخود بە بەکارهێنانی ڕێبازنامەکانی نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary) و فرەپسپۆڕیی (Multidisciplinary) زەمینەی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دەوڵەمەند دەکەن، یەکێک لەو بوارانەی توێژەرانی بواری ئایندەناسی ناتوانن چاوی لێ بپۆشن، توێژینەوە مێژووییەکان و بە پێچەوانەشەوە. لێرەدا کار لەسەر ئەو دوو ئاراستە جیاوازە کراوە کە لەهەردوو کێڵگەی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی و مێژوودا بەدی دەکرێن کە ڕابردوو و ڕووداوەکانییەتی لەلایەک و ئاینده و سیناریۆکانییەتی لە لایەکی دی.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بەدووی وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکییەوە بێت: زەمینەی هاوبەش و پەیوەندیی مێژوو وەک بوارێکی لێکۆڵینەوە مرۆییەکان بە لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسییەوە چییە؟ ئەرک و ئامانجی هەردوو بوارەکە چییە؟ وشە کلیلیە هاوبەشەکانییان کامانەن؟ لە کوێدا مێژوو دەبێتە زانستی یاریدەدەری لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان؟

چوارچێوەیەی تیۆریی لێکۆڵینەوەکەش، ئەوەیە کە مێژوو وەک زانستێکی زیندوو و هاوچەرخ و کۆمەککار سەیرکراوە کە ڕابردوو لە ئێستادا زیندوو دەکاتەوە و دووبارە لە خزمەتی ئێستا و ئایندەدا وەگەڕی دەخات و بەمەش لە ڕابردووگەرێتی و داستانئامێز دەربازی دەکات بۆ ئەمەش سود ئامراەکانی دەرکی ڕووداو و ڕاڤە و گشتاندن و پێشبینیی و خەیاڵ وەردەگرێت و لە کۆمەکی توێژینەوەکانی ئایندەناسیدا وەک یەکێک لە پێکهێنەرەکانی نێوپسپۆڕی ڕاڤەی ئایندەکاندا ڕۆڵ دەبینێت، بۆ ئەم چوارچێوەیەش سود وەرگیراوە لە تێز و دیدگاکانی هەریەک لە مێژوونووسانی وەک کرۆچی، توینبی، کالینگوود و ...تاد، هاوتا بە سوودوەرگرتن بە لەدیدگای کەلەپووری زانایانی مێژوونووسانی موسڵمانی سەدەکانی ناوەڕاست.

گرنگی توێژینەوەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کارکردن لە سەر پەیوەندی مێژوو و ئایندەناسی هەم مێژوو لە ڕابردووگەرێتی دووردەخاتەوە و هەم لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسیش پتر واقیعیانەتر و زەمینەسازتر دەکات بۆ دەستنیشانکردن و هاوکارییکردنی بوارەکانی سیاسەت، بەڕێوەبردن و کایەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە هەڵبژاردنی ئایندەیەکی باشتر لەنێو ئەو ئایندانەی کە لە پێشی هەر کۆمەڵگە و تاکێکیدایە. لەوەش زیاتر لە کتێبخانەی کوردی و توێژینەوە مێژووییەکان

و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا کەمتر لاکراوەتەوە لەوەی بوار و لێکۆڵینەوەکانی مێژوو وەک زانستێک وەگەڕ بخرێن بۆ تێگەیشتن لە ئایندە.

ئامانجی توێژینەوەکە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی زەمینە هاوبەش و پەیوەندییە یەکانگیرە کاریگەرەکانی نێوان هەردوو بوارەکانی ئاییندەناسی و مێژوو و بەڵگاندنیان لە ڕێی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ئەرک و میتۆدەکانیانەوە.

ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، وەسفی-شیکارییە و پەیتاپەیتاش سوودی لە میتۆدە مێژوویی و بەراوردکارییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسە و سەرهەڵدان و زەمینەهاوبەشەکانی هەردوو گۆڕاوەکەی توێژینەوەکە، وەرگرتووە.

توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر چەند تەوەرێکی سەرەکیدا: ١. ناساندن و مەبەست و میتۆدی مێژوو، ٢. پەیوەندی مێژوو و گشتاندن و پێشبینی زانستی، ٣. ناساندن و مەبەست و میتۆدەکانی ئاییندەناسی ٤.مێژووی ئاییندەیی ٥. مێژوونووس لە نێوان ڕابردوو و ئایندە و خەیاڵدا ٦.مێژووی ئایندە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

**یەکەم: ناساندن، مەبەست و میتۆدی مێژوو**

مێژوو، لە زمانە ئەوروپییەکاندا لە چەمکی (History)ەوە بە شێوەی جیاواز وەرگیراوە و هاوواتای وشەی مێژووە لە زمانی کوردیدا. ڕیشەی وشەکە لە وشەی (Histore)ی یۆنانی و زاراوەی ئایۆنی (Ecotopia - هیستۆریا) ەوە وەرگیراوە، لەزمانەکانی دیکەی وەک: ئینگلیزی (History) و فەرەنسی (Histoire)، ئیتالی (Storia) و ئیسپانی (Historia)ی بۆ بەکاردێت. بە نزیکەیی بەمانای گێڕانەوەی واقیع و ڕووداوەکانی ڕابردوو دێت. بە واتایەکی وردتر واتە گەڕان بە دوای هەرشتێکدا کە زانینی شایستە بێت. (حضرتی، ١٣٩١، لاپەڕە ٣٧)

ڕەنگە شوێنەواری سۆمەرییەکان دەرخەری ئەو ڕاستیەبێت کە مێژوو و تۆمارەکانیان ئاماژەن بۆ گرنگیدانیشان بە مێژوو، بەڵام یۆنانییەکان یەکەمینی گەلانێک بوون کەهەوڵیانداوە ڕەهەندی فەلسەفی و مەعریفییان داوەتە پاڵ مێژوو، ئەوان لە مێژوو وەک جۆرە خوایەک سەیر کردووە و خواوەندێکیان بۆ تاشیووە، "کلیۆ-Kleo" خوای مێژوو بوو و هیرۆدۆت(دەورووبەری ٤٨٤ ق.م - ٤٢٥ ق.م) کە نازناوی باوکی مێژووی بەبەردا بڕاوە، کتێبی مێژووی خۆی بە کلیۆ- خواوەندی مێژوو دەستپێدەکات، ئەم وشەیە لە یۆنانیدا بە مانای شانازی و بەرزەناوی و شکۆداری هاتووە، کە لە ئەنجامدانی کارە مەزنەکانەوە دەستدەخرێت. لە ئەفسانەکانی هیلینیشدا کلیۆ پاسەوانی کارەکانی پاڵەوانانە، بە گوتەی توینبی هیرۆدۆت، کتێبی مێژووی خۆی لەبەر ئەوە نووسیووە، کە یادەوەری کارە

دەرەوشاوەکانی یۆنان و بێگانەکان فەرامۆش نەکرێن. (العابدینی، ١٣٨٨، لاپەڕە ٨)

ئیبن خەلدون(١٣٣٢-١٤٠٦) سەبارەت بە پێناسەی مێژوو، باوەڕی وایە ڕامان و لێکۆڵینەوەیە، گەڕانە بەدوای هۆ و مەبەستی کائینات و بنەما وردەکانیان، زانستی چۆنێتی ڕووداوەکانە و هۆکارە قوڵەکانیان، ئامانجی هەڵگۆزینی حیکمەتی قوڵە، هەروەها پێی وایە هونەرێکە لەسەر دۆخی ڕابردووی گەلان، ئەخلاق و پێغەمبەران و ڕەوتی دەرکەوتنیان و پاشاکان و چۆنێتی دەوڵەتداری و سیاسەتیان ڕامان دەگرێت، بۆ ئەوەی بەباشەکانیانەوە ئیقتیدا بکرێت و بۆ دین و دنیا سوودی لێوەربگیرێت. (خلدون، ٢٠٠٤، لاپەڕە ٨١)

بۆ دیاریکردن و ڕیشەکانی ئێستاییبوونی مێژوو و ڕامان لە ئایندەناسی و نزیککبوونەوە لە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، پێویست بە گوزەرکردن بە ناساندنی مێژوونووسانی دنیای ئیسلام و کورد و پاشان هی هاوچەرخیش دەکات. لەنێو مێژوونووسانی دنیای ئیسلامدا، سەبارەت بە مەبەستی نووسینەوەی مێژوو، چەندینیان لە بەرایی کتێبەکانیاندا ئاماژەیان بە هۆی نوسینی بەرهەمەکەیا کردووە، لەوانە:-

ئیبن مسکویە(٩٣٢-١٠٣٠) لەبارەی نووسینی کتێبەکەیەوە (تجارب الامم)دەڵێت: "من لەبەرئەوەی سەرگوزەشتەی خەڵکان و کارنامەی شاکان گەڕاوم و خوێندمنەوە و سەرگوزەشتەی وڵاتان و نامە مێژووییەکانم خوێندەوە، لەوانە شتانێکم هەڵێنجا کە دەتوانرێت پەندیان لێوەربگیرێت، چونکە هەمیشە لەو ڕووداوانە دێنەوەپێش و هاوشێوەکانی دووبارە دەبنەوە... هەروەها لە ڕووداوەکان، نموونەکان بدۆزینەوە کە لە ڕابردوودا ئەزموون کرابن و ئەزموونەکانی ئەوانی دی، ببنە ڕێنمایی ئایندەکان. (مسکویە، ١٣٧٦، لاپەڕەکان ٥١-٥٢)

ڕەشیدەدین فەزلوڵای هەمەدانی(١٢٤٧ - ١٣١٨)یش لە کتێبی "جامع التواریخ-تاریخ آل سلجوق"دا لەبارەی هۆکاری نووسینی مێژووەکەیی و پێناسەی زانستەکەیەوە دەڵێت: "زانستێکە پاشایان پێویستیان پێیەتی، پاش زانستەکانی یەکتاپەرستی و ئەحکامی شەرعی پێغەمبەرێتی و ئەرکانی دین، ڕەوتی پەسەندی پاشاکان و مێژووی پاشاکانی ڕابردووە، بۆئەوەی لەسەری بووەستن و ڕێبازی هەریەکێک لەوانەی ڕابوردووە بزانن، ئەوەی پوختەی ئەخلاقی پێشینانە و هۆکاری بڵندی و شکۆیە لە دنیادا و مایەی پاداشت و لێخۆشبوونە لە دواڕۆژدا هەڵبژێرن و ئەو نموونانە بکەنە پێشەوایان و شوێنکەوتەیان بن... بەحوکمی ئەم بەراییەی باسکرا پێویست بوو لەبارەی بنەماڵە و پەیوەندی و ئاداب و ڕەوتی پەسەندکراویانەوە، ئەم کتێبە بنووسم" (همدانی، ١٣٨٦، لاپەڕەکان ٢-٣)

لای به‌یهه‌قی که له‌سه‌ده‌ی پێنجه‌می کۆچیدا ژیاوه(١٠٩٧-١١٦٩)، "مێژووه‌کان" خه‌زێنه‌ی نهێنی کاروباره‌کانن، ڕاسته‌وخۆ بوارێکه خزمه‌تی ئاین و ئاوه‌دانی و مرۆڤ ده‌کات، باوه‌ڕی وایه مێژوو په‌ند و مۆچیاری و وانه‌دادانه، خه‌ڵک له زیانه‌کان وه‌ئاگا دێنێت" هه‌روه‌ها له‌باره‌ی سووده‌کانی دیکه‌ی مێژووه‌وه ده‌ڵێت "هه‌رچی له‌به‌رژه‌وه‌ندی کۆمه‌ڵگه‌دایه له‌به‌رچاوی ده‌گرێت"، ئه‌و سودی مێژوو واده‌بینێت که وه‌ک زانستی پزیشکان وایه چۆن له نه‌خۆشی پێشینه‌کان و چاره‌سه‌ری پزیشکانی پێشتر ئه‌زموون کراوه و چاره‌سه‌ر دۆزراوه‌ته‌وه و به‌وانه ئیقتدا ده‌کرێت، ئاواش له ڕووداو و مێژووه بابه‌ت و چاره‌سه‌ر ده‌دۆزرێته‌وه و ڕه‌چه‌ته‌ی لێساز ده‌کرێت و ڕێنمایی لێده‌رده‌هێنرێت بۆ پابه‌ندبوونی پاشینه‌کان. هه‌روه‌ها له‌م ڕێگه‌یه‌وه خۆشگوزه‌رانی و ئاسوده‌ییه‌ک پێشینه‌کان پێیگه‌یشتوون ببینرێت و هه‌رچی زیانه {بۆ ئاینده} دووری لێ بکرێت. به‌یهه‌قی ئاوا پوختی ده‌کاته‌وه که زانستێکی چێژبه‌خشه و ڕێ ڕۆشنکه‌ره‌وه‌یه چ به‌ره‌و باشییه‌کان و چ په‌رێزکاری له زیان و خراپه‌کان. (البیهقی، ١٣٦١، لاپه‌ڕه‌کان ٧-٩)

مێژوو لای سه‌خاوی(١٤٢٧-١٤٩٧م) هونه‌رێکه تێیدا به‌دوای ڕووداوه‌کانی زه‌مان له ڕووی شوێن و کاته‌وه‌یه، ته‌وه‌ره‌که‌ی مرۆڤه و کات و ئه‌و مه‌سه‌لانه‌ی له ده‌وروبه‌ریدان، به واتایه‌ک تۆماری هه‌ر کرده و شتێکه که له مرۆڤه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت له ڕابردوودا، به جۆرێک په‌یوه‌ندی به ژیانه‌وه هه‌بێت و به‌رهه‌می کرده جیاوازه‌کانی به جیاوازی هێزی و جۆرایه‌تی مه‌داره‌که‌یه‌وه. ئیتر له سیاسی، کۆمه‌ڵایه‌تی، ئابووری، سه‌ربازی و کولتووری بێت. (السخاوی، ١٩٨٦، لاپه‌ڕه‌کان ١٨-١٩)

شه‌ره‌فخانی به‌دلیسی (١٥٤٣-١٦٠٣) له‌باره‌ی گرنگی مێژوووه، هه‌مان باوه‌ڕی کتێبی "روضة الصفا"ی میرخواند-ی گواستۆته‌وه و پشتیوانی کردووه: مێژوو له خۆگری ده تایبه‌تمه‌ندی و سووده: ناسینی مرۆڤ، چێژبه‌خشه و یاده‌وه‌ری پارێزه، گێڕانه‌وه‌ی جیاواز و ده‌رخه‌ری ڕاستینه و هه‌ڵه‌یه، هه‌ق له ناهه‌ق جیاده‌کاته‌وه، ئه‌زموونی زۆر کۆده‌کاته‌وه، گه‌ر مێژوو ئاماده‌گی هه‌بێت و ڕووداوێک بێته‌پێش ئیتر ڕاوێژکار پێویست نییه، هه‌ستکردن به مێژوو و ڕووداوه‌کانی مایه‌ی کارایی عه‌قڵه، هۆکاری ده‌وڵه‌مه‌ندکردنی ڕا و دروستبڕیاردان و به‌ڕێوه‌بردنی کارێکه، مرۆڤه ئاگاداره‌کان به مێژوو به چه‌ند به‌رامبه‌ر له که‌سانی دیکه به ئارامی و په‌سه‌ندی ده‌گه‌ن، هه‌روه‌ها زانیاری و ناسینی باشتر ده‌داته پاشاکان و په‌ند و مۆچیاری باش ده‌داته ئه‌وانه‌ی ئه‌هلی بیرکردنه‌وه‌ن. (بدلیسی، ١٣٧٧، لاپه‌ڕه‌کان ٢ و ٦-٧)

ڕه‌نگه ئه‌م باوه‌ڕه‌ی میرخواند و به‌دلیسی

کەمێک لەگەڵ دیدگا نوێکانی مێژوونووسینی هاوچەرخ و قوتابخانەکانیدا، تەبا نەیەتەوە، بەڵام لەوەدا هاوبەشە لەگەڵیاندا کە مێژوو وابەستەیە بە زانستی سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و هاوکاریی باشتربینی ئایندە و باش بەڕێوەبردنی ئەمڕۆیە.

لە مێژوونووسی هاوچەرخیشدا، بە شێوازی دیکە واتا و کرۆکی مێژوو و ئامانجەکانی ڕوونکراوەتەوە، خستنەڕووی بۆچوونی ر.ج.کالینگود(١٨٨٩-١٩٤٣) فەیلەسوف و مێژوونووس، زۆر توێی دیکەی بواری مێژوو ڕوونتر دەکاتەوە، ئەو باوەڕی وایە زانستی پەیبردنە بە نەزانراوەکان، نەزانی مرۆڤ بۆ هەرشتێک دەبێتە بابەتی مێژوو، ئەو لە جیاوازی زانستێک لەگەڵ یەکێکی دیکەدا، بریتییە لە جۆری دۆزینەوەکانی ئەو زانستە(کشفیات)، مێژوو چ جۆرە دۆزینەوەیەکی لەباردایە؟ مێژووش بەدوای ئاشکراکردندایە و بۆ ئەم ئامانجەش ڕێباز و ئامرازی پێویست بەکاردەهێنێت. بەڵام تەوەری سەرەکی ئەو دۆزینەوانە لە دیدی مرۆڤەکانەوەیە، واتە مرۆڤ-تەوەرە، بۆیە دەڵێت بابەتی سەرەکی مێژوو ئەوەیە "کردە"کانی مرۆڤ کەشف دەکات و بەدوای ئەوانەوەیە، بەدوای پرسیاری ئەوەوەیە مرۆڤ چ کردەیەکی ئەنجام داوە؟

لێرەدا پرسیارێکی گرنگی دێتەپێش، کەواتە مێژوو بۆ چییە؟ کەسێک بیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە نووسین و وتنی شتێک بۆ شتێکە(ئامانجێکە)، واتە جیاوازی دۆزینەوەیە لە نێوان ئەلف و بێ-دا، بەو مانایەی "ئەلف" بۆ شتێک باشە و "ب" شتێکی بۆ باشە، مێژوو ئەمەیە دەگێڕینەوە بۆ شتێک کە ئەم گێڕانەوەیەی پێویستە.

کالینگود لەوە زیاتر دەڕوات و دەڵێت "مێژوو بۆ خۆناسینی مرۆڤە. بۆچی گرنگە مرۆڤ خۆی بناسێت، لێرەدا ناسینی خۆ، بە مانای ناسینی تایبەتمەندییە کەسێنییەکان و ئەو شتانەیە کە مرۆڤێک لە یەکێکی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵکو چییەتی (ماهییەتی) ئەوە لە پێگەی مرۆڤبووندا. خودناسی بەو مانایە دێت کە یەکەم: بزانیت مرۆڤبوون واتای چییە، دووەم: بزانیت هەبوونی ئەو جۆرە مرۆڤەی کە تۆیت، چییە؟ سێیەم: بزانیت هەبوونی ئەو جۆرە مرۆڤەی کە تۆیت و کەسی دیکە نییە چییە؟ خودناسی واتای ئەوەیە بزانیت چی دەتوانیت ئەنجام بدەیت و ئەوەش بزانیت کە هیچکەس نازانێت چی بکات تەنها لەو ڕێگەیەوە نەبێت کە دەبێت هەوڵ بدات، تەنها سەرەداوی ئەوەش کە مرۆڤ دەتوانێت چی بکات، شتێکە کە کردە و کارە. لەبەرئەوە بەهای مێژوو ئەوەیە کە ئێمە فێردەکات مرۆڤ چی کردووە و بەمشێوەیە تێمان دەگەیەنێت مرۆڤ چییە". (کالینگود، ١٣٨٩، لاپەڕەکان ١٧-١٨)

لێرەوە بایەخی مێژوو ڕووندەبێتەوە، مرۆڤ بۆ ئەوەی بزانێت لە ئایندەدا دەتوانێت چی بکات، دەبێت ئەو وەڵامەی لابێت، چی پێدەکرێت؟ مرۆڤیش تواناکانی و هەبوونی پێناسەکراوە، دەبێت بگەڕێتەوە بزانێت چی کردووە؟ واتە خۆی بناسێتەوە، وەڵامی ئەوەی مرۆڤ چی کردووە، ڕێک کرۆکی کار و ئامانجی مێژووە و وابەستەشە بە کات و شوێن و ئەو کەرەستانەی بەردەستی و پەیوەندییەکانی، کە هەمان ڕەگەزی سەرەکی بەردەم هەر پرۆسەیەکی ئایندەبینیشن.

لەبارەی میتۆدی توێژینەوەکانی مێژووشەوە، گەرچی لە دنیای هاوچەرخی نێو توێژینەوە زانستیەکاندا، زیاتر میتۆدەکانی فرەپسپۆڕی و نێوپسپۆڕی ڕوو لە برەون، بەڵام چەندین میتۆدی تایبەت بە هەر زانستێکیش سەرەتا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوەنییە سنووری کۆنکرێتی بۆ هەر زانستێک دانراوە و ناتوانرێت میتۆدی هاوسێ و هاوزانستەکانی دیکە بۆ توێژینەوە بەکاربهێنێت، بەڵام برەودارترین میتۆد لای لێکۆڵەرانی مێژوو خودی میتۆدی مێژووییە، کە میتۆدێکە لێکۆڵەران بۆ زانینی ڕووداوەکانی ڕابردووە، لەبەرئەوەی هەمیشە مرۆڤ ئارەزووی زانینی ڕووداوە پێشینەکانی هەیە، ئەمەش نەک تەنها لەبر فزوڵییەتەکەی، بەڵکو بەو ئیعتیبارەش کە زانینی ڕابردوو ڕۆشنکەرەوەی ئێستا و پێشبینیکردنی ئایندەیە. (انور حسین عبدالرحمن و عدنان حقى شهاب زنكنة، ٢٠٠٧، لاپەڕەکان ١٢-١٣)

هەر میتۆدێکی مێژوویش لانیکەم پێویستی بە چەند هەنگاوێکی سەرەکییە: ١.دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە و پرسیاری سەرەکی، ٢.داڕشتنی گریمانە، ٣. کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان(سەرچاوەکان: شوێنەوار، بەڵگە، دەستنووس، کتێب، بڵاوکراوەکان، بەیان و پەخشنامەکان، دیدار و چاوپێکەوتنەکان و مێژووی زارەکی و ...تاد)، ٤. هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکاریی سەرچاوەکان، ٥. ڕاڤەی داتا و سەرچاوەکان، ٦. نووسینی توێژینەوەکە. (انور حسین عبدالرحمن و عدنان حقى شهاب زنكنة، ٢٠٠٧، لاپەڕەکان ١٨-٢٨)

**دووەم: مێژوو و گشتاندن و پێشبینیی زانستی**

لەبارەی پەیوەندی مێژوو و پێشبینی و گشتاندنەکانەوە، کە دوو لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی هەر زانستێکن،(لە ڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسیشن)، ئیدوارد کار دەڵێت: "مێژوو بە فەزڵی گشتاندنەکانییەوە گەشە دەکات"، ئالتونی مێژوونووسیش لە کتێبی مێژووی نوێی کامبریج-دا دەنووسێت: "ئەوەی مێژوونووس لە هەموو ئەوانەی دیکە جیادەکاتەوە کە ڕووداوە مێژووییەکان کۆدەکەنەوە و ئەرشیف دەکەن، گشتاندنەکانییەتی"، هەروەها لە کۆکاری مارکس و ئەگڵزیشدا ئاوا باس لەم پرسە

کراوە: ڕووداوە مێژووییەکان هاوشێوەی یەک ڕوودەدەن بەڵام لە ژینگەی جیاوازدا، ئەمەش وادەکات، دەرئەنجامی جیاوازییان لێ دەرکەوێت، بۆیە بە لێکۆڵینەوە لە هەموو وەرچەرخانەکان بە شێوەی جیاجیا و پاشان بەراوردکردنیان، ئەوسا ئاسان دەبێت کلیلی دەرک و تێگەیشتن بۆ ئەم دیاردەیە دەستبکەوێت. سەبارەت بە وانەفێربوون لە مێژووش ئیدوار کار دیسانەوە ئاماژە بەوەدەکات کە فێربوون لە مێژووەوە، بریتی نییە لە پرۆسەیەکی تاک ڕەهەند و یەک ئاراستە، بەڵکو ئاراستەیەکی دیکەی پرۆسەکە ئەوەیە کە لەبەر ڕۆشنایی زەمەنی ئێستاوە لەبارەی ڕابردووەوە بزانین و بیناسین، بۆیە ئەرکی مێژوو بریتیە لە هاندانی تێگەیشتنی قوڵتر بۆ هەریەکە لە ئێستا و ڕابردوو و پێکەوە گرێدانیان. (هاشم یحیی الملاح و آخرون، ١٩٨٨، لاپەڕە ١٩)

بۆ بابەتی پێشبینیکردنیش لە مێژوودا، پێشبینی زادەی یاسامەندی و زانستیبوونی هەر کارێکە، هەر دیدگایەک لە مەسەلەیەکی پێشتریدا تاوتوێ بکرێت شایستەیی ئەوەشی لێدەکرێت کە سەرنج و پێشبینیشی لێهەڵێنجرێت. ئەگەر مێژووش شوێنکەوتەی ڕێکار و یاسا شایستەکانی دۆزینەوە و پشکنین بێت، ئەوا شایەنی پێشبینیکردنیشە. لە زانستی مێژووشدا، ئەم بنەمایە تاڕادەیەک پەسەندکراوە و بەو واتایەی کە پەیوەستە بەوەی بابەتی لێتوێژینەوەی ئەم زانستە لەخۆگری هۆکارناسی، شایستەی دووبارەبوونەوەی ئەزموون و ئەزمونکردن بێت. لەبەرئەوە بۆ ئەم زانستەش پێشبینیکردن ڕەوایە و کردەنییە. (واسعی، ١٣٨٨، لاپەڕە ٥٣) مێژوونووس ئەرکیەتی و پێویستە گشتاندن بۆ کار و ڕووداوەکانی ئاینده هەڵێنجێت، ڕاستە پێشبینییەکانی زۆر دیاریکراو و چوارچێوەداری کۆنکرێتی نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسوود و تەندروستترن و نزیکترن لە زۆر کایەی دیکە کە پێشبینی دەکەن، چونکە مێژوونووس کاری وەک کاری زانایەکە کە دۆخێک دەخوێنێتەوە و پاشان بە توانای خۆی گریمانەی ڕوودانی ڕووداوێک دەکات. (هاشم یحیی الملاح و آخرون، ١٩٨٨، لاپەڕە ٢٠)

**سێیەم: ئایندەناسی؛ ناساندن و زەمینەکانی دەرکەوتنی**

ئایندەناسی، لەو بابەتانەیە کە دەتوانرێت بەسەرەکیترین ئەنگێزەی دەوڵەتمەداران، بیرمەندان و زۆرێک لە لێکۆڵەرانی دوادەیەکانی ڕابردوو لە قەڵەم بدرێت. چونکە بەدوای ناساندن، داهێنان، پێشکەشکردن، ئەزموون و هەڵسەنگاندنی ئاینده مومکینەکان و گریمانکراوەکانەوەیە، تا لەبەر ڕۆشنایی بەهاکانی کۆمەڵگە، ئاینده سازگارەکان هەڵبژێردرێن و بۆ هێنانەدیی گونجاوترین ئایندەش زەمینەسازی و پایەدارێژی بۆ بکرێت.

ئایندەناسی (کوردی/سۆرانی)، بە هاوواتای چەمکەکانی آیندەپژوهی-فارسی، دراسات المستقبلیة-ی عربی و "Futures Study"-ئینگلیزی دانراوە، وشەی "Futures" بۆیە بە کۆ(جمع) بەکارهێنراوە، چونکە بەسوودوەرگرتن لە بەشێکی زۆر لە ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە (میتۆدۆلۆجییەکان) و لەجێی وێناکردنی "یەک ئایندە"دا، بە گومانکردنە سیستماتیزەکراو و عەقڵییەکان، چەندین ئایندەی وێناکراو لەبەرچاو دەگیرێن.

یەکێک لە پێناسەکانی ئایندەناسی: کۆمەڵە هەوڵێکە بە سوودوەرگرتن لە جیاکردنەوە، شرۆڤەی سەرچاوە، نموونەکان و هۆیەکانی گۆڕان یان جێگیریی، کار بۆ وێناکردنی زەینیی ئایندەکان و بەرنامەڕێژکردنیان دەکات. ئایندەناسی دەریدەخات چۆن لە دڵی گۆڕانکارییەکان (یان گۆڕاننەکردن)ی "ئەمڕۆ"، واقیعییەتی "سبەینێ" بەرهەم دێت. (آرزو بخشندە، رمضان جهانیان، ١٣٩٧، لاپەڕە ٦٥)

لە پێناسەیەکی دیکەدا، هاتووە ئایندەناسی: بابەتێکی سەربەخۆیە و بە شێوەیەکی میتۆدی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەکانی ئایندە دەبێت. ئەم بوارە وێناگەلێک لەبارەی ئایندەوە دەخاتە بەردەستمان تا لە کاتی ئێستادا، لەسەر بنەمای ئەو وێنایانە بتوانین بە شێوەیەکی گونجاوتر و پێویستتر بڕیار بدەین. ئەم وێنایانەش لە سێ جۆردا

"

**سەرباری جیانەبوونەوەی بیرکردنەوەی ئایندەیی لە مرۆڤ، گرنگیدان بە بواری ئایندەناسی وەک بوارێکی لێکۆڵینەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە زەینی بیرمەندانی بە خۆیەوە سەرقاڵتر کرد**

پۆلێنبەندی کراون: ئایندەمومکینەکان، ئایندە ئەگەرییەکان(ئیحتیمالییەکان) و ئایندە خوزراوەکان. پەیوەست و نزیک لەم پێناسەیەش، وندڵ بێل کە یەکێکە لە بیرمەندەکانی ئەم بوارە، ئایندەناسی بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: "بە بوارێکی سەربەخۆ لەقەڵەم دەدرێت، ئامانجی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراو و ڕێبازداری ئایندەییە" ئایندەناسان (لێکۆڵەرانی ئایندەیی) بەدوای دۆزینەوە، داهێنان، پێشکەشکردن و ئەزمون و ئایندەمومکینەکان، ئەگەرییەکان و باشترینەکانەوەن. (تعریف آیندەپژوهی، ١٣٩١)

ئایندەناسی، بوارێکی نوێی نێو دنیای لێکۆڵینەوەکانە، کە بەنێو سەرجەم زانست و بوارەکانی لێکۆڵینەوەی دیکەدا مانۆڕ دەکات، دەپشکنێت و سوودیان لێوەردەگرێت

و ئەنجامگیریی پێویست لەو گەڕانەدا وەدەست دەخات و دەیانخاتەڕوو.

گەرچی ئارەزووی مرۆڤ و بیرکردنەوە لە پێشبینیکردنی ئایندە، بە هۆکاری جیاواز، زۆر کۆنە، ڕەنگە سەرەتاکەی بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی زیرەک(Homo sapiens) بگەڕێتەوە، ئەو کاتەی ئەم بوونەوەرە نوێیە بەرەبەرە لە پرۆسەی بەکارهێنانی مێشك لە بەڕێوەبردنی ژیاندا چەندین پرسیاری نوێی لەسەر ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەکرد. ئایندەبینیش، چ وەك ترس و خەم و دڵەڕاوکێ چ وەك حەز، بەشێکی ئەم پرۆسە مرۆڤایانەیە بووە. (گۆران، ٢٠٢٠، لاپەڕە ١٠)

شەیدایی و پەرۆشی مرۆڤ بۆ ئایندە و زانین لەبارەیەوە، دێرینە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکانی مێژوو، پێشبینیکەران و کاهینەکان، نموونەیەکی دیاری نێو مێژووی مرۆڤایەتین کە لە ڕابردوودا هەوڵیانداوە وەڵامی گونجاو بۆ ئایندە وەدەست بهێنن. (آرزو بخشندە، رمضان جهانیان، ١٣٩٧، لاپەڕە ٦٦)

بەڵام سەرباری جیانەبوونەوەی بیرکردنەوەی ئایندەیی لە مرۆڤ، گرنگیدان بە بواری ئایندەناسی وەک بوارێکی لێکۆڵینەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە زەینی بیرمەندانی بە خۆیەوە سەرقاڵتر کرد. تۆوی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسییش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا و تۆوی سەرەتای لەڕێی بیری بیرمەندانی وەک وێڵز و ئاگبێرن-ەوە چێنرا، یەکەمین چالاکیی ئایندەناسییش لە چوارچێوەی شیکارێکی زانستییدا لە ساڵەکانی ١٩٣٠-١٩٣٣ لە ئەمریکا، لەڕێگەی گرووپێکەوە ئەنجامدرا کە سەرپەرشتیارەکەی خودی ئاگبێرن بوو، کە لە بواری کۆمەڵناسیدا خۆی دەبینیەوە. ئەم گرووپە توانی لە ئایندەناسییدا پێشبینی گونجاو و واقیعی بخاتەڕوو، بە تایبەت لە بوارەکانی زیادبوونی کۆچبەران و تەڵاق و ...تاد. (اختیار، ١٣٩٣، لاپەڕە ٢) پاش ئەو هەوڵە، مامۆستایەکی زانکۆیی ئەڵمانی بە ناوی سیپ لە نێوەڕاستی دەیەی١٩٤٠دا چەمکی ئایندەناسی وەک چەمکێک بۆ لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان و ڕەچاوکردنی گریمانە پێشبینیکراوەکان بەکارهێنا. لە ساڵی ١٩٤٨یشدا، (واتە ٣ ساڵ پاش جەنگی دووەمی جیهانی) لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان بەمەبەستی جیاکاری و شیکاری داهێنان و پێشکەوتنە بەکارهێنراوەکانی ئەڵمانیا و یابان، وەک پێویستییەکی سەربازی، لەلایەن دەزگای ڕاندەوە لە ئەمریکا پێشنیار کران. بواری ئایندەناسی مۆدێرن لە دەیەی پەنجادا (٥٠-١٩٦٠) هەنگاوێکی دیکەی بڕی، کاتێک کتێبی "وێنای ئایندە"ی پولاک لە ساڵی ١٩٥١دا و کتێبی "هونەری گریمانەکردن"ی ڤۆتێل لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسران، ئیتر بەشێوەیەکی ڕەسمی بوارەکە ناسێنرا. (آرزو بخشندە، رمضان جهانیان، ١٣٩٧، لاپەڕە ٦٦)

لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا، بە شێوەیەکی ڕیشەیی و سەربەخۆ لایەکی جدیتر لەم بوارە کرایەوە. ئەویش هەنگاوێکی کردەیی گرنگ بوو لە ساڵی ١٩٦٦ لە واشنتۆن، کە دامەزراندنی "ئەنجومەنی ئایندەی جیهان" بوو. (اختیار، ١٣٩٣، لاپەڕە ٢)

بابەتە سەرەکییەکانی ئایندەناسی، هەریەک لە جۆرەکانی مومکین، ئەگەریی و خوازراو-مەتڵوب- لە پێناو گۆڕانکاری لە ئێستاوە بۆ ئاییندە لە خۆدەگرێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە ژێر ناونیشانەکانی ئایندەناسی، لێکۆڵینەوەکانی ئایندە، بیری ئایندەیی، ئایندەئەندێشی، ئایندەنووسی، ئایندەتوێژینەوەیی و توێژینەوەکانی ئایندەییدا خۆیان دەبیننەوە، چونکە تائێستاش تەباییەکی تەواو لەبارەی ناوی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەوە لەنێو لێکۆڵەراندا نەهاتووەتەئاراوە. (آرزو بخشنده، رمضان جهانیان، ١٣٩٧، لاپەڕە ٦٦)

ئێستا ئیتر پاش ئەو هەنگاوانە، چەندین ناوەندی ئەکادیمی و بەشی زانستی و دەزگای نێودەوڵەتیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکانی ئایندە دامەزراون و لەکاردان و کۆمەک بە بوارەکانی سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، پیشەسازی، پزیشکی، هونەر و...تاد دەکەن.

جێی خۆیەتی کە پایەکانی بواری ئایندەناسی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بخرێنەڕوو، چونکە تێگەیشتن لە بنەماکانی ئەم بوارە، دەروازەیەکیش واڵا دەکات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە هاوبەشی و وشەی کلیلی ئایندەناسی و لێکۆڵینەوەکانی مێژوو چییە و لە کام کێڵگەدا هاوبەشن؟

هەر جۆرە ئایندەناسیی و بیرکردنەوەیەک لە ئایندە، پێویستی بە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوکان و ڕەوتی یەکلەدوایەکهاتنی دیاردەکانی کۆمەڵگەیە و دەبێت پشت بەو زنجیرەیە ببەسترێت. ئایندەناس کار لەسەر ئەوە دەکات کە لە بەشێک (یەکەیەک) یان سیستەمێکی بچووک یان گەورەی کۆمەڵایەتی یان سروشتی بکۆڵێتەوە و ئایندەکانی لەبەرچاو بگرێت، ئەو لەم پرۆسەیەدا ئاگایانە یان بێئاگا، لە دیدگایەکی تایبەت لەبارەی پەیوەندیی ڕووداوەکان و زنجیرەییبوونیان کەڵک وەردەگرێت. کە پەیوەستە بە ڕابردوو و ئێستای هەبووەوە.

**ناسینی وردی ئایندەش لەسەر دوو بنەما وەستاوە:**

یەکەم: ڕوونە کە ئایندە درێژەی ئێستا و ئێستاش درێژەی ڕابردووە. بەو مانایەی بە زانینی حاڵەتی یەکەیەک یان سیستەمێک لە هەر زەمانێکدا و بە زانینی چۆنێتیی پرۆسەی وەرچەرخانی ئەو سیستەمە دەتوانرێت دۆخی ئایندەی ئەو سیستەمەش لەبەرچاو بگیرێت (هەروەک چۆن حاڵەتی ڕابردووی ئەو سیستەمەش قابیلی دەرکە)، دەی ئەم

جۆرە دیدگایەش لە ڕیزی فراوان و فرەچەشنی جەبرگەرایی کۆمەڵایەتی-مێژووییدا جێگەی خۆی دەگرێت و لەو دیدگایەشەوە دەتوانرێت لەڕێگەی ناسینی دۆخی ئێستاوە بەشەکانی شیرازەیەکی کۆمەڵایەتی و جۆری کارکردنی و دۆخی ئایندە و بەشەکان و کارەکانی ئایندەی بزانرێت.

دووەم: پێویستی بە ناسینی وردی هەموو سیستەمەکە (شیرازەکە) یان یەکەکە و جۆری کارکردن و جوڵەکانی بەشەکان لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکاندا هەیە.

لێرەوە دەردەکەوێت لە پایەی یەکەمدا، جۆرەکانی فەلسەفەکانی مێژوو، بابەتگەلێکی جۆراوجۆرییان لەمبارەیەوە خستووەتەڕوو. بۆ نموونە جەبرگەرایی ڕەها، شێوەگەلێکی فرەچەشنی لە مێژووگەرایی جۆراوجۆر، جەبری سەررووسروشتی، جەبرگەرایی زانستی و ... جوڵەی بازنەیی(چەرخەیی) لەخۆدەگرێت و یەکلانەبوونەوەی باوەڕبوون بە ڕۆڵی بێهاوتای کەسایەتی لە مێژوودا، تا شەرحی بیرکردنەوەی فەوزەویانە و باوەڕبوون بە فەوزا و هەڵبژاردنی رەها (اختیار مطلق)، لە فەلسەفە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕێچکە دینییەکانەوە بیگرە تا سروشتگەرایی سارتەری، لە خۆدەگرن.

لەپەیوەندی بە بنەمای دووەمیشەوە، ناسینی بەشەکانی یەکەیەک، لەلایەکەوە، لەسەر قبوڵکردنی هەبوونی پەیوەندیی عەینی لە نێوان بەشەکانی یەکەکەدا و کار و کاردانەوەی نێوانیان و هۆکارە دەرەکییەکانی یەکەکە لەلایەکی ترەوە، لەسەر قبوڵکردنی ناسینی عەینیەتی بەشەکان، پەیوەندی نێوانیان، کار و کاردانەوەیان لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکان وەستاوە. (اکرمی، ١٣٧٦، لاپەڕە ٦٩)

لەبارەی میتۆدەکانی ئایندەناسییشەوە، لێکۆڵەران لەسەر چەندین چوارچێوەی میتۆدی کاردەکەن، کە تا ئاستێکی زۆر سوودیان لەو میتۆدە زانستییانەی کە پێشتر هەبووە؛ وەرگرتووە، بە گشتی لانیکەم ئەم میتۆدانە بەکاردەهێنن: ١. ڕەهەند و بیری شرۆڤەیی، ٢. ڕاڤەکردن (تەفسیر - interpretation)، ٣. ئایندەبینی (پێشبینیکردن) (prospective) ٤. میتۆدی ڕەخنەیی.

بە گشتی لەم میتۆدانەدا و بە پێی تایبەتمەندی هەریەکێکیان، سەرەتا داتا و زانیاری کۆ دەکرێنەوە و بە شێوەی جیاواز تۆمار دەکرێن(input)، پاشان شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، کە ئامانجی سەرەکیی دیاریکردنی ڕەوتی(مێژووی) ڕووداوەکانە(trends). لەنێو میتۆدەکاندا هەوڵی تێگەیشتن و دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی ڕووداو و ئاڕاستەکان و گرێدانیان بەیەکەوە دەدرێت، پرسیاری سەرەکییشیان ئەوەیە: "لە واقیعدا چی ڕوو

دەدات؟"(whats really happening?)، هەوڵدەدەن هۆکاری کۆمەڵایەتی، گوتار و جیهانبینی، تەنانەت ئەفسانەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکان دیاری بکرێت.

ئامانجێکی دیکەی هەندێ میتۆدەکان، سیناریۆسازییە، دروستکردنی سیناریۆ ئەوەندەی بەسوودە، دەکرێت هێندەش مەترسیدار بێت، بەتایبەت گەر زانیاری و داتای تەواو یان پسپۆڕیی نەبێت. دوورکەوتنەوە لە ئامانج یان پێشکەشکردنی سیناریۆی ناواقعی، دەرهاویشتەی ئەو کەموکوڕییانەی پێشەوەیە و لەسەر ئەو زەمینەناسی و پێدراوانە وەستاوە کە بۆ لێکۆڵینەوەکان کۆکراونەتەوە و شرۆڤەکراون. یەکێکی دیکە لە میتۆدەکان ڕەخنەگرتنە لە ڕەوتی ڕابردوو و ئێستا، پێی وایە دونیابینیی ئێستا بەردەوام لاواز و شایستەی کارتێکردن و تێکشکانە(fragile)، چونکە دەرئەنجامی سەرکەوتن یان زاڵبوونی گوتارێکی مەعریفییە بەسەر یەکێکی دیکەدا. لای لایەنگرانی ئەم میتۆدە، گوتاری مەعریفیی باو بەم شێوەیە لەمێژوودا دروستبووە و بەردەوام زاڵبوون و دابڕانی گوتاری مەعریفی لەئارادایە. (گۆران، ٢٠٢٠، لاپەڕەکان ١٨-٢٠)

لێرەوە پەیوەندی یەکانگیر و هاوبەشی نێوان ئایندەناسی لەبوارەکانی کات(ڕابردوو و ئێستا)، بنەما و میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەناسی(زنجیرە و بەدواواداهاتنەکان و مێژووی بەشەکی و گشتەکی یەکە و سیستەمەکان،کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕابردوو، شرۆڤە، ڕەخنەکاری و پێشبینی) لەگەڵ پێناسە، ئامانج، کێڵگەی کارکردنی مێژوودا (مرۆڤ، زانیاری و فاکت، زەمەن، تێگەیشتنەوە لە: ئێستا، ئایندە، چارەنووس، کۆمەڵگە و شارستانییەتەکان) دەردەکەوێت، چونکە ئەو چەمکانەی خرانەڕوو، بە قوڵی بابەتی تێڕامان و تیۆریزەکردن و ئامرازەکانی مێژوونووسان و فەیلەسوفانی مێژوون.

### چوارەم: مێژووی ئایندەیی

ئایا مێژوو پەیوەندی بە ئایندەناسی هەیە؟ مێژوو ئایندە نییە، بەڵام ڕابردووش نییە (بە مانای تێپەڕیوو)، مێژوو پانتایی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانە، ئاگاییە بە مرۆڤناسی و کردەکانی مرۆڤ، مێژوو ئیلهامی هەستانەوە و ئایندەدیاریکردن دەداتە مرۆڤ و گەلان، تەنانەت ئەو گەلانەش کە ژێردەستە کراون، وەک ئامازیغ، کەتەلۆنیا، ڕەسەناکانی ئەمریکا و کورد..تاد، لە ڕێی کولتوورسازی، شوناسسازی، هاوبەشیی شارستانێتی نوێیانەوە. ئەم بووژانەوەیە مەرج نییە تەنها لە سەرمایەی سیاسی و دەسەڵاتەکەیدا بێت، هەندێجار لە سەرمایەی کولتووریی، بازرگانی، هەژموونی شوناس و بەشداریی کارای کۆمەڵی مەدەنی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی دا دەکات. (رقابی، ١٣٦٢، لاپەڕە ٣٩٢)

"

**نووسینەوەی مێژوو، سەرەڕای ئەوەی ئامانجێکی بریتییە لەخزمەتکردنی ئێستا و ئایندە، لەگەڵ ئەودا فەلسەفەی مێژووش کاری ئەوەیە حیکمەتی ئەزەلی لەبارەی چارەنووسی مرۆڤەوە لە ڕێگەی مێژووەوە هەڵبگۆزێت**

بۆیە پەیوەندییەکی یەکانگیر لەنێوان فەلسەفەی مێژوو و ئایندەناسی و چارەنووسی مرۆڤایەتیدا درووستبووە و وشەی چارەنووس و ئایندە دوو چەمکی کلیلی نێو مێژوو و مێژوونووسینن. لەبەرئەوەی ئایندە ئەو دنیایە کە دێت، نەهاتووەکانن کە دەبنە ئایندە. مێژووش هەر هەمان ڕەوتە کە ڕابردوو دەنووسێتەوە، ئێستاش و داهاتووش دەنووسێتەوە.

بەشێکی زۆر لە مێژوونووسان لە کۆن و نوێدا هەوڵیانداوە لە هۆکارە جوڵێنەرەکانی نێو مێژوو بتوێژنەوە ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ کەشف و بەیانکردنی لۆژیکی بۆ "مێژووی ئایندەیی" یان ئەو ڕووداوانەی کە لەپێشەوەن و ڕوودەدەن، مێژوونووس بەدووی ئەو یاسا گشیانەوەیە کە لەڕووداوەکانەوە هەڵیاندەگۆزێ و لە داهاتووشدا گەر بەو گۆڕاو و زەمینانەوە دروستببنەوە هەمان ئەنجامیان دەبێت. ئەم دیدگایە تێگیشتنی قوڵ لەبارەی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دابین دەکات و دەیانخاتەوە خزمەت هەڵسانگاندن و بیرکردنەوە لەئایندە و ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤ. لێرەدا فەلسەفەی مێژوو وردتر بە هانای مێژووەوە دێت و لەڕێگەی ڕێباز و میتۆدەکانییەوە ڕۆحی ڕووداو و یاساکانی ڕوودانیان دەردەهێنیت. بۆ ئەمەش بەڵگە مێژووییەکان و فاکتەکانی لەپێناو تەواوکردنی دیدگامێژووییەکە لەکۆنتێکستێکدا ڕێکدەخاتەوە و لەسەر ڕابردوو و ئایندە ڕامانەکان دەخاتەڕوو. ئەمەش پێویستی بە کۆشانێکی هزریی هەیە تا ئەو دەزوو نەپچڕێت کە لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدا ڕۆڵ دەبینێت و درێژبوونەوە و پێکەوەبەستنی کاتی و شوێنی خۆی هەیە. (هاشم يحيى الملاح و آخرون، ١٩٨٨، لاپەڕە ٢٨)

نووسینەوەی مێژوو، سەرەڕای ئەوەی ئامانجێکی بریتییە لەخزمەتکردنی ئێستا و ئایندە، لەگەڵ ئەودا فەلسەفەی مێژووش کاری ئەوەیە حیکمەتی ئەزەلی لەبارەی چارەنووسی مرۆڤەوە لە ڕێگەی مێژووەوە هەڵبگۆزێت. (هاشم يحيى الملاح و آخرون، ١٩٨٨، لاپەڕە ٢٩)

ڕەنگە کەم مێژوونووس هەبن بەو توندوتۆڵییەی توینبی(١٨٨٩-١٩٧٥) ئایندەناسی و مێژوویان پێکەوە گرێدابێت، ئەو نەک تەنها گرێی داونەتەوە بە یەکەوە بەڵکو لەبارەی ئایندەسازییشەوە، ڕوانگەی خۆی خستووەتەڕوو و پێی وایە ئاینده لەلایەن "دەستەبژێرێکی داهێنەر"ەوە بونیاددەنرێت: ئەو دەستەیە لاسایی ڕێوشوێنە کۆنەکان ناکەنەوە و ڕێگای نوێ دەگرنەبەر و زۆرینەیەکی خەڵکیش دوایان دەکەون. ئەو لە کارە مێژووییەکانیدا هەمیشە جۆرە یاسایەک هەڵدەگۆزێ کە بەکەڵکی ئەمڕۆ و ئایندەی مرۆڤ بێت و چییەتی مێژوویشی بەو ئاقارەدا ئاراستە دەکرد. بۆ نموونە لەبەرگی پێنجەمی کتێبی "لێکۆڵینەوەی مێژوو"، لەڕێی گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی نێو مێژووی ڕۆمان، بابل، ئینگلتەرا، هیند، ئێرانی و عوسمانی...تاد، چنراوێکی مێژوویی ورد، لەبارەی ڕۆڵی دەستەبژێری کۆمەڵگە پێشکەشدەکات و ڕوون ڕۆڵیان لەئاوەدانی و برەوسەندندا و لە وێرانکردنی میراتی شارستانی هەر دەوڵەتێکیشدا دەخاتەڕوو. (تاملین، ١٣٨٧، لاپەڕەکان ١٤١-١٥٢) ڕاشکاوانەتر لەمەش دەڵێت: "لەتەواوی ڕووداوە مێژووییەکاندا، ئەوە تاکە یان لانیکەم کەمینەی دەستەبژێری خەللاقە، کە داهێنان {ئاینده} دەخوڵقێنن" (تاملین، ١٣٨٧، لاپەڕە ٤٦)، دیارە کە هەموو داهێنانێک لە ئایندەدا ڕوودەدات و دووبارەش نییە.

توینبی هۆکارەکانی گەشەی شارستانی لەڕوانگەی تیۆرەکەیەوە (یەخانگیریی و وەڵامدانەوە-التحدی و الاستجابة) دەخاتەڕوو، کرۆکی کارەکەشی لەسەر گۆڕاوەکانی سروشت و تاکی داهێنەر و کەمینەی داهێنەرە، کە دەتوانێت ئاینده و چارەنووسی هەر شارستانییەتێک ئاراستە و دروستبکات. پێیوایە هەر کۆمەڵگەیەک کە ڕووبەڕووی یەخەگیرییەک لە مەیدانێکدا دەبێتەوە دوو شێوە وەڵامدانەوەی هەیە:

یەکەم: وەڵامێکی نەرێنیی ڕابردووگەرانە و پێشینەپەروەری، کە ئەمە پێشکەوتن و ئایندەیەکی باش ساز ناکات، چونکە چاوی لە ڕابردووە و وەڵامی سەردەمیانەی پێ نییە.

دووەم: وەڵامێکی ئەرێنی ئایندەخوازییانە(Futurism)، کە خۆی لە ڕوانین لە دوارۆژدا دەبینێتەوە، کە ڕەوتێکی گونجاوە و بەرەو ئایندەیەکی باش و پێشکەوتن کۆمەڵگەدا دەستەبەردەکات. (میکە، ٢٠٠٤، لاپەڕەکان ١٦٣-١٦٤)

ئەڵبەت هێندەی ئاراستەی بەرەو ئایندەی توینبی، لە بەهاوچەرخکردن و ئێستاییکردن و سوودمەندکردنی مێژوودا، بێندێتۆ کرۆچێ(١٨٦٦–١٩٥٢) هەنگاوی ناوە، کرۆکی فەلسەفەی کرۆچێ لەسەر جیاوازی مەعریفەی مێژوویی و مەعریفەی

زانستییە. پێیوایە کار و دەرئەنجامە زانستییەکان نە ڕاستن و نە درۆ، بەڵکو تەنها سودبەخش و کاریان لەتیۆریە زانستییەکاندا ئەوەیە کە مرۆڤ توانامەند بکەن کۆنترۆڵ و ڕکێفکاریی و پێشبینیکردنی دیاردە سروشتییەکان بکات. مەعریفەی ڕاستینە مەعریفەی مێژووییە. ئەو مێژوونووس لە ڕووداونووسەکان جیادەکاتەوە و لای وایە مێژوونووس پێویستە لەگەڵ یەک یەکی ڕووداوەکانی ڕابردوودا ژیان بکات و ئەوانە زیندوو بکاتەوە، ئەوەی ڕوویداوە لە تەجەلیبوونی بیر و هەست و ویژدانیاتی مرۆییانە ببینێت و هەموو ئەوانە سەرلەنوێ لە بیر و ئاگایی خۆیدا بنیاد بنێتەوە و وەبەربهێنێتەوە. بەباوەڕی کرۆچێ ئەم ناواخنگەریە(باطنی)ی ئەزموونی مێژووە کە وەسف و ڕاڤە و بنەما و دەرک و تێگەشتن ناوەکیی لە مێژوو دەردەهێنێت. هەر لەم ڕووەوە بوو کە دەیووت "هەموو مێژوویەک مێژووی هاوچەرخە"، ئەو وای دەبینی مێژوو بێجگە لە ڕۆح یان ئاگایی شتێکی دیکە نییە. (کروچە، ١٣٨١، لاپەڕەکان ٨-٩) ئەمەش بەو واتایە دێت کە سەرجەم گێڕانەوەکانی مێژووی کۆن و نوێ نەک ڕابردوو نین، بەڵکو دەبنە مێژووی هاوچەرخ کە دووبارە سود و کەڵکیان لێوەردەگیرێت، کاتێک ئاگایی و بیر و جەوهەرەیان لێ هەڵدەهێنجرێت و لە ڕابردوو دەردەچن.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تێزە، کرۆچێ دەڵێت مێژووی هاوچەرخ یان مێژووی ڕابردوو مێژوویەکە ئامادەگی ئێستای هەیە، لە حاڵەتی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنیدا دێتە دنیای هەبوون و زیندوویێتی وەردەگرێت، لەمەشدا هیچ گرنگ نییە ئەم مێژووەی ڕابردوو هی هەزار ساڵ پێش یان سەعاتێک لەمەوبەر بێت. چونکە مەرجی بوونی ئەوەیە لە گیانی مێژوونووسدا هەست و سۆز و جۆرە نۆستالجییەک بخرۆشێنێ. هەر مێژوویەک بۆ ئەوەی هاوچەرخ بێت بەو مانایەی زیندوو بێت و بەکەڵک، دەبێت لە حاڵی ئێستادا ئامادەیی وەرگرێت، هەر لێکۆڵینەوەیەکیش لەبارەی ڕابردووەوە، پەیوەندی بە بیر و حاڵی ئێستاوە هەیە، لەبەرئەوە ئەو ڕووداوەی ڕابوردووە نەک وەڵامدەرەوەی هەست و پەیوەندی بە ڕابردووە نییە، بەڵکو وەڵامدەرەوەی پرس و حاڵی ئێستایە بۆیە لێی دەکۆڵرێتەوە! چونکە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆدا یەکدەگرێت. هەر لەبەرئەم بەستنەوەی ڕابردووەیە بە ئێستاوە کە مێژوو دەبێتە "مامۆستای ژیان" لای کرۆچی. (کروچە، ١٣٨١، لاپەڕە ٩)

کرۆچێ لە بەئێستا و هاوچەرخکردنی مێژوودا ئاوا تێدەگات کە "مێژووی ڕاست مێژووی هاوچەرخە" (ملائی توانی، ١٣٨٧، لاپەڕە ٥١)، دیارە کە هاوچەرخیەکەی مەبەست لە یەکگرتنیەتی لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆییدا، نەک

لەڕابردوودا ژیان و داستان گێڕانەوە.

دەردەکەوێت کە مێژوو کاتێک مانا وەردەگرێت کەبەکەڵک و لەگەڵ ڕۆحی ئێستا و ئەندێشەی ئەمڕۆ و ئایندەی کۆمەڵگەدا یەکبگرێتەوە ئەوسا ناودەنرێت مێژوو، بەکورتی مێژوو ئەوەیە کە شایستەیە بۆ ژیانی مرۆڤ و هەر بۆ ئەوەش دەگێڕدرێتەوە.

**پێنجەم: مێژوونووس لە نێوان ڕابردوو و ئاینده و خەیاڵدا**

**١- مێژوونووس و ڕابردووگەرایی**

بەشێک لە لێکۆڵەران لە سەر باوەڕێکی قاڵبگرتووی بێریشە ڕاهاتوون و واتێدەگەن مێژوو ئەوەیە کە ڕابردووە، یان لانیکەم سی ساڵێک تێدەپەڕێت ئەوسا مێژووی ڕووداوێک دەنووسرێتەوە! بە چەند بەڵگەیەک دەکرێت ئەم دیدگایە وەڵامبدرێتەوە:

لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا گرنگە سەرچاوەکان دەستەیەکی گێڕانەوەکان بن، ئەو سەرچاوانەش نیشانەی وردی توێژینەوەکە و سەلیقەکاریی و وردی لێکۆڵەرەکە دەردەخەن، کەواتە تا ڕووداوەکان زووتر بنوسرێنەوە دەستەیەکترن.

ئەو سەرچاوانە کاتێک قۆناغێکی مێژوویی دەخەنە بەر شیکار و گێڕانەوە و لێهەڵێنجانی نوێوە، لەبەرئەوە گرنگ نین کە مێژووی ڕابردووی دووری خۆیان نووسیووەتەوە بەڵکو گرنگییان لە هاوچەرخبوونی ڕووداوەکانە. لە سەرچاوە دێرینەکاندا بۆ قۆناغەکانی مێژووی دێرین، ناوەڕاست، نوێ و هاوچەرخی کوردستان، بۆ نموونە دەگەڕێینەوە بۆ هەریەک لە هیرۆدۆت، زەینەفۆن، تەبەری، مەسعودی، بیرونی، مەستورەی ئەردەڵانی و ڕەفیق حیلمی و ..تاد. ئەمانە هەریەک مێژووی قۆناغەکەی خۆیان بۆ ئێمە دەبێتە سەرچاوە. بۆ نموونە تەبەری لەبەر ئەوە گرنگ نییە کە مێژووی ئادەم و حەوا  تا ساسانییەکانی بە خورافات و واقیعەوە گواستووەتەوە، بەڵکو ئەو ڕووداوانەمان لاگرنگن کە نزیکی تەبەری بوون، بۆیە ئەوانەی لێی وەردەگرین و بۆ ڕووداوی دیکەی پێشتر سەرچاوە پێشترەکان وەردەگرین، بۆنموونە بۆ کۆنتر دەچینە لای هیرۆدۆت، بەتلیمۆس یان زەینەفۆن..تاد.

زیاتر لەمانەش مێژوونووس پێویستیی بە ئامرازی دیکەی وەک بەڵگاندن و خەیاڵ و پێشبینی هەیە، چونکە هەم ڕووداوەکان بە تەواوی لەبەردەستی مێژوونووسدا نین و هەم مێژوونووسیش تەنها گوێگر و گێڕەرەوە نییە. بۆیە مێژوونووس بۆ ساغکردنەوە و وێناکردنی ڕەهەندەکانی ڕووداو جیا لەو هەنگاوانەی پێشتر لە ئاماژەیان پێدرا، بە جۆرێک پێویستی بە ئامرازی خەیاڵە بۆ تەواوکردن و گەیاندنی بازنە پچڕاوەکان و سەرەداوەکان بە یەکتر.

**٢- مێژوونووس و ئامرازی خەیاڵ**

هەندێک باوەڕیان وایە، مێژوو نەک ڕابردووگەرێتی نییە، بەڵکو شێوەیەکە لە

شێوەکانی ئەدەبی خەیاڵی (Fiction)، بەگشتی مێژوونووس وەک نووسەرێکی ڕۆمانی مێژوویی، پێویستە کارەکتەرەکانی نێو ڕووداوەکانی بە جلوبەرگ و ڕەفتارەکانیانەوە وێنابکات، ئەمەش سوودوەرگرتنە ڕوخسارییەکەی مێژوونووسە لە خەیاڵ، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە سوودی بونیادی لە نووسینەوەی مێژووەکەیدا لە خەیاڵ وەربگرێت. ئەم سوودوەرگرتنە لە خەیاڵ لە داستانێکدا دەردەکەوێت کە مێژوونووس بۆ پەیوەستکردنەوەی خاڵە جێگیرەکانی پێدراوەکانی بەکاری دەهێنێت.

دەتوانرێت لە پێنج ڕووەوە پیویستی مێژوونووس بە خەیاڵ ڕوونبکرێتەوە: ١. بۆ وێناکردنەوەی مەیدانێکی ڕووداوێکی رابردوو. ٢.بۆ هەڵێنجان لە خاڵێکی جێگیری بونیادیی نێو ڕووداوگەلێک. ٣.بۆ گریمانەکردن بۆ ئەو ڕووداوانەی کە پێچەوانەی واقیع دێنەبەرچاو و پاشان هەڵسەنگێنرێن. ٤. بۆ ڕاڤەکاری، کاتێک هەموو ڕەهەندەکانی کەسایەتییەک یان ڕووداوێک (بۆ نموونە ژیان و بەسەرهاتی هیتلەر) لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت و بە جۆرێکی تایبەت گوازرشت دەکرێتەوە. ٥.بۆ دروستکردنی دیدگا(ڤیژن). هەر لەبەرئەم هۆکارانە بوو ترور ڕۆپێر دەیوت "خەیاڵکردن مێژوونووسێکە، کە هێزە شاراوەکانی گۆڕانکاری دیار و ئاشکرا دەکات". (استنفورد، ١٣٩٢، لاپەڕە ٢٠٨)

**شەشەم: مێژووی ئایندە، لە پرۆگرامی پەروەردەییدا**

**ئایا دەکرێت مێژووی ئێستا و سبەینێ و ئایندە بنووسرێتەوە؟**

یەکێک لە پەرەسەندنە جۆرییە کاریگەرەکانی نێو بواری پرۆگرامی مێژوو لە بواری پەروەردەدا، "مێژووی ئایندە"یە(Future History).

گەر پێناسەکەی سەخاوی(١٤٢٧-١٤٩٧م) پەسەند بکەین کە تەوەری گرنگیپێدانی مێژوو، مرۆڤ و کات(زەمان) بێت و سودی مێژووش بریتی بێت لە مەعریفە و دەستکەوتنی وردەکاریی کاروبار و ڕووداوەکان و تێگەیشتن بێت لە هۆکار و زەمینەکانی هاتنی سبەینێ (دوارۆژ) بێت (السخاوی، ١٩٨٦، لاپەڕەکان ١٨-١٩). دەردەکەوێت مێژوو تەنها ڕابردووگەری نییە، سبەینێ و ئایندەشە هەم مرۆڤ و هەم کات و هەم ڕووداو ەکان لە خۆدەگرێت، بەڵکو ڕەوت و ڕێبازی بیرکردنەوەیە لە کاروباری مرۆیی لە ڕابردووەوە تا ئایندە.

هەڵەیەکی باوە کە زیاتر ئەو فۆرمە بەسەر مێژوودا وێناکراوە، کە ڕابردووگەر و چیرۆکپەروەرە، کاتێک کۆڕای مێژوونووسانی کۆن و نوێ، لەسەر ئەوە بێت کە مێژوو بۆ ناسینی ڕابردوو و ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی ئێستا و ڕاڤەی ڕووداوەکانی بێت و چرای ڕۆشنکەرەوەی ئایندە و ئامادەگییەکانی و

تواناکان و دەرفەت و تەگەرەکانی بەردەمی بێت، کەواتە هیچ پێویست ناکات مێژوو خۆی لە ڕابردوویەکی دوور و دێرین و چیرۆکئامێزدا قەتیس بکات. کاری تەنها گێڕانەوەی رەوتی ڕووداو  بە بێ ڕوونکاریی لە هۆکاری ئەوەی کە ئەو ڕابردووە بەرهەمهێنەری ئێستایە و لێشبگەڕێت و ڕاڤە و لێکدانەوە نەکات بۆ ئەو زەمینە مێژووییە و ڕووداوانە کە کاریگەر و بەرهەمهێنەری یەکێک لە ئایندەکان دەبێت.

دەوترێت "ئایندە بەرهەمی مێژوو"ە، بە دیوێکی دیکە گەر ئامانجی مرۆڤ و ڕوانینی لە مێژوو  بۆ ئەوەبێت کە دنیایەکی باشتر و ڕوون بناسێت و چاوەڕێی بکات و هەوڵی کۆنترۆڵی ئەو ئایندەیە بدات و زەمینەسازی بۆ ئامادەبکات، کەواتە مێژوویەک بە بێ ئەمە ڕابردوویەکی وەهمییە.

ڕەنگە بێندێتۆ کرۆچی، لەبەرئەوە بووبێت کە وتی: مێژووی دێرین بوونی نییە و هەمووی هاوچەرخە.  دیارە لێرەدا مەبەستی ئەوە بوو کە مێژووی ڕابردوو، لەوەدا مێژووە کە بەکەڵکی ئەمڕۆ و سبەینێ بێت، لەوەدا مێژووە کە ئەمڕۆ کارمان بە ڕووداوێک هەبوو ئەوە دەبێتە مێژوو و کارمان بە ڕووداوێکیش نەبوو و ڕۆڵی نەبوو لە ئاراستەکردنی مێژووی ئەمڕۆ و  سبەینێ و ژیانمان، ئەوە مێژوو نییە، چونکە مێژوو خۆی ئەو تۆمارەی مرۆڤە کە شایستەی گێڕانەوەیە، نەک شکۆدارکردنی رابردوو.

ولایەیەگرتووەکانی ئەمریکا، وەک چۆن لە بواری پەروەردەدا، دەسپێشخەر و گرێدەری پەروەردەی مەیدانی و تیۆری بووە و جۆن دیوی لەمەدا بە ڕچەشکێنی ئەو پرۆسەیە دادەنرێت،  هەرواش لە بواری مێژوودا دەسپێشخەربوون بۆ گرێدانەوەی مێژوو و ئایندە و مەیدانی پراکتیکی و کاریگەریی.

ئەمریکییەکان لە چوارچێوەی پاکێجی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرۆگرامێکیان دارشتووە بە ناوی "مێژووی ئایندە"ەوە، لە قۆناغەکانی ئامادەیی و  هەندێک زانکۆکاندا جێگیر کراوە. (عثمان، ٢٠٢٠)

یەکێک لە گرفتەکان و ئاراستەکانی دانان، ئامادەکردن و نووسینەوەی پرۆگرامەکانی مێژووی نێو بواری پەروەردە و فێرکردن، مەسەلەی ڕابردووگەری و زۆر جەختکردنەوەیە لە سەر داستان و قارەمانێتی و سیاسەتە گشتییەکان و سەرکردەکان، لە کاتێکدا گەر مێژوو ڕۆڵدار بێت لە هەڵبژاردنی ئاییندەکاندا و بەرچاوڕۆشنی بێت بۆ ئایندەبینی، دەبێت:

١. زیاتر بە دووی مێژووی ورد، زارەکی، چین، دەستخاڵییەکان، پیشەگەر، زانستەکان، هونەر و وێژە، ناوچەکان و مێژووی خەڵک و دۆخی کۆمەڵایەتیەوە بێت، ئەمەش

بەومانایەی کە لەو مێژووانەدایە دەتوانرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە وەرگیرێت: چی ڕوویدا؟ بۆچی گەیشتینە ئێرە؟ کە بناغەی وەڵامدانەوەن بۆ پرسیاری چی ڕوودەات لە ئایندەدا؟"ی توێژینەوە ئایندەییەکان. پاشان بە وەڵامی ورد و بەشەکی و دۆزینەوەی لایەنە پێچاوپێچەکانی لاپەڕەکانی ڕەوڕەوەی مێژووی کۆمەڵگەیەک یان چینێک یان ڕووداوێک دەرک بکرێت و وێنا بکرێت. چونکە مێژووی گشتی، سیاسیی، سەرکردەمیحوەر و پاڵەوانساز، زۆرجار بایەخ ناداتە وردەکاریی و هۆکار و گۆڕاوە ژێرخانیی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو ڕووداوەکان فەرامۆش دەکات و ڕاڤەکانیشی گشتی، خێرا، زووتێپەڕ و سادە دەبن. بە وەڵامی ورد و بەشەکی ڕوانینی مێژوویی، کۆمەککاری زانستەمرۆییەکان و توێژینەوەئایندەییەکان دەکات و دەشبێتە بناغەی مێژووی سبەینێ و سیناریۆسازیی ئایندەیی.

ڕەنگە لە مێژوونووسە دێرینەکاندا کەم کەس وەک سەخاوی ورد و پڕ ئەو بوارە فەرامۆشکراوانەی مێژووی لە پێناسەکردنی مێژوودا جێکردبێتەوە، ئەو تەنانەت لە پێناسەکەیدا لەسەر ئاستی ستوونی و زەمەنییەوە سبەینێ و ئایندەی دنیا و دواڕۆژ و کۆتایی دنیاش بە ئەرکی مێژوو و وردبوونەوەی مێژوو دەزانێت. لەسەر ئاستی ئاسۆییش نووسینەوەی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایتییەکان لە تەختوتاجەوە تا ڕووداوی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە سەرەتاییەکانی چینەکانی کۆمەڵگە و سەرجەم چالاکی مرۆڤ بە ئەرکی مێژوونووسینەوە دەناسێنێت. (السخاوی، ١٩٨٦، لاپەڕە ١٨)

٢. دووەم بیرکردنەوە لە مێژووی بەدیل و ئایندەیی، مێژووەکانی هەنووکەیی و دواڕۆژ (سبەینێ)، تێڕامان لە چارەنووس، ڕۆحی ڕووداو و چییەتی ڕووداو ، پێویستی هەنووکەییە و دەبێت بخزێنرێنە نێو پرۆسەی نووسینەوەی پرۆگرامی مێژوویی لە بواری پەروەردەدا، کە ئەمەش کردەیەکی نامۆ نییە بە مێژوو، بەڵکو ئەرکی مێژووە و ئەم بوارانە لە پێناسە سەرەکی و دێرین و نوێکانی مێژوودا جێکراونەتەوە.

فەرامۆشکردنی ئەم دووخاڵە هەم مێژوو دەبێتە حیکایەتخوانی و ڕابردووگەریی، هەم فاکتەرێک نابێت بۆ ئایندەبینی و تێگەیشتن و ڕۆڵبینین لە بڕیاری سیاسیی، جوڵەی کۆمەڵایەتی و ئایندەناسییدا.

**دەرئەنجام**

١. هۆشیاریی مێژوویی ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ ئایندەناسی و هاوکاری بوارەکانی: ئەندێشەی مرۆڤ، هەوڵدەدات مێژووی هەموو ڕابردوو تا ناکۆتا هەڵبداتەوە، دیسانەوە هەر ئەندێشەی مرۆڤ دەیەوێت

مێژووی ئاینده تا ناکۆتا بنکۆڵ بکات، ئەم دوولا پێچەوانەیەی شارستانێتی مرۆڤایەتی کۆدەکاتەوە و دەیانباتە ژێر جەختکردنەوە و وردبوونەوە عەقڵییەکانی خۆیی و شوناسیان بۆ دیاریی دەکات و سیناریۆسازییان بۆ دەکات و وەبەرهێنانی فرەڕەهەندییان لێدەسازێنیت. واتە وێناکردنی جیهانی خۆی لەم پێدراوە مێژووییەی ڕابردوو و سبەینێ هەڵدەهێنجێت. دواجار ئەمانە هەم کارتێکراو و هەم کارتێکەری بیری مرۆڤ و جوڵەکانییەتی. (رقابی، ١٣٦٢، لاپەڕە ٣٩٢) لەدێرینیشەوە هاتووە ئەوەی ڕابردووی نەبێت ئێستا و ئاییندەشی نابێت. ئەم گوزارشتە لە خۆڕا نەهاتووە، بەڵکو تێڕامان و تیۆریزەکردنەوەیە بە تێگەیشتنی قوڵەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو کە لەڕێی توێژینەوە مێژووییەکان و میتۆدەکانییەوە خراونەتەڕوو و ڕابردوو دهێنێتە ئێتسا بۆ زیندووکردنەوە و ئێستاییکردنی نەک گەڕانەوە بۆی.

٢. مێژوو تەنها کارکردن نییە لە ڕابردوودا، تەنانەت مرۆڤ گەر لە ئێستادا بیربکاتەوە دیسان دەبێتە ڕابردوو، کەواتە یان لە ڕابردوودایە بە چەقبەستنی یان لە ئاییندەدایە بە کارکـــردن لەسەر ئاییندەیەکی باشتر، چونکە ژیان جیا لە خێراییەکەی یان دەتخاتە نێو ئاییندەیەکی نەرێنییەوە کە هەر پەراوێزێکی ڕابردووە، یان لە هەناویدا ئاییندەیـــــەکی باش سەرهەڵدەدات. بۆ دەرککردنی گەشە و وەستانەکانی ڕابردوو و کەڵک وەرگرتن لێیـــان پێویستە لە مێژوو کەڵک وەربگیرێت وەک کرۆچی دەڵێت زیندوو بێت و لەگەڵ ڕۆحی ئێستادا یەکبگرێت تا هەم بۆ پەند و هەم بۆ گوتارســــازی و کولتوورسازی ئاراستەکار بێت.

٣. هەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کاتێک دەتوانێت لە بۆتەی مێژوودا بێت نەک رابردوو و گێڕانەوەی ڕووت، پێویستە قوڵبوونەوە و ڕۆحی ئێستا و ئاینده و بە وتەی ئبن خەلدون حیکمەتی لێ هەڵبنجرێت، ئێستا و ئاییندەی پێ ئاراستە بکرێت بەرەو هەڵبژاردنی یەکێک لە ئاینده باشەکان.

٤. هاوبەشییەکی توندوتۆڵ لە نێوان لێکۆڵینەوەکانی ئاییندەناسی و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان و فەلسەفەی مێژوودا هەیە، ئەم هاوبەشییەش خۆی لە ئامانج، ئەرک و میتۆد و دەرئەنجامدا دەبینێتەوە.

**سەرچاوەکان**

**کتێب:**

١. استنفورد، مایکل. ١٣٩٢. درآمدی بر تاریخ پژوهی. [ترجمه] مسعود صادقی. تهران : انتشارات سمت، ١٣٩٢.

٢. البیهقی، علی بن زید (ابن فندق). ١٣٦١. تاریخ بیهق. تهران : ب.ا، ١٣٦١.

٣. السخاوی، شمس الدین. ١٩٨٦. الاعلان بالتوبیخ لمن ذم اهل التاریخ. [تحقیق] فرانز روزنتال. [ترجمه] صالح احمد العلی. بیروت : موسسة الرسالة، ١٩٨٦.

٤. العابدینی، رمضان زین. ١٣٨٨. تاریخ نگاران و مکتبهای تاریخ نگاری در اسلام. تهران : انتشارات چاپخش، ١٣٨٨.

٥. انور حسین عبدالرحمن و عدنان حقی شهاب زنکنة. ٢٠٠٧. الانماط المنهجیة و تطبیقاتها فی العلوم الانسانیة و التطبیقیة. بغداد : ب.م، ٢٠٠٧.

٦. بدلیسی، شرفخان. ١٣٧٧. شرفنامه. [تحقیق] ولادیمیر ولییامینوف. تهران : نشر اساطیر، ١٣٧٧.

٧. توینبی، آرنولد. ١٣٨٧. گزیده آثار توینبی. گردآوری: تاملین، فردریک. تهران : انتشارات امیرکبیر، ١٣٨٧.

٨. حضرتی، حسن. ١٣٩١. پژوهش در تاریخ شناسی. تهران : پژوهشکده امام خمینی، ١٣٩١.

٩. ابن خلدون، ولی الدین عبدالرحمن بن محمد. ٢٠٠٤. مقدمة ابن خلدون. [تحقیق] عبدالله محمد الدرویش. دمشق : دار یعرب، ٢٠٠٤. بەرگی١.

٩. عثمان، عید عبدالغنی. ٢٠٢٠. تعلیم تاریخ المستقبل و تکوین الوعی المستقبلی. التربیه الحدیثة New Education. [بڵاوکردنەوە] ١٠ ١ ٢٠٢٠. [بەردەست ١٥ ٢ ٢٠٢١.] http://bit.ly/٣٨lCtDz.

١٠. کالینگود، رابین جورج. ١٣٨٩. مفهوم کلی تاریخ. [ترجمه] علی اکبر مهدیان. تهران : انتشارات کتاب آمه، ١٣٨٩.

١١. مسکویه، احمد بن علی. ١٣٧٦. تجارب الامم. [ترجمه] ابوالقاسم امامی و علی نقی منزوی. تهران : انتشارات سروش، ١٣٧٦.

١٢. ملائی توانی، علیرضا. ١٣٨٧. درآمدی بر روش پژوهش در تاریخ. تهران : نشر نی، ١٣٨٧.

١٣. هاشم یحیی الملاح و آخرون. ١٩٨٨. دراسات فی فلسفة التاریخ. طبعة الاولی. موصل : دار الکتب للطباعة و النشر، ١٩٨٨.

١٤. همدانی، رشیدالدین فضل الله. ١٣٨٦. جامع التواریخ، تاریخ آل سلجوق. [تحقیق] محمد روشن. تهران : انتشارات میراث مکتوب، ١٣٨٦.

- **بڵاوکراوە:**

١٦. رقابی، حیدر. ١٣٦٢. آینده بحثی در فلسفه تاریخ. تهران : دانشگاه تهران، پاییز ١٣٦٢، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تاریخ، ژمارەکانی ١و٢و٣و٤، صص ١٠١-١٠٤.

١٧. آرزو بخشنده، رمضان جهانیان. ١٣٩٧. آیندەپژوهی. تهران : تهران، شهریور ١٣٩٧، دوماهنامه مطالعات کاربردی در علوم مدیریت و توسعه، صص ٦٥-٧١.

١٨. اختیار، مهدی احمدی. ١٣٩٣. آیندەپژوهی در تاریخ. تهران : www.Sid.ir، ١٣٩٣. سومین همایش ملی آیندەپژوهی. شماره٣.

١٩. اکرمی، موسی. ١٣٧٦. آیندەشناسی و آیندەنگری. تهران : بێ ناو، تابستان و پاییز ١٣٧٦، رهیافت، شماره ١٦، صص ٦٨-٧٥.

٢٠. میکە، هەردی مەهدی. ٢٠٠٤. دیدی ئارنۆڵد توینبی بۆ گەشەکردن و داڕمانی شارستانیەتەکان. سلێمانی : ٢٠٠٤، هەژان، ژمارە١٣، لاپەڕەکان ١٥٩-١٧٠.

٢١. واسعی، سیدعلیرضا. ١٣٨٨.غایتمندی تاریخ. تهران: پاییز ١٣٨٨، تاریخ اسلام، ژماره٣، سال دهم مسلسل ٣٩، صص٤٧-٧٩.

٢٢. گۆران، یوسف. ٢٠٢٠. لێکۆڵینەوەکانی ئایندەناسی پوختەیەکی تیۆری. سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ١ ٥ ٢٠٢٠، ئایندەناسی، ژمارە ١، لاپەڕەکان ١٠-٢٩.

٢٣. کروچه، بندتو. ١٣٨١. مباحثی در فلسفه تاریخ: تاریخ و وقایع نگاری. تهران : تهران، بهمن و اسفند ١٣٨١، بخارا، شماره٢٨، صص ٧-١٧.

**سایتەکان:**

٢٤. مدیریت پژوهش مرکز طرح،٢٠٢١. تعاریف و مفاهیم آینده ¬پژوهي. برنامه و ارزيابی سیما. [نشر] ٢٠٢١. [دسترس: ٥ ٣ ٢٠٢١.] http://bit.ly/٣sT٢l١I .

٢٥. مرکز مطالعات آیندەپژوهی و توسعه پایدار. ١٣٩١ . تعریف آیندەپژوهی. [نشر] ١٥ ٨ ١٣٩١. [دسترس: ٥ ٣ ٢٠٢١.] https://ayandehpajoohi.blog.ir/post/١٦.

# پێگەی بەسرە لە کێبڕکێی تورکی-ئێرانیدا




یاسین تەها
توێژەر



**بەرایی**

لە دۆسیەکانی هەناردەی نەوت و داهاتی گومرگ و پڕۆژە و ململانێی ئیقلیمی، لە تیرۆری چالاکە مەدەنییەکان و خۆپیشاندان و هێرشی سەر کونسوڵخانەکان، شاری بەسڕەی ئەوپەری باشووری عێراق هەمیشە ئامادەییەکی بەهێزی لە هەواڵەکاندا هەیە. ئەم شارە بەم دواییانە لە ڕێگەی دەستپێکردنی



جێبەجێکردنی بەندەری فاوەوە جارێکی تر بووە جێگای گرنگیدان و سەرنج، چونکە هاوکات لەگەڵ قسەوباسەکانی ئاوابوونی چاخی نەوت، هیوا و چاوەکان لەسەر کایەی بازرگانین وەك سەرچاوەی سەرەکیی دەرامەت، لەمەشدا شاری بەسڕە جگە لەوەی گەرووی ئاویی عێراقە، هاوسنوورە لەگەڵ دوو دەوڵەت، بڕیاریشە یەکەم وێستگەی پەیوەستکردنی عێراق بێت بە ڕێگای ئاوریشم کە سەرەتاکەی لە عێراقە و کۆتاییەکەشی بڕیارە لە ئەورووپا بێت. ئەم باسە هەوڵ دەدات هەندێك لەو ململانێیانە بخاتە ڕوو کە لە بارەی ئەم پێگە گرنگە ئابوورییەی عێراق لەئارادان.

**پێگە و گرنگیی شاری بەسڕە**

بەسڕە سێیەم شاری کۆماری عێراقە لەپاش بەغدا و نەینەوا، گەورەترین پێگە و مۆڵگەی سامانی سروشتییشە لە وڵاتدا بەتایبەت نەوت کە سەرچاوەی یەکەمی ئابووریی وڵاتەکەیە. ئەم شارە بنکەی کۆمپانیای نەوتی باشوورە، سنووریشی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و کوێت هەیە. عێراق لە ڕێگەی بەسڕەوە بە ڕووبەری ٦٠کم دەچێتە سەر کەناراوی کەنداو کە ناوەکەی لەنێوان عەرەبی و فارسیدا جێگەی مشتومڕی عەرەب و ئێرانییەکانە، جارانیش ئەم شارە بە "چاوی عێراق" ناوی دەبرا بەو پێیەی ڕووکاری پەیوەستکردنی عێراقە

بە دەریا و بە وڵاتانی کەنداو و دنیای دەرەوەوە[١].

دانیشتووانی بەسرە زیاتر لە ٨٪ی کۆی دانیشتووانی عێراق پێك دەهێنێت، بە نزیکەی سێ ملیۆن کەس لە کۆی دەوروبەری ٤٠ ملیۆن کەس کە کۆی گشتیی دانیشتووانی عێراقە، ئەوەش تێبینی کراوە زۆربەی ئەو دانیشتووانەی بەسرە لە گەنجانن[٢]. لەپەنا ئەم سامانە مرۆییەدا، لە بەسرە ١٥ کێڵگەی نەوتی هەن لە کۆی ٧٧ کێڵگەی گەورە لە سەرانسەری عێراق، جگە لەوەش کێڵگە نەوتییەکانی بەسرە زیاتر لە ٦٥ ملیار بەرمیل نەوت لەخۆ دەگرن، بەمەش ٥٩٪ی کۆی یەدەگی نەوتی عێراق پێك دەهێنێت کە تا ئێستا ئاشکرا کرابێت[٣]. ئەو یەدەگە نەوتییەشی لە بەسرە هەیە، زیاترە لەو یەدەگە نەوتییەی لە بەحرەین و نزیکە لەوەشی کە لە سەرجەم میرنشینەکانی وڵاتی ئیمارات هەیە[٤].

بە هۆی ئەو پێگە گرنگەشی کە شاری بەسرە هەیەتی لە ڕووی سامانی سروشتی و بازاڕ و سنوورەوە، پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٧دا یاسایەکی دەرکرد بۆ بەخشینی سیفەتی "پایتەختی ئابووریی عێراق" بە شاری بەسرە، بەڵام هێشتا ئەم یاسایە ڕووناکیی نەدیوە و نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە بە هۆکاری جیاجیا کە دەوترێت نەبوونی پابەندیی دارایی لە هۆکارە سەرەکییەکانی بووە[٥].

### ئاودیوکردنی نەوتی بەسرە

سەرەکیترین دۆسیەی گەندەڵی کە ساڵانێکە بەرۆکی بەسرەی گرتووەتەوە، ئاودیوکردنی نەوت و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەتی لە سووتەمەنی و گازۆیل لە ڕێگەی باندی ڕێکخراوەوە، لە ساڵانی ڕابرووشدا چەندین باندی مافیایی گەورە لەم شارە دەستیان بەسەردا گیراوە کە هەندێکیان لینکی دەرەکییان هەبووە و ئەم ڕاستییەش لە ڕاگەیەنراوە فەرمییەکاندا بەئاشکرا دانی پێدا نراوە[٦]، چەندین لایەنیش ئەوە ناشارنەوە کە میلیشیا چەکدارەکانی شارەکە لەم ئاودیوکردنە تێوە گلاون کە نفوز و کاریگەرییان لە دەسەڵاتی خۆجێی شارەکە و تەنانەت دەزگا

**سەرباری ئەو پێگە گرنگەی کە شاری بەسرە هەیەتی لە ڕووی ماددییەوە، کەچی گیرۆدەی هەژاری و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزارییە**

قەزاییەکانیشی هەیە[٧].

مێژووی پەرەسەندنی ئاودیوکردنی نەوت لە بەسرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش ٢٠٠٣ کە دەسەڵاتە فیدراڵییەکان سەرقاڵی کێشە کەڵەکەبووەکانی پایتەخت بوون، ئەمەش دەروازەی واڵا کرد بۆ ئەوەی گرووپی لۆکاڵ و مافیای ناوچەیی لەوپەڕی سنووری باشووری عێراق دروست ببن، دواتر دروستبوونی میلیشیای بەسەردا هات لەگەڵ پەرەسەندن و سەرهەڵدانی چەندین گرووپی چەکداریی تر کە سەرچاوەکان بە ٤٠ گرووپ لە شارەکە دەیانخەملێنن، سەرجەم گرووپە بچووکەکانیش تێکڕا دەچنەوە سەر ١٠ حیزب و هێزی سیاسیی ناسراو کە لە حکومەتدا پێگەیان هەیە و کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکانیان کردووە، بەتایبەت فەرمانگەکانی سەر بە نەوت و ناوخۆ و گومرگ، سەرەجەم ئەمانەش وێستگەی گرنگن بۆ ئاسانکاریکردنی گەندەڵی و ئاودیوکردن[٨].

**تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکانی بەسرەییەکان**

سەرباری ئەو پێگە گرنگەی کە شاری بەسرە هەیەتی لە ڕووی ماددییەوە، کەچی گیرۆدەی هەژاری و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزارییە، شەقامەکانی شارەکە کێشەی کەڵەکەبوونی زبڵ و نەبوونی ئاوەڕۆیان هەیە، چەندین شەقامی ئەم شارەش لە دەرەوەی نەخشەی خزمەتگوزاریی دەژین، ئەمەش ژینگەیەکی خراپی دروست کردووە بۆ بێزاری و ناڕەزایەتی و یاخیبوون و بڵاوبوونەوەی دیاردەی نایاسایی، لەم پاشاگەردانییەشدا پەنجەی تۆمەت بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ لێکەوتەی باڵادەستیی میلیشیا و هێزە نادەوڵەتییەکان ڕادەکێشرێت کە کۆنترۆڵی زۆر شتی شاریان کردووە[٩]، هەر بەم هۆیەشەوە هەزاران کەس لە خەڵکی شارەکە ساڵانە خۆپیشاندان دەکەن و دژی گەندەڵییە داراییەکان و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ناڕەزایەتی دەردەبڕن، لەپێش هەموویانەوە پاشەکشەی گەورە لە کاتژمێرەکانی دابینکردنی کارەبا لە گەرمایەکی تاقەتپڕووکێنی هاویندا، هەروەها کەڵەکەبوونی زبڵی زۆر، نەبوونی ئاوی خواردنەوە لە گەڕەکەکانی بەسرە بە بڕی پێویست، بە هۆی سوێربوونی ئاوی دەریاوە[١٠]، زۆر جاریش ناڕەزایەتییەکان ڕووبەڕووی پارێزگاری ئێستا دەکرێتەوە (ئەسعەد ئەلعیدانی) کە پاڵێوراو و پەسەندکراوی هێزە ئیسلامییەکانی شیعەیە و ماوەیەکیش کاندید کرا بۆ ئەوەی جێگەی عادل عەبدولمەهدی بگرێتەوە[١١].

**بەشداریی بەسراییەکان لە ڕاپەڕینی تشرین**

بە هۆی بارودۆخی خراپی شارەکەوە، بەسراییەکان یەکێك بوون لە بەشدارە گەورە

و سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی تشرینی عێراقی کە لە ٢٠١٩دا و لە سەردەمی عەبدولمەهدی هەڵگیرسا. ئەم خۆپیشاندان و یاخیبوونە لە هەر پارێزگایەك ناوێکی تایبەتی لێ نرا، بەڵام لە بەسرە کرایە "شۆڕشی عێراقی[١٢]"، ئەمەش هێمایەك بوو بۆ دوورخستنەوەی دەستی دەرەکی کە مەبەست لێی بە پلەی یەکەم دراوسێی ڕۆژهەڵاتی عێراقە. زۆرینەی بۆچوونەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر یەکدەنگن لەسەر ئەوەی شکستی حکومەت هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینەی دوایی بوو کە درێژکراوەی ناڕەزایەتییەکانی ٢٠١١ و ٢٠١٥ و ٢٠١٧یە، سەرجەم ئەوانەی پێشووش دژی خراپیی بەڕێوەبردن و بڵاوبوونەوەی نادادی بوون[١٣]، ئەوانەشی پێشەنگیی خەڵکەکەیان دەکرد زیاتر هەڵگرانی بڕوانامە باڵا بێکارەکان بوون کە داوای هەلی کاری نوێیان دەکرد[١٤]، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامان بوو خەڵکانی ناڕازی لە بەسرە پەلاماری باڵەخانە حکومییەکان و لەگەڵیشیدا بارەگای کونسوڵخانەی ئێرانیان دا و پێکەوە سووتاندیان[١٥]، ئەمەش هەر هەڵگری پەیامێکی ناواخن و گوزارشت بوو لە مەزاج و قەناعەتی ئەو خۆپیشاندەرانەی بە درووشمی "إيران برة برة" دەستیان پێ کرد و لە بەرامبەردا لایەنگرانی ئێران پێیان وایە پڕ کراون و ئاڕاستە کراون.

**کوشتنی چالاکانی شارەکە**

وەڵامی لایەنە باڵادەستەکانی بەسرە کە زیاتر هێزە خاوەن چەکەکانن بۆ خەڵکانی ناڕازی؛ کوشتن و پاکتاوکردن بوو، لەو هەڵمەتانەی تەسفیەشدا تەنها لە مانگی ئابی ٢٠١٩دا نزیکەی ١٠ چالاکوان لە شارەکە و شارەکانی تری باشووری عێراق کرانە ئامانج و کوژران[١٦]، ئەم هەڵمەتەش بە درێژکراوەی هەڵمەتەکانی تری کوشتن و تەسفیەکردنی هێزە چەکدارەکان لەقەڵەم دەدرێت کە لە ماوەی چەند مانگێکدا ٤٨٧ کەسیان کوشت و ٧ هەزار و ٧١٥ کەسیان بریندار کرد بەپێی ئاماری ئۆفیسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان[١٧]. لەم تاوانانەشدا بە شێوەی سەرەکی پەنجە بۆ میلیشیاکان یان گرووپە لایەنگرەکانی ئێرانی درێژ کرا کە دەوترێت ئەوان لەپشت هەڵمەتەکانی کوشتنەوەن[١٨]، ئەوانەشی کردارەکانی کوشتنیان لەم شارە ئەنجام داوە ئەزموون و شارەزایی زۆریان لە کوشتن و بڕین هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی لە سەرجەم پڕۆسەکانی بەدواداچوون و چاودێریکردن بەخێرایی قوتاریان بووە[١٩]، لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش هەمان ڕایان لەم بارەیەوە هەیە و پێیان وایە ئەوانە کارامە و لێزانن لە کوشتن و شاردنەوەی شوێنەواری تاوانەکان لە کاتەکانی دواتر[٢٠].

بە بۆچوونی نوێنەرایەتیی سیستانی لە بەسرە، ئەو لایەنانەی خەڵکانی

چالاك دەكوژن، هەر ئەوانەن كە لەدوای تەرمەكانیانەوە دەڕۆن[٢١]. چالاكەكانیش پێیان وایە تیم و ئەجێندای تایبەت هەیە بۆ تیرۆری كەسایەتییەكانی بەسرە و خۆرزگاركردن لێیان[٢٢]. كوشتنی هەندێك لەوانەشی كە بەئاشكرا نەیاری ئێران بوون، باوەڕێكی وای لای نەیارانی ئەو وڵاتە دروست كردووە كە لایەنگرانی ئێران یان هێزە پرۆئێرانییەكان لەپشت كوشتار و تەسفیەكردنەكان بن، بەتایبەت كە ئاژانسی میهر هەندێ زانیاری و هەڵمەتی لە دژ ئەو چالاكانە كردبوو كە داوای مافی بەسرەیان كردووە و بە نۆكەر و بەكرێگیراوی ئەمەریكا لەقەڵەمی دابوون[٢٣]. ئاژانسەكە لە تۆمەتباركردنی ئەو چالاكانەی دواتر كوژران وەك هۆكارێك بۆ دابەشكردنی عێراق و زیندووكردنەوەی پرۆژەی جۆ بایدن بۆ دابەشكردنی عێراق لەقەڵەمی دابوون، كە ئەمە تاوانێكی گەورەیە بەلای ئەوانەوە[٢٤]، هەندێك لەو میدیا و باڵە ئێرانییانەش چەند وێنەیەكی چالاكەكانیان لەگەڵ كونسوڵی ئەمەریكا كردبووە بەڵگەی تۆمەتەكانیان[٢٥]، پێداگری و تووڕەییشیان لەو چالاكانە مكوڕی كردوون لەسەر ئەوەی دوای مردنیش هەر بەردەوام بن لە هێرشكردنە سەر كارنامە و ناوبانگیان بەو پێیەی بە دیدی ئەوان "ناپاكی و خیانەت"یان كردووە[٢٦].

زۆربەی لێكدانەوە و بۆچوونەكان كۆكن لەسەر ئەوەی هەڵمەتی كوشتن و تیرۆركردن لە بەسرە دوور نییە لە شەڕی ناواخن لەسەر سامان و دارایی شارەكە یان لە هەوڵی دوورخستنەوەی ئەوانەی لەمپەربن لەبەردەم كۆنترۆڵكردنی داهاتی بەسرە، ئیتر چ بە خۆپاڵاوتن بێت لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییە چاوەڕوانكراوەكەی عێراق لە مانگی تشرینی داهاتوو، یان پرۆژە سیاسییە نوێیەكانی پاش ڕاپەڕینی تشرینی ٢٠١٩[٢٧].

**شەڕی ئابووری لە بەسرە**

وتەبێژ بە ناوی فەرماندەی گشتیی هێزە چەكدارەكانی عێراق، "یەحیا ڕەسووڵ"، نەیشاردەوە گەندەڵی و هەوڵی حكومەتی فیدراڵی بۆ كۆنترۆڵكردنی دەروازە سنوورییەكانی بەسرە لەگەڵ بەندەرەكانی شارەكە لەپشت هەڵمەتەكانی پاكتاوكردن و كوشتنەوەن[٢٨]، سەرباری ئەمەش باوەڕێكی زاڵ هەیە كە گرووپە چەكدارەكان دەیانەوێت ئەم پارێزگا دەوڵەمەندە لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی دەوڵەت بكەنە دەرەوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر توانا و داراییەكەیدا بگرن، بەتایبەت لە سەردەمی حكومەتی كازمیدا هەوڵێك هەبوو بۆ وشككردنی سەرچاوەی دارایی گرووپە چەكدارەكان، لەم سەروبەندەشدا ئەوانەی گرووپی چەكدار بوون نزیك بوونەوە لە پارێزگاری ئێستای شارەكە كە لینكی بەهێزی هەیە لەگەڵ گرووپەكان،



"حکومەتی عێراق پلانی هەیە هێڵی شەمەندەفەر ڕابکێشێت لە بەندەری فاوی باشووری عێراقەوە بەرەو ئاوەکانی کەنداوی عەرەبی و لەوێشەوە بۆ زاخۆ لەوپەڕی سنوور لەنزیک تورکیا، ئەمەش بە ئامانجی پەیوەستکردنەوەی بەندەری فاوی ستراتیژی بە تورکیاوە پاشان ئەورووپا"

لەپڕێکیشدا هەردوو لا کەوتنە یاریکردن لەسەر مایسترۆی دروستکردنی هەرێمی بەسرە بۆ دوورخستنەوەی نەیارەکانیان[٢٩]، لە میدیای ئێرانیدا لە بارەی کوشتنی چالاکەکان پەنجەی تۆمەت بۆ "چەند ڕژێمێکی تایفی دژەشیعە" درێژ کراوە کە "بە قسەی ئەوان هەوڵی دروستکردنی فیتنە دەدات[٣٠]"، بەبێ ئەوەی زیاتر بچنە وردەکارییەوە.

**بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئێران لە بەسرە**

قەبارەی پڕۆژە ئێرانییەکان لە شاری بەسرە لە ئاستێکی بەرزدایە و بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئابووریی تاران لەقەڵەم دەدرێت کە لەم ساڵانەی دواییدا کێشەی گەمارۆ ئابوورییەکانی هەبوو، لەم میانەیەشدا لە ساڵی ٢٠١٩ قەبارەی ئەو پڕۆژانە بە ٥٠٠ پڕۆژەی هونەری و ئەندازەیی خەمڵێنراوە و پڕۆژەکانیش هێندە گەورەن کە لقی بانکە ئێرانییەکانیان لەگەڵدا کراوەتەوە بۆ ئاسانکاریی حەواڵەی دراو، لەوانەش بانکی کشتوکاڵی و بانکی ئابووری[٣١]. لەمەش گرنگتر بۆ ئێرانییەکان، هێڵی شەمەندەفەری گەیەنەری ئێرانە بە سووریا لە ڕێگەی شاری بەسرەوە، کە بە هێڵی شەلەمچە-بەسرە دەناسرێت و درێژییەکەی لەنێوان ئەم دوو وڵاتە ٣٢ کیلۆمەترە کە وادەی گەیاندنی شمەکی ئەو وڵاتە بۆ سووریا کەم دەکاتەوە



بۆ سێ ڕۆژ. ئەم پڕۆژەی پەیوەستکردنەی ئێران و عێراق بە لازقیەی سووریاوە لە تەمووزی ٢٠١٩ ڕاگەیەنراوە، کە جگە لە کاروباری بازرگانی ئەگەری زۆریش هەیە کە ببێتە سەرچاوەی گواستنەوەی چەك و پیتاك بۆ حیزبوڵای لوبنانی، هەروەها دەبێتە ڕێگایەکی جێگرەوە بەو ڕێگایەی بە ئاوەکانی کەنداودا دەڕوات، چونکە بەندەری ئیمام خومەینی دەبەستێتەوە بە بەندەری لازقیەوە لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاست[٣٢]. سەرۆککۆماری ئێران سەقفی چاوەڕوانییەکانی لەم پڕۆژەیە بەرز کردەوە بۆ ئاستێك کە عێراق ببەستێتەوە بە پاکستان و ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست و ڕووسیا و چینەوە، ئێرانیش لای خۆیەوە کاری زۆری بۆ کردووە، لەم میانەیەشدا پێکەوەبەستنی بەندەری ئیمام خومەینی و بەندەری خوڕەمشەهری لە ٢٠١٨دا بە درێژایی ١٢٠ کیلۆمەتر تەواو کردووە بە توانای ٢٠ ملیۆن تۆن لە ساڵێکدا[٣٣].

ئەو کاتەشی کە پڕۆژەی دروستکردنی بەندەری فاو هاتە ئاراوە بۆ پەیوەستکردنی عێراق بە ئاوی کەنداوی عەرەبییەوە، ئێرانییەکان گوشاری زۆریان کرد بۆ ئەوەی لە ڕێگەی چینەوە بێت، چونکە دەرچەیەکی سەرەکیی تاران بوو لە کاتی گەمارۆکان، بەڵام حکومەتی مستەفا کازمی بە پاڵپشتیی موقتەدا سەدر و پاش گۆڕینەوەی هەندێك پەیامی شەڕئامێز، پڕۆژەکەی سپاردە کۆمپانیای دایۆی چینی بە گوژمەی ٢,٥ ملیار دۆلار، ئەمەش ئەگەرچی سەرکەوتنی بڕیاری نیشتمانیی عێراقی پیشان دەدات، بەڵام هێمایەکیشە بۆ هەژموون و ڕادەی تێوەگلانی ئێران لە جومگە هەستیارەکانی عێراق[٣٤].

**بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا لە بەسرە**

ئەگەرچی باوەڕ وەهایە هەولێر و هەرێمی کوردستان ناوەندی نفوزی تورکی بن لە ناوچەکە، بەڵام ئەنقەرە لە ئەوپەڕی باکووری عێراقەوە تا دەگاتە بەسرە لە جموجووڵ و چالاکیدایە و بەم دواییانەش لە

ناوچەکانی تر زیاتر چالاکیی خۆی لە بەسرە چڕ کردووەتەوە[٣٥]. لەم میانەشدا ئەنقەرە بڕی پێنج ملیار دۆلاری وەك سپاردەی بانکی داناوە بۆ عێراق، تا لە پڕۆژەی وەبەرهێناندا بیخاتە گەڕ و ئامانجیشی لەمە بە قسەی وەزیری دەرەوە مەولوود چاوش ئۆغلۆ، بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕە بۆ ١٠٠ ملیار دۆلار لە کاتێکدا ئێستا لە دەوروبەری ١٠ ملیار دۆلاردایە، ئەم ئامانجەش کاتێك دێتە دی دەروازەیەکی تری نوێ بکرێتەوە (ئۆڤاکۆی) کە تەنها ٧کم دوورە لە سێگۆشەی عێراق-سووریا، لەگەڵ گفتی بنیاتنانی چەندین پڕۆژەی جادە و ڕێگاوبان و هیڵی شەمەندەفەر کە یەکێك لەو پڕۆژانە فڕۆکەخانەی بەسرەیە لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکانەوە[٣٦].

بەپێی میدیای تورکی، هەوڵی بێوچان بۆ کردنەوەی دەروازەی ئۆڤاکوێی بەردەوامە و گوایە دەروازەکە ئەورووپا و کەنداو بە یەک دەگەیەنێت. هەر بەپێی ئەو زانیارییە تورکیانەشی کە هەن، لە قۆناغی دووەمدا ئۆتۆبان و هێڵی شەمەندەفەر بنیات دەنرێت بۆ بەیەکگەیاندنی ئەورووپا و دەوڵەتانی کەنداو لە ڕێی ئەو دەروازەیەوە، لەم میانەیەشدا ناسڕ بەندەری وەزیری گواستنەوەی عێراق بە میدیای تورکیی وتووە عێراق خوازیارە ساتێک زووتر دەروازەکە بکرێتەوە و ڕاشیگەیاندووە بەم نزیکانە ئەنجامی باشیان دەستگیر دەبێت[٣٧].

لە چوارچێوەی ئەم کرانەوەی تورکیاشدا بەسەر بەسرە حکومەتی عێراق پلانی هەیە هێڵی شەمەندەفەر ڕابکێشێت لە بەندەری فاوی باشووری عێراقەوە بەرەو ئاوەکانی کەنداوی عەرەبی و لەوێشەوە بۆ زاخۆ لەوپەڕی سنوور لەنزیك تورکیا، ئەمەش بە ئامانجی پەیوەستکردنەوەی بەندەری فاوی ستراتیژی بە تورکیاوە پاشان ئەورووپا، بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ترانزێت لە چوارچێوەی ڕێگەی حەریری چینی کە کەنداوی عەرەبی لە ڕێگەی بەسرە و کەناڵی وشکەوە دەبەستێتەوە بە تورکیا و لەویشەوە بۆ ئەورووپا[٣٨]. ئەم گرنگییەی بەسرەش لای باڵیۆزی تورکیا؛ فاتیح یەڵدز بەوە گوزارشتی لێ کراوە کە تاقە دەروازەی

**تورکەکان چاویان لەوەیە لە ڕێگای بەسرەوە ئەورووپا بە وڵاتانی کەنداو و پڕۆژە زەبەلاحەکەی چینەوە پەیوەست بکەنەوە و لەم میانەیەشدا دەیانەوێ کێبەرکێ لەگەڵ نفوزی ئێرانییەکان بکەن و لەم میانەیەشدا گرنگیدانیان بە بەسرە زیاتر دەکەن**

دەریاییە لە عێراق، هەر لەبەر ئەمەشە بە وتەی ناوبراو تورکیا لەو بڕی پێنج ملیار دۆلارەی بۆ عێراقی تەرخان کردووە، بەسرەی لەسەرووی لیستەکەی داناوە، لە ئێستاشدا لە بەسرە نەخۆشخانەیەکی تورکی جێگای باسە کە ٩٤٪ی تەواو بووە[٣٩]، بەڵام تورکەکان نایشارنەوە کە پەلکێشانی ئێرانییەکان لەمپەرە لەبەردەمیان بەتایبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە بۆ گرووپە چەکدارەکان کار دەکەن کە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئێرانن، بەتایبەت لە بواری وزە و گازی سروشتی[٤٠].

**سیناریۆکانی ئایندەی ململانێکان لەسەر بەسرە**

- لەپاش لاوازبوونی هیواکان لەسەر نەوت، چەقی ململانێکان زیاتر لە دەوروبەری پڕۆژەی بازرگانیی دەروازەی سنووری چڕ دەبنەوە کە شاری بەسرە لە پێشەنگیان دەبێت بەو پێیەی گەرووی دەریایی عێراقە و سنووری لەگەڵ دوو دەوڵەتیش هەیە.

- پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشم شاری بەسرە زیاتر دەخاتە سەر نەخشەی گرنگیپێدان بەو پێیەی خاڵی بەیەکگەیشتنی عێراقە لەگەڵ ڕێگا چینییە چاوەڕوانکراوەکە (الحزام والحرير).

- بۆ ئێرانییەکان بەسرە جگە لەوەی سەرچاوەیەکی گرنگی داهات و ئاڵوێری بازرگانییە، جێگە هیوای ئەوەشە ببێتە ناوەندێکی گەیەنەری پڕۆژەیەکی هیڵی شەمەندەفەر کە ئێران بە کەنارەکانی سووریا و لەویشەوە بە لوبنان ببەستێتەوە، ئەمەش خەونێکی دێرینی ئێرانە.

- تورکەکان چاویان لەوەیە لە ڕێگای بەسرەوە ئەورووپا بە وڵاتانی کەنداو و پڕۆژە زەبەلاحەکەی چینەوە پەیوەست بکەنەوە و لەم میانەیەشدا دەیانەوێ کێبەرکێ لەگەڵ نفوزی ئێرانییەکان بکەن و لەم میانەیەشدا گرنگیدانیان بە بەسرە زیاتر دەکەن.

- شەڕی دەوڵەت و گرووپە چەکدارەکانی "لا دولة" سیمای زاڵ دەبێت بەسەر شارەکەدا بە هۆی باڵادەستیی گرووپەکان و ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە شارەکەدا دروستیان کردووە.

- لاوازیی حکومەتی ناوەند و سەرقاڵیی بەغدا بە کێشە کەڵەکەبووەکانی خۆیەوە، وەها دەکات بەردەوام مشتی لەم شارەدا کە پایتەختی ئابووریی عێراقە؛ لاوازتر بێت.

- تەقینەوەی دانیشتووان و پێکهاتەی عەشایەری و بڵاوبوونەوەی یاخیبوون لە شارەکە، بە شێوەیەکی بەردەوام ڕەوشی ئاسایشی شارەکە دوور دەخاتەوە لە ڕامکردن و کۆنترۆڵکردنی شارەکە، یەکێك دەبێت لە تەحەدا گەورەکانی هەر حکومەتێك کە لە داهاتوو جڵەوی کاروباری بگرێتە دەست.

سەرچاوەکان

(١) جواد كاظم النصر الله، دراسة في أهمية البصرة، https://www.basrahcity.net/pather/report/basrah/٠٦.html

(٢) وزارة التخطيط، مديرية احصاءات السكن والقوى العاملة (تموز ٢٠١٨): تقديرات سكان العراق ٢٠١٥_٢٠١٨، ص ٨٨.

(٣) وزارة النفط، شركة نفط البصرة (٢٠١٦/٣/٨)، https://boc.oil.gov.iq/index.php?name=Pages&op=page&pid=١٠٩

(٤) عادل عبدالزهرة شبيب (٢٠١٩/٣/٦)، تهريب النفط الخام ومنتجاته أحد أوجه الفساد، https://www.azzaman.com/%D٨%A٨%D٩%AA%D٨%A٧%D٨%B١%D٩%A٨%D٨%%A٨-،

(٥) اندبندنت عربية، البصرة عاصمة العراق الاقتصادية... قانون لم يُطبق، https://www.independentarabia.com/node/٧١٠١

(٦) الحرة (٢٠١٨/١٠/٨)، البصرة.. ضبط 'أكبر' وكر لتهريب النفط، https://www.alhurra.com/iraq/٢٠١٨/١٠/٠٨/%D٨%A٧%D٩%A٤%D٨%A٨%D٨%B٥%D٨%B١%D٨%A٩-

(٧) شبيب، مصدر سابق.

(٨) الخليج أون لاين (٢٠١٩/٤/١٣): مليشيات العراق تجني المليارات عبر تهريب النفط إلى الإمارات وإيران، https://alkhaleejonline.net/%D٨%A٧%D٩%A٨%D٨%D٨%AA%D٨%B٥%D٨%A٧%D٩%D/%AF%D٨%٥%D٩%A٤%D٩%A٨%D٨%A٩%D٨

(٩) مركز الروابط (٢٠١٧)، البصرة تدور في فلك فساد الأحزاب والمليشيات و مطالبات بإقليم خاص، https://rawabetcenter.com/%D٨%A٧%D٩%A٤%D٨%A٨%D٨%A٨%D٨%B٥%D٨%B١%D٨%A٩-%B٥

(١٠) الجزيرة (٢٠/٦/ ٢٠١٩) الآلاف يتظاهرون في البصرة ضد "الفساد وسوء الخدمات"، https://www.aljazeera.net/news/politics/٢٠١٩/٦/٢٠/%D٨%A٧%D٩%A٤%D٨%B٩%D٨%B١%D٨%A٧%D٩%A٨٢-

(١١) الجزيرة نت (٢٠١٩/٦/٢٩)، بالصور.. مظاهرات البصرة تعود من جديد، https://www.aljazeera.net/news/politics/٢٠١٩/٦/٢٩/%D٨%A٧%D٩%A٤%D٨%B%D٨%B١%D٨%A٧%D٩%A٩٢-%D٨%٩

(١٢) عثمان المختار (٢٠٢٠/٣/٢)، تظاهرات العراق: ٥ أشهر من تحطيم القيود والمعادلات، https://www.alaraby.co.uk/%D٨%A٧%D٨%AA%D٨%B٨%D٨%A٧%D٩%D٨%A٧%D٨%B١%D٨%AA-%D٨

(١٣) مصدر سابق؛ د. د.قاسم حسين صالح (٩/ ١٢/ ٢٠١٩)، تظاهرات تشرين،https://almadapaper.net/view.php?cat=٢٢٣٢٥٠.

(١٤) البصائر، (١٢/١٣/ ٢٠١٩)، البصرة.. تظاهرات لحملة الشهادات العليا دعمًا لانتفاضة تشرين، https://albasaernewspaper.com/news/iraq-news/٧٠٦٧٩

(١٥) د. محمود القبطان (٢٠١٩/١٠/١٧)، انتفاضة تشرين ٢٠١٩، https://www.iraqicp.com/index.php/sections/platform/٢٦٢١٣-٢٠١٩-٤

(١٦) المفوضية العليا لحقوق الانسان في العراق (٢٠٢٠/٨/٢٢)، مفوضية حقوق الانسان تطالب رئيس الحكومة بالتصدي بحزم لظاهرة اغتيال الناشطين المدنيين، http://ihchr.iq/index.php?name=News&file=article&sid=٣٥٨٩

(١٧) يونامي (٢٧/ ٨/ ٢٠٢٠)، الأمم المتحدة: المساءلة عن انتهاكات حقوق الإنسان أثناء الاحتجاجات السلمية أمرٌ أساسيّ، http://www.uniraq.com/index.php?option=com_k٢&view=item&id=١٢٧٨٠:%D٨%A٧%D٩%A٤%D٨%A٣%D٩%٨٥%D٩%٨٥-%D٨%A%D٨%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٥%D٨%D٨%AA%D٨%AD%D٨%AF%D٩%A٩-%A٩

(١٨) حميد الكفائي (٢٠١٨/٨/٢٤)، من ينتبه العالم إلى خطر الفاشية الإيرانية، https://www.skynewsarabia.com/blog/١٣٧١٣٣٧-%D٩%D٩%A٨%٨٦%D٨%D٨%AA%A٨%D٩%A٧%٨

(١٩) المدى (١٥/٨/ ٢٠٢٠)، ٢١ طلقة تمزق جسد الناشط تحسين الشحماني والسلطات تلتزم

الصمت، https://www.almadapaper.net/view.php?cat=٢٢٩٢٩٣

(٢٠) يونامي (٢٠٢٠/٨/٢٦)، إحاطة الممثلة الخاصة للأمين العام للأمم المتحدة في العراق السيدة جينين هينيس-بلاسخارت المقدمة الى مجلس الأمن، http://www.uniraq.com/index.php?option=com_k٢v&view=item&id=١٢٧٦٨:%D٨%A٥%D٨%D٨%AD%A٧%D٨%B٧%D٨%A٩-%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٥%D٩%٨٥%D٨%D٩%AB%٨٤%D٨%A٩-

(٢١) العراق نت (٢٠٢٠/٨/١٥)، وكيل السيستاني: كلكم سيشيعكم القاتل ويشرب نخبكم المفتي قارورة الدم!، https://aliraqnet.net/%D٩%٨٥%D٨%B٩%D٩%D٩%٨٤%D٨%٨٢%D٨%A٧-%D٨%B٩%D٩%٨٤%D٩%٨٩-

(٢٢) الجزيرة نت، مصدر سابق.

(٢٣) وكالة مهر الإيرانية (٢٠١٨ /٩/١٣)، دور القنصلية الامريكية في البصرة في تحريك الشارع العراقي، https://ar.mehrnews.com/news/١٨٨٧٦١٨/%D٨%A٨%D٨%D٩%F%٨٨%D٨%B١-

(٢٤) المصدر نفسه.

(٢٥) المصدر نفسه.

(٢٦) ناس نيوز (٢٠٢٠/٨/٢١)، كاظم الصيادي يهاجم الناشطة رهام رغم اغتيالها: ‹عميلة للسفارة"، https://www.nasnews.com/view.php?cat=٣٨٣٩٣

(٢٧) إندبندنت عربية (٢٠٢٠/٨/٢١)

(٢٨) ناس نيوز، (٢٠٢٠/٨/٢٤)، الناطق باسم القائد العام يحدد "سبباً رئيسياً" وراء الأحداث في البصرة، https://www.nasnews.com//view.php?cat=٣٨٦٤٩.

(٢٩) أندبندنت عربية، مصدر سابق.

(٣٠) علي مارد الأسدي، تغريدة على تويتر https://twitter.com/Alimared/status/١٠٨١٠٣١٠٧٧٨٠٩٣٨٩٢١?s=١٩

(٣١) صوت العراق (١٦/ ٥/ ٢٠١٩)، طهران تعتزم تنفيذ ٥٠٠ مشروع في البصرة وشركات تفتيش سلع ايرانية بدلاً من عراقية، https://www.sotaliraq.com/٢٠١٩/٠٥/١٦/%D٨%A٧%D٩%٨٧%D٨%B١%D٨%A٧%D٩%D٨%B٧%D٩%A٧

(٣٢) قناة (ار تي) مشروع كبير يربط بين إيران وسوريا عبر الأراضي العراقية، https://arabic.rt.com/middle_east/١٠٢٩٧٦٤-

(٣٣) العربي الجديد (٣ / ٧/ ٢٠١٩)، مشروع سكك حديد يربط إيران باللاذقية عبر العراق، https://www.alaraby.co.uk/%D٩%٨٥%D٨%B٤%D٨%B١%D٩%٨٨%D٨%B٩-

(٣٤) العرب (٢١/ ١٢/ ٢٠٢٠) مشروع ميناء الفاو العراقي يراوغ حسابات إيران وميليشياتها، https://alarab.co.uk/%D٩%٨٥%D٨%B٤%D٨%B١%D٩%٨٨%D٨%B٩-

(٣٥) الجزيرة نت (٢٥/ ٦/ ٢٠١٩)، تركيا في العراق.. كيف استطاعت أنقرة أن توسع نفوذها في بغداد؟، https://www.aljazeera.net/midan/reality/politics/٢٠١٩/٦/٢٥/%D٨%D٨%AA%١B%D٩%٨٣%D٩%D٨%A٨-%A٧-%D٩%٨١%D٩%A٨-

(٣٦) milliyet ( ٣/ ٣/ ٢٠١٩)، www.milliyet.com.tr/yazarlar/didem-ozel-tumer/irak-ta-dev-projeler-turkleri-bekliyor-٢٨٦٧٦٣٧

(٣٧) yenisafak (٣/ ٣/ ٢٠٢١)، Kısa sürede açmak istiyoruz، https://www.yenisafak.com/dunya/kisa-surede-acmak-istiyoruz-٣٦٠١٨٥٨?fbclid=IwAR٣qP١oE٨aLaWSLeWYdsPKtlyKHYN٦UjG٨vUUoUj٣diWp٦٤eCGh٣MGopVXb٧

(٣٨) العربي الجديد (٢٣/ ١/ ٢٠٢١) العراق يكشف عن مشروع للسكك الحديدية يربط البصرة بحدوده مع تركيا، https://www.alaraby.co.uk/economy/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٨%B١%D٨%A

(٣٩) صحيفة ديلي صباح (٢١/ ١/ ٢٠١٩)، السفير التركي ببغداد يؤكد أن قنصلية بلاده في البصرة "ستفتح أبوابها قريبا"، https://www.dailysabah.com/arabic/politics/٢٠١٩/٠١/٢١/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%

(٤٠) TRT عربي (٧ / ٥/ ٢٠٢٠)، كيف تعزز إيران من سيطرتها الاقتصادية على العراق، https://www.trtarabi.com/issues/%D٩%٨٣%D٩%D٩%A٨%٨١-

# فاکتەری کوردی لە پەیوەندییەکانی عێراق-چیندا




هۆشمەن عەتا
توێژەر

**بەرایی**

پەیوەندییەکانی عێراق و چین مێژووییەکی دوورودرێژیان هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان، بەتایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سەردەمی عەباسییەکان ئەو پەیوەندییە گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بە جۆرێك کە پەیوەندییەکانی ئیمپڕاتۆریای ئیسلام و ئیمپڕاتۆریای چینی بردووەتە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەت لە چوارچێوەی ڕێگای ئاوریشم پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکان پەرەیان سەندووە. سەرباری ئەوەش، عێراق کەوتبووە ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگ لە گرێدانی پەیوەندییەکانی چین و ئەورووپا، بۆیە هەر لەو قۆناغەوە چینییەکان پێگەی جوگرافیی عێراقیان بەلاوە جێی بایەخ بووە. هەر چەندە لە سەدەی بیستەم عێراق ناوچەی هەژموون و کۆڵۆنییەکی بەریتانی بوو، تەنانەت دوای سەربەخۆیی عێراقیش ڕژێمی پادشایەتی لەو وڵاتە وابەستەی بەریتانیا بوو، بەڵام دۆخەکە بەتەواوی گۆڕدرا لەدوای شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراقدا، کە تیایدا ڕژێمێك هاتە سەر تەخت کە بە ڕواڵەت دۆستی کۆمۆنیزم و نەیاری ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی بوو، ئەوەش دەرفەتێك بوو بۆ چین و عێراق کە پەیوەندیی دیبلۆماسیی دوولایەنە دابمەزرێنن و کونسوڵخانەی هەردوو وڵات لای یەکدی بکرێنەوە.

بە درێژایی سێ دەیە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی عێراق و چین بەردەوام بوون، بەڵام بە هۆی جەنگی کەنداو لە ١٩٩١ و لێکەوتەکانی چین، فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی و شتومەکی بە عێراق ڕاگرت، ئەویش بە هۆی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. هەر




"

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی زیندوو و جێ بایەخە لە تۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی چیندا. چین یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ چواردە دەوڵەتی ئەم ناوچەیەدا واژۆ کردووە، هەر لە کەنداوی فارسەوە دەست پێ بکە تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ئەوبەری دەریای سوور

"

چەندە لە تەمموزی ٢٠٠٧دا جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری عێراق سەردانی چینی کرد، ئەوەش دەرگای بە ڕووی کرانەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵاتدا کردەوە. بەڵام دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی عێراق و چین دوو جار پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە، یەکەمیان دوای پاشەکشەی بەریتانییەکان لە عێراق لە ١٩٥٨، دووەمیان دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لەو وڵاتە لە ٢٠١١. لە ئابی ٢٠١١دا، نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق سەردانێکی فەرمیی چینی کرد و دواتریش لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٢دا باڵوێزخانەی چین دەستی بە کاری ڤیزا و خزمەتگوزارییەکانی کردەوە، بەوەش پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات چوونە قۆناغێکی نوێوە .

**گرنگیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیژی جیهانیی چیندا**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی زیندوو و جێ بایەخە لە تۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی چیندا. چین یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ چواردە دەوڵەتی ئەم ناوچەیەدا واژۆ کردووە، هەر لە کەنداوی فارسەوە دەست پێ بکە تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ئەوبەری دەریای سوور. لەو چوارچێوەشدا ئەو وڵاتانە بەپێی گرنگییان لە ڕوانگەی چینەوە بەسەر چوار پێوەردا پۆلێن کراون، عێراق لە پلەی سێیەمە لەگەڵ هەندێك دەوڵەتی دیکەی وەك ئوردن، کوێت، عومان و قەتەر .

لێکۆڵەری چینی هو بینگ بینگ بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پوختەی سیاسەتی دەرەوەی چینی لەم ناوچەیە بەم شێوەیە داڕشتووە: "ڕەتکرنەوەی هەر هێزێك کە تاکلایەنە دەست بگرێت بەسەر ناوچەکەدا، ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە پشتگیرییەکی فەرمی دەربارەی ئەو هێزانەی کە داوای سەربەخۆیی تایوان دەکەن یان ئەو هێزە جوداخوازەکانی تر بەتایبەت لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە، ڕێگرتن لە دەرکەوتنی هەر جۆرە ڕژێمێکی دژە چینی لە ناوچەکەدا، لە کۆتاییشدا بەدەستهێنانی پشتگیریی گونجاو بۆ سیاسەتی دەرەکیی چین لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە ."

لە چەند دەیەی ڕابردوودا چین بووەتە یاریکەرێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو وڵاتە ناچار بووە کاروبارەکانی لەو ناوچەدا زیاتر و بەهێزتر بکات، ئەویش بە هۆکاری ئەوەی ئابووریی چین گەشەی زۆری کردووە لە ناوچەکەدا، ئەوەش هانی حکومەتی چینی داوە کە زیاتر بەبایەخەوە لە ناوچەکە بڕوانێت. بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە، چین خاوەن ئامادەیی و ڕابردوویەکی قووڵی مێژوویی نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە بە هێزێکی تازەی ئەزموونەکراو دەبینرێت. لەو پێناوەشدا چین زۆر بەوریاییەوە هەنگاوەکانی هەڵدەگرێت، بەتایبەت لە پەیوەست بە ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی وڵاتان لە بواری ئاسایش و سیاسەتدا .

لەمڕۆدا پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر لە دوو بواردا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش پرسی وزە و دەستپێشخەریی یەك ڕێگا و یەك پشتێنن (Belt and Road Initiative (BRI))، هەندێك بە ڕێگای ئاوریشمی نوێ ناوی دەبەن کە لە (٢٠١٣)ەوە لەلایەن سەرۆکی ئێستای چین (زی جی پینگ) لە دوو بۆنەدا ڕاگەیەنرا، یەکێکیان لە وتارێك لە کازاخستان و ئەوی دی لە هەمان ساڵدا لە وتارێك لە مالیزیا ئاماژەی پێ دا. ڕێگای ئاوریشمی نوێ یەك ڕێگا نییە و بریتییە لە تۆڕێک ڕێگای دەریایی و وشکانی کە چین بە ناوچە جیاوازەکانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەفەریقا دەگەیەنێت.

پەیوەست بە پرسی وزە، لە ٢٠١٥دا چین بووە گەورەترین و دیارترین هێزی جیهانیی هاوردەکاری نەوتی خاو، نزیکەی نیوەی ئەو بڕەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دێت. لەپاڵ ئەوەشدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگی جیهاندا هەڵکەوتووە کە قارەکانی ئاسیا، ئەورووپا و ئەفەریقا بەیەکەوە دەبەستێت، ئەوە وا دەکات کە ناوچەکە جێ بایەخ بێت بۆ داهاتووی ڕێگای ئاوریشمی نوێ. هەر چەندە لە ئێستادا سیاسەتی دەرەکیی چین زیاتر چاوی لەسەر عەرەبستانی سعودی و ئیماراتە، ئەویش بە هۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە بواری بازاڕی وزەدا هەیانە .

بۆ ئەوەی وێنە گەورەکە ببینین و لە ڕوئیای چین تێبگەین، باشتر وایە هەندێك لەو بەڵگەنامانە بکۆڵینەوە کە حکومەتی چین بەفەرمی ڕایگەیاندوون. یەکێك لەو بەڵگەنامانە کە لە ٢٠١٥دا دەرکراوە، بریتییە لە "ڕوئیا و کاروباری دروستکردنی هاوبەشی پشتێنی ئابووریی ڕێگای ئاوریشمی و ڕێگای ئاوریشمی دەریایی سەدەی بیست و یەکەم Vision and Actions on Jointly Building) ٢١st- Silk Road Economic Belt and (Century Maritime Silk Road" .

هەروەك دینگانگ ئاماژەی پێ کردووە، دیدی چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە سیستمێکی فرەجەمسەری کە پشت ببەستێت بە: دەستوەرنەدان، هەماهەنگیکردن، لەگەڵ دەوڵەتانی تردا وا دەکات سەقامگیری گەشە بکات لە ڕێگای "ئاشتیی گەشەکردوو" (developmental peace) نەك دیدی ڕۆژئاوایی "ئاشتیی دیموکراتی" (democratic peace). ئەوەش بەتایبەت کاتێك سەر دەکەوێت ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خێراتر بکات، ئەوەش وا دەکات کە چین ناچار بێت خۆی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت. هەر چەندە لەوانەیە ئەوە خواستی چین نەبێت کە ئامادەیی سەربازی و ئەمنیی خۆی لە ناوچەکە زیاد بکات، بەڵام دواجار بۆی دەردەکەوێ کە هیچ بژاردەیەکی تری نییە، لە هەمان کاتدا وا دەکات کە چین بێتە ناو کێشە

قووڵ و مێژوویەکانی وڵاتانی ناوچەکەوە .

لە پەیوەست بە عێراق لەناو ئەو هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبینین لە ۲۰۱۸دا عێراق لە پلەی چوارەمی وڵاتانی فرۆشیار و هەناردەکاری نەوتە بە چین، ئەویش دوای ڕووسیا و ئەنگۆلا و عەرەبستانی سعودیەوە. ڕاگرتن و مانەوەی ئەو مامەڵە بازرگانییە بۆ عێراق زۆر پێویستە، چونکە ئەو وڵاتە بە چەندین جەنگ و ململانێی ناوخۆییدا تێپەڕیوە، پێویستی بە یارمەتیی چین هەیە تاوەکوو پەرە بە سەرخان و ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکەی بدات. یارمەتییەکی لەو جۆرەش، لەوانەیە لە دوورمەودادا لێکەوتەی زۆری هەبێت لەسەر وڵاتەکە.

**گرنگیی عێراق بۆ چین**

لەو کاتەوەی کە کۆڕبەندی چین-دەوڵەتانی عەرەبی لە (۲۰۰٤)ەوە بەستراوە، چین زیاتر خۆی نزیکتر دەکاتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەندین شێواز، لەوانە: پێدانی قەرز بە سوودێکی کەم بە وڵاتانی ناوچەکە، وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریی وڵاتان، تەنانەت لە هەندێك حاڵەتدا لە چەندین ملیۆن دۆلاری قەرز خۆش بووە. لە ۲۰۱۰دا، بۆ نموونە بە ڕێژەی ۸۰٪ لە قەرزەکانی عێراق خۆش بوو لە کاتێکدا چین نزیکەی نیوەی ئەو نەوتە دەکڕێت کە لە عێراق بەهەم دەهێنرێت. کۆمپانیا نیشتمانییەکانی بواری نەوتی چین (NOCs)؛ یەکێکن لەو کۆمپانیا پێشڕەوانەی که لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەدا کار دەکەن، لە عێراقدا پشکی بەرچاویان هەیە لە کێڵگە نەوتییەکانی ئەلعەهد، حەلفایە و ڕومەیلە .

پەیوەندییەکانی عێراق و چین لەدوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە ۲۰۱۱، بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆوە بینی، لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی سەرۆکوەزیران نووری مالیکی (۲۰۱۰-۲۰۱٤)، بەتایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە ئاستی هەناردەی کاڵای چین چەند قات زیادی کرد، ئەوە جگە لەوەی کە هەناردەی نەوتی عێراق بۆ چینیش زیادی کرد. بەڵام دوای ئەوەی کە هێزەکانی داعش لە حوزەیرانی ۲۰۱٤ بەشێکی زۆری خاکی عێراقیان داگیر کرد و هەڕەشەی جددی لەسەر مانەوەی عێراق وەك دەوڵەت هەبوو، چونکە ئەو هێزانە ڕاستەوخۆ بەڕێوە بوون بەرەو بەغدادی پایتەخت، ئەوەش کاردانەوەی ناخۆیی و نێودەوڵەتیی بەدوادا هات. ئەمەریکا سەرپەرشتیی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیی کرد بۆ لەناوبردنی داعش و گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق، ئەگەرچی لەو هاوپەیمانییەدا چین بەشدار نەبوو، چونکە نەیدەویست خۆی تێکەڵ بە ململانێ خوێناوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، کەچی دوای لەناوچوونی داعش و هەڵبژاردنەکانی ۲۰۱۸، سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی بە شاندێکی گەورەوە بە سەردانێکی فەرمی سەردانی چینی کرد و ئەو

سەردانە تاوەکوو ئێستاش لێکەوتەکانی بە عێراقەوە بەجێ ماوە.

ئەو شاندە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٩دا سەردانی چینی کرد، شاندەکە لەلایەن عەبدولمەهدییەوە سەرۆکایەتی دەکرا، لەگەڵ شەش وەزیری تایبەتمەند، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، چوار ڕاوێژکار، لەگەڵ پانزە پارێزگاری شارە جیاوازەکانی عێراق (بە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیشەوە)، لە ئەنجامدا هەشت ڕێککەوتننامە و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی لەنێوان هەر دوو وڵاتدا ئەنجام دران .

بەگوێرەی ڕاگەیەنراوێکی ماڵپەڕی فەرمیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، سەرۆکوەزیران عەبدولمەهدی لە وتارێکدا لە چین پەسنی ڕێنیسانس و پێگەی ئابووریی چینی کردووە. هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە زیادبوونی ساڵانەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان دوو وڵاتدا لە بەرژەوەندیی عێراقە، چونکە عێراق بە درێژایی چەندین دەیە زۆری چەشتووە بەدەست کارەسات و جەنگ و تیرۆریزمەوە، بۆیە عێراق چاوی لە بووژانەوەی ڕۆژهەڵاتە، لەو ڕێگەیەشدا پەیوەندییەکی تایبەت و لەمێژینەی هەیە لەگەڵ چین و هیندستاندا .

**نەخشەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ (BRI)**

شاندەکەی عێراق چەندین ڕێککەوتننامە و یاداشتی لێکتێگەیشتنی ستراتیجی و گرنگی بۆ عێراق واژۆ کردبوو، لە گرنگترین ئەوانە "arithmetic credit" بوو کە تیایدا عێراق ڕۆژانە بڕی ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو دەداتە چین، لە بەرانبەردا کۆمپانیا چینییەکان چەندین پڕۆژەی ستراتیژیی گرنگ لە عێراقدا ئەنجام دەدەن لە بوارەکانی: ڕێگاوبان، ڕێگای ئاسن، خەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، کۆمەڵگای نیشتەجێبوون، بەندەرەکان، بواری وزە، بەنداوەکان و چەندین پڕۆژەی تری بواری ژێرخان کە تیایدا وای دەکرد لە عێراق کە شارەکانی لە ماوەیەکی کورتدا بونیاد بنێتەوە و پاشان هەنگاو هەڵبگرێ بەرەو گەشەکردن و بونیادنانەوە. گرنگیی ڕێککەوتنەکە لەوەدابوو ئەم ڕێککەوتنە بە ئامادەیی دوو فیگەری سەرەکی و گەورەی چین واژۆ کراوە کە بریتین لە سەرۆکی کۆماری گەلی چین و سەرۆکی ئەنجوومەنی گەل، ئەوەش مکوڕبوونی چین دەردەخات بۆ هاتنەناوەوە بۆ عێراق و بەستنەوەی ئابوورییەکەی بە چینەوە.

شاندەکە چەندین یاداشتی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگیی تری ئەنجام دابوو لەنێوان وەزیرەکانی هەردوو وڵات، لەوانە: وەزیرانی بازرگانی، کاروباری دەرەوە، ناوخۆ، نەوت، دارایی، کارەبا، ڕۆشنبیری و پیشەسازی. ئەو جگە لە چالاککردنی بواری دیپلۆماسیی دوولایەنە، هاوکاریی مرۆیی چین بۆ عێراق، هەروەها ڕێککەوتنێکی تر ئەنجام درا.

لەسەر ئاستی ئاسایشی پەرەدانی

تەکنەلۆجی بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان، لەگەڵ یاداشتنامەیەکی تر بۆ ژیاندنەوەی فڕۆکەخانەی ناسڕیە و ڕێککەوتنێکی تر لەنێوان وەزیری گەیاندن و دامەزراندنی کتێبخانەی چین لە زانکۆی بەغداد و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی بەپێز بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ئۆفیسی دەریایی چین لە ڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا عێراق ڕایگەیاند کە ئامادەیی تێدایە هاوکاریی چین بکات بۆ دامەزراندنی ڕێگای ئاوریشمی نوێ. لەلای خۆیشیەوە سەرۆکی چین؛ شی جین پینگ خواستی گەورەی وڵاتەکەی دەربڕی لە بارەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ عێراقدا، عێراقی وەك هاوبەشێکی ستراتیژی و گرنگ دانا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خواستی وڵاتەکەشی دەربڕی بۆ وەبەرهێنان لە عێراقدا بۆ بووژانەوە و گەشەپێدانی وڵاتەکە لە بواری پیشەسازیی ناوخۆیی و کێڵگەی نەوتی نوێ و بونیادنانی شاری نوێ، بەندەر و ڕێگاوبان...، هەروەها بونیادنانی تۆڕی پەیوەندییەکانی نەوەی پێنجەم (5G) لە عێراق.

بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەو ڕێککەوتنە تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ماوەیەکی کەم دوای گەڕانەوەی شاندەکە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، خۆپیشاندانی جەماوەریی گەورە لە بەغدادی پایتەخت و شارەکانی تری عێراق دەستیان پێ کرد، خۆپیشاندانەکان بۆ ماوەی چەند مانگ بەردەوام بوون، هۆکارەکەش بریتی بوو لە خراپیی دۆخی ئابووری و بێکاری و کەمیی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، بەڵام بە بڕوای هەندێك لە چاودێران، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەپشت خۆپیشاندان و هاندان و جووڵاندنی شەقامی عێراقی بووە دژی کابینەکەی عەبدولمەهدی، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەو ڕێککەوتنانە دەگەڕێنەوە کە ئەو لەگەڵ چین واژۆی کردوون، بە جۆرێك کە عێراق بەتەواوی دەکەوتە ژێر کاریگەریی چینەوە. ئەگەرچی تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی تەواو یان لێدوانێکی فەرمی لەو بارەوە ڕانەگەیەنراوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە عادل عەبدولمەهدی پاشەکشەی پێ کرا و سەرۆکوەزیرێکی دۆستی ئەمەریکا شوێنی گرتەوە. هەر دوای ئەو ئاڵوگۆڕە، سەرۆکی نوێ؛ مستەفا کازمی سەردانی واشنتۆنی کرد و لەلایەن سەرۆك دۆناڵد ترامپەوە پێشوازییەکی بێوێنەی لێ کرا و چەندین ڕێککەوتننامەی ئابووری و بازرگانی و کولتووریی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان گرێ دا.

**پرسی کورد لە عێراقدا**

کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراق، جوگرافیاکەی هەڵکەوتووە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە، هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، تورکیا و سووریا. بۆ ئەوەی عێراق بگات بە تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا، لە ڕێگەی

وشکانییەوە پێویستە بە کوردستاندا تێپەڕێت، ئەوەش وا دەکات کوردستان پێگەی گرنگی هەبێت لە بەشداری لە پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ. لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و لەو کاتەی کە بەریتانیا عێراقی داگیر کرد و دواتر ئەو وڵاتەی دروست کرد، پرسی کورد بە یەکێك لە هەستیارترین پرس لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا ماوەتەوە. هەر چەندە لە سەرەتاوە کوردەکان هەوڵی سەربەخۆییان دەدا بە ڕابەریی شێخ مەحموود، بەڵام لە دواتردا کەوتنە ژێر دیفاکتۆی سنوورە دەستکردەکانەوە و گوتاری سیاسییان گۆڕی بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا و دواتریش بۆ فیدراڵی. هەر چەندە بە ڕواڵەت شێوە ئۆتۆنۆمییەك لە ١٩٧٠ درا بە کوردستان، دواتریش لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠٣، دەستووری نوێ نووسرایەوە و ڕژێمێکی دیموکراتی دروست کرا کە تیایدا سیستمی فیدراڵی چەسپێنرا، بەڵام هێشتا چەندین کێشە هەن کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، بۆیە ناکۆکی و تەنگژەکان تا ئێستاش بەردەوامن. بەڵام بەگشتی کورد بووەتە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی عێراق و لە پرۆسەی بڕیاری سیاسیی عێراق، ئەوە جگە لەوەی دەسەڵاتی تەواویان لە هەرێمی کوردستان هەیە کە زۆر زیاترە لەوەی کە لە سیستمە فیدراڵییە هاوشێوەکاندا هەیە.

لە پەیوەست بە سیاسەتی دەرەکیی چین و پرسی کورد لە عێراقدا، بۆ ئەوەی لە دیدی چین تێبگەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بەها و ستراتیژەکانی ئەو وڵاتە بۆ سیاسەتی دەرەکی، چین پێنج بنەمای سەرەکیی لە سیاسەتی دەرەکی داڕشتووە وەك پێوەر کاریان لەسەر دەکات، ئەوانیش پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ڕێزگرتنی دوولایەنە، سەروەری، یەکپارچەیی خاك، دوژمنایەتینەکردنی یەکتر، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی یەکترن .

چین پشتگیریی پرۆسەی ئاشتی دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەروەها پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەڵەستین دەکات بە سەروەریی تەواوەوە، بە پشتبەستن بە سنوورەکانی پێش ساڵی ١٩٦٧ و ڕۆژهەڵاتی قودس پایتەختەکەی بێت . هەر چەندە ماو زیدۆنگ لە چەند بۆنەیەکدا پشتگیریی پرسی کوردی کردووە، بەڵام هێشتا هەڵوێستی فەرمیی چین ناڕوونە دەرهەق بە پرسی کورد و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەوانەیە ئەوە پەیوەندیی بە پرسی تایوانەوە هەبێت کە چین لە بەرانبەریدا زۆر هەستیارە و وەك ناوکی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینێت. پرەنسیپی یەکگرتوویی چین مەرجی یەکەمە لەلایەن چینەوە لە دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و ڕێکخراوە هەرێمییەکان وەك ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو. وڵاتە عەرەبییەکانیش هەمیشە دەرکیان بە گرنگیی پرەنسیپی

یەکگرتوویی چین کردووە، خۆیان بەدوور گرتووە لەوەی کە پەیوەندیی فەرمییان لەگەڵ تایواندا هەبێت، پشتگیریی چینیان کردووە لە پەرەپێدانی ئاشتییانەی پەیوەندییەکانی چین و تایوان و یەکپارچەیی خاکی چین، چین بۆ ئەوەش پێزانینی گەورەی هەیە.

**بۆچی گرنگە چین هاوسەنگی ڕابگرێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر و بەغداد؟**

هەروەك ئاماژەی پێ درا، کورد پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە، نزیکەی ٢٠٪ی خاکی عێراق؛ کوردستانە. ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان کەمێك لەو ڕێژەیە کەمترە. هەروەها هەڵکەوتەیەکی جیۆستراتیجیی گرنگی هەیە، وەك کۆریدۆرێك وایە بۆ سەرکەوتنی دەستپێشخەریی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، بە جۆرێك کە ئەگەر ڕێگا لە عێراقەوە بێت یان لە ئێران، دەبێت بە هەرێمدا تێبپەڕێت بۆ ئەوەی بگات بە تورکیا. لە کاتێکدا کە کوردەکان هاوپەیمان و دۆستی ڕۆژئاوان، بەتایبەتی ئەمەریکا، ئەستەمە بەبێ ئیمتیازی گەورە لەگەڵ چینییەکان هاوکاری بکەن و ئەمەریکاش دەتوانێت کوردەکان بەکار بهێنێت بە لەمپەر دروستکردن لەبەردەم ئەو پڕۆژەدا.

لە لایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە یەدەگی نەوت و گاز و چەندین کانزای نەسەلمێنراوی تر، کە ئەوەش زۆر گرنگە بۆ کۆمپانیا چینییەکان کە وەبەرهێنانی تێدا بکەن، لە کاتێکدا لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا جیاوازەکانی چین لەوێدا کار دەکەن. پێشبینی کراوە کە قەبارەی یەدەگی نەوتی هەرێم ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت بێت، لە (٢٠٠٧)ەوە کوردەکان سەرقاڵی دەرهێنانی نەوتن و لە (٢٠١٤)ەوە بەسەربەخۆیی لە بازاڕە جیهانییەکان نەوت دەفرۆشن، ئەوەش وا دەکات کە کوردستان ببێتە ئەکتەرێك ئەگەرچی بچووکیش بێت لە بازاڕی نەوتی جیهانیدا. لە لایەکی دیکەوە غاز وەك کانزایەك بایەخی ستراتیجیی لەمڕۆدا لە زیادبووندایە، هەرێمی کوردستان یەدەگی غازەکەی پێشبینی کراوە بە (٢٠٠ ترلیۆن پێ سێجا، یان ٥،٦٧ تریلۆن مەتر سێجا)، کە دەکاتە ١،٥-٣٪ی یەدەگی تەواوی جیهان لە غازدا. هەموو ئەوانە وا دەکات کە هەرێم ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە بازاڕی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**نەخشەی ژێرخانی نەوتی لە هەرێمی کوردستان**

لە لایەکی ترەوە کوردستان هەڵکەوتەیەکی جیۆپۆلەتیکیی گرنگی هەیە، لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا وڵاتانی ئەورووپی، ڕووسیا و ئەمەریکا هەمیشە کوردیان بەکار هێناوە و بەکاری دەهێنن بۆ ملکەچپێکردنی وڵاتانی وەك تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا. دوو نموونەی هەرە دیار بریتین لە کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦ لە ئێران، لەو کاتەدا ڕووسەکان پشتگیریی هەمەلایەنەی

ئەو قەوارەیان دەکرد، بەڵام لەبەرانبەر پێدانی ئیمتیازی نەوتی بە کۆمپانیا ڕووسییەکان لە باکووری ئێران پشتیان تێ کرد و بەوەش سوپای ئێران گەڕایەوە هەموو ناوچە کوردنشینەکان و کۆتایی بە قەوارەکە هێنا. نموونەیەکی تر بریتییە لە پشتگیریی ئەمەریکا-ئێران-ئیسرائیل بۆ کورد لە ١٩٦١-١٩٧٥، بۆ فشارخستنە سەر عێراق تا لە سۆڤیەت نزیك نەبێتەوە، کاتێك عێراق هاتە ژێر بار و ڕێککەوتننامەی جەزائیری لە ١٩٧٥ لەگەڵ ئێران واژۆ کرد، هەرسێ وڵات کوردیان بەجێ هێشت و بەوەش شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا.

بە دیویێکی تردا، لەدوای جەنگی سارد و جەنگی کەنداو لە ١٩٩١دا، پرسی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بایەخی زۆری پەیدا کردووە. کاتێك عێراق لەژێر گوشاری هێزی هاوپەیمانان کوێتی بەجێ هێشت، دەستی کرایەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی کە خەڵکی کوردستان بە ڕێبەریی پارتە سیاسییەکان سازیان کردبوو، دەستیان گرتبوو بەسەر سەرانسەری کوردستاندا بە شاری کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوتیشەوە. خەڵکی کوردستان لە ترسی تۆڵەسەندنەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای عێراقەوە، بە سەدان هەزار کەس ماڵ و شار و ناوچەکانیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد. ئەو بابەتە خەریك بوو قەیرانێکی مرۆیی گەورە دروست بکات، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و پشتگیریی ئەمەریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا و تورکیا، بڕیاڕیان دا ناوچەیەکی ئارام دروست بکەن بۆ کوردەکان کە لە کۆتایی ئەو ساڵەدا حکومەتی عێراق لە بەشێکی زۆری کوردستان کشایەوە و ئیدارەی سێ پارێزگای سەرەکیی ئەو ناوچەی جێ هێشت بۆ کوردەکان خۆیان. لێرەوە دوای سی ساڵ لە جەنگ، کورد توانیی دەسەڵاتی بەشێکی زۆری هەرێمەکە وەربگرێت، حکومەتی دروست کرد و ساڵی دواتر هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی بەڕێوە چوو. ئەو ناوچەیە بووە مەیدانی کۆبوونەوەی هێزە ئۆپۆسزیۆنەکانی عێراق و دواتر ڕۆڵی گرنگی گێڕا لە جەنگی عێراق لە ٢٠٠٣. بە درێژایی هەشت ساڵ سوپای ئەمەریکا لە عێراق تووشی چەندین گرفت و پەلاماری خوێناوی بوویەوە، بەڵام هیچ کات کەسێکیان لە کوردستان زیانی پێ نەگەیشت. هەموو ئەوانە هۆکاری ئەوەن کە کوردەکان وەك کۆمەڵگا و وەك سیاسەتمەداران، ئەمەریکا وەك دۆست و پارێزەری خۆیان دەبینن. ئێستا ئەمەریکا گەورەترین کونسوڵخانە لەسەر ئاستی ناوچەکە لە هەولێر دەکاتەوە .

هەر چەندە چین لە سیاسەتی دەرەکیدا هەمیشە جەختی لە دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی هاوبەشەکانیدا کردووەتەوە، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی ئەگەر چین بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت لە عێراقدا پێگەیەکی گرنگ

و سەقامگیری هەبێت، پێویستییەکی جددیی بەوە هەیە کە تێگەیشتنێکی ڕوون و پلانێکی گونجاوی هەبێت بۆ پرسی کورد لە عێراقدا. لە هەمان کاتدا مێژوو شایەتیی ئەوە دەدات بەبێ ئاشتی و سەقامگیری لە کوردستان، عێراقیش سەقامگیر و سەلامەت نابێت. زیاد لەوەش، ئەمەریکا زۆربەی کات پشتگیریی کوردی کردووە لە کاتە هەستیارەکاندا، بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٩١. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا چین چۆن کوردەکان دەبینێت؟ پلانیان چییە بۆ کارکردن لە یەکێك لە ئاڵۆزترین وڵاتی ناوچەکە؟

**گرفتی پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەکیی چیندا**

لەو کاتەوەی کە کۆماری گەلی چین لە ١٩٤٩ دامەزراوە، بەیجینگ زۆر بەتوندی بەرانبەر گرووپە جوداخوازەکانی دەرەوەی خۆیشی وەستاوەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێت لە هەر هێزێك پشتگیریی گرووپە جوداخوازەکانی ناو وڵاتەکەی بکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە چین هەمیشە جوداخوازی، توندڕەوی و تیرۆریزمی وەك "سێ هێزە شەڕخوازەکە" ناودێر کردووە. چین بۆخۆی وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ڕەگەزە، بۆیە زۆر بەگرنگییەوە کار لەسەر بنەمای یەکێتیی خاك و دەستوەرنەدان دەکاتەوە، هەمیشەش پرسی تایوان وەك مۆتەکەیەك لە سیاسەتی دەرەکیدا ئامادەگیی گەورەی هەیە. نەك هەر تایوان، بەڵکوو هەرێمی تبت، زینجیانگ و مەنگولیای ناوەوە ئەو پرسانەن کە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە دژی چین دەجووڵێنرێن. چین پێی وایە مافی چارەی خۆنووسین نابێت لەسەر حسابی سەربەخۆیی وڵاتان بێت و هەموو نەتەوە بێ دەوڵەتەکان مەرج نییە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن .

دەکرێت بڵێین سیاسەتی دەرەکیی بەیجینگ لەهەمبەر پرسی کورد لە عێراقدا، بەشێکە لە سیاسەتی گشتگیری ئەو وڵاتە بۆ عێراق کە ئەویش بەشێکە لە سیاسەتی وڵاتەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، دیسان ئەویش دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکیی چین لەسەر ئاستی جیهان. کرۆکی سیاسەتی دەرەکیی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بریتییە لە دروستکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر و ئارام بە جۆرێك کە کارئاسانی بکات بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی چاکسازیی ناوخۆیی و پەرەپێدانی بەردەوام. دەربارەی قەیرانەکانیش لەو ناوچەیە، چین پێی وایە لە ڕێگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتنەوە دەکرێت زەمینەی چارەسەری دابڕێژرێت، چین جەخت دەکاتەوە لە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەت ئەنجوومەنی ئاسایش لە یەکلاکرنەوەی ئەو پرسانەدا.

لە سەروبەرندی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە ئەیلوولی ٢٠١٧، چین بەفەرمی پشتگیریی حکومەتی فیدراڵیی عێراق کردووەتەوە بۆ پاراستنی سەروەری، سەربەخۆیی و یەکپارچەیی

خاکەکەی، هەروەها بۆ دروستکردنی ڕێزگرتنی هەمەلایەن، یەکسانی. هەروەها پشتگیریی پڕۆسەی بونیادنانەوە و وتوێژی نیشتمانی و هەروەها هەوڵەکانی عێراق بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر دەکاتەوە. بۆیە بەیجینگ لە چەندین بۆنە و کاتی جیاوازدا ڕایگەیاندووە کە پشتگیریی پڕۆسەی دیموکراسی دەکات بۆ فەراهەمکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا.

**سیناریۆ ئایندەییەکان**

سەرباری هەموو ئەوانە، چین چەندین بەرژەوەندیی لەگەڵ کورد لە پارچەکانی تر و بەتایبەت لە عێراقدا هەیە.

یەکەم: کوردستانێکی سەربەخۆ بەتایبەت ئەگەر پشتگیریی چینی هەبێت لەو پێناوەدا، لەوانەیە ببێتە دۆستێکی گرنگ و متمانەپێکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەوەش چین ئامرازێکی هێز و فشاری گرنگی دەست دەکەوێت.

دووەم: سەرباری ئەوەی چین بەفەرمی ڕایگەیاندووە کە دژی هەوڵی جودابوونەوەیە، کەچی کۆمپانیا چینیەکان ڕۆژبەڕۆژ ڕۆڵیان فراوانتر دەبێت لە کوردستان، چەندین پڕۆژە لە سێکتەری جیاواز ئەنجام دەدەن و هەندێك جار لە ڕێگەی لایەنی دووەمەوە ئەو کارە دەکەن نەوەك نارەزایەتیی ئەمەریکییەکان بورووژێنن، وا دیارە سەرکردە کوردەکانیش بەو پلانە ڕازین. ئەوە جگە لەوەی چین لە بواری هێزی نەرمیشەوە بەردوام لە هەرێمەکە کار دەکات، بۆ نموونە کونسوڵگەریی چین لە هەولێر چالاکتر و فراوانتر بووە، ڕۆژانە هەواڵەکانی بە زمانی کوردی لە سۆشیاڵ میدیا بڵاو دەکاتەوە، زۆر جار پێشبڕکێ و خول دەکاتەوە بۆ گەنجانی کورد بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی زمان و کولتووری چینی بڵاو بکاتەوە. تەنانەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا، بەشی زمانی چینی بۆ یەکەم جار لە زانکۆی سەلاحەدین کرایەوە، ئەوە جگە لەوەی کە دیپلۆماتکارە چینییەکان بە نهێنی و ئاشکرا بە کوردستاندا دەگەڕێن و لەگەڵ ئەکتەرە جیاوازەکان دۆستایەتی پەیدا دەکەن.

سێیەم: بەیجینگ بۆی دەرکەوتەوە کە کوردەکان دۆستایەتیی ڕاستەقینە و بێگرێ دەکەن بە جیاواز لە ناوچەکانی تر، کەمتر هەستیارن بە ئایین، بۆیە دەکرێت وەك ئامرازێك بەکاریان بهێنێت لە جەنگی تیرۆردا، هەر چەندە جەنگی تیرۆر لە سنوورەکانی چینەوە دوورە، بەڵام مەترسیە ئاسایشییەکەی لەوەدایە کە بە سەدان چەکداری توندڕەوی کەمینەی ئیگۆری چین لە شەش ساڵی ڕابردوودا پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، چین ترسی ئەوەی هەیە کە ئەو هەڕەشەیە بگاتەوە ناو وڵاتەکەی خۆی.

چوارەم: پرسی کورد لە تورکیا و بەتایبەت لە سووریا، ئیمتیازێکی باشە بۆ چین بۆ ئەوەی لە دژی تورکیا بەکاری بهێنێت، چونکە تورکیا پشتگیری و میوانداریی گرووپەکانی مسوڵمانی بە ڕەگەز تورکی ئیگۆر دەکات کە لەلایەن

چینەوە چەوساندنەوەیان بەرانبەر بەکار دێت. هەندێك زانیاری ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەتی چین بەنهێنی چەك و تەقەمەنی و هاریکاریی لۆجیستیی بۆ کوردەکانی سووریا هەناردە کردووە، کە ئەوەش هەڕەشەیەکی جددییە بۆ سەر تورکیا، چونکە تورکیا ئەو گرووپانە وەك درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبینێت و بە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیایان دەزانێت.

پێنجەم و لە هەمووی گرنگتر: چین زۆر بەبایەخەوە لە کەرتی وزەی کوردستان دەڕوانێت، وەك دەرفەتێکی دەبینێت بۆ کارکردن و فرەچەشەنکردنی سەرچاوەکانی خۆی.

هەرێمی کوردستان دەبێت بەبایەخەوە لە وڵاتێکی گەورەی وەك چین بڕوانێت، وڵاتێك کە یەکەمینە لە ڕێژی دانیشتووان، دووەمە لە هێزی ئابووری، سێیەمە لە قەبارەی جوگرافی، ئەوە جگە لەوەی تاکە هێز کە لە ئێستادا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە مەترسیی دابنێت؛ ئەو وڵاتەیە. بۆیە گرنگە کە کورد بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ چینییەکان بکات، لە لایەکەوە تێبگات لەوەی کە چینییەکان چییان پێیە بۆ پرسی کورد، نەوەك دۆستەکانی لە ئەمەریکا و ئەورووپا نیگەران بکات. بەڵام لە لایەکی تریشەوە هەرێم دەتوانێت یاریی گرنگ ئەنجام بدات بە بەکارهێنانی هەردوو هێزەکە، بۆ ئەوەی بە قازانجی کورد بشکێتەوە. واتە هەر کات ڕۆژئاواییەکان ساردی لەبەرانبەر پرسی کورد دەنوێنن، باشترە کە کارتی دۆستایەتیی چین بجووڵێنرێت.

بە دیوێکی تریشدا، چین وەك هێزێکی ڕوو لە گەشەی زەبەلاح لە دونیادا، ناکرێت کورد نادیدەی بگرێت، هەموو دەوڵەتانی دۆستی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیمتیازیان بە چین داوە و کاری لەگەڵ دەکەن. عەرەبستانی سعودی و ئیمارات؛ دووان لە دۆستانی مێژوویی ئەمەریکا، لە ئێستادا ئاستی پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسی و تەکنەلۆجی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ چین ڕوو لە هەڵکشانە. ئەوە جگە لە دۆستە هەمیشەییەکەی ئەمەریکا؛ ئیسرائیل، کە گرێبەستی پێدانی بەندەری حەیفای بۆ ماوەی بیست ساڵ لەگەڵ چین واژۆ کردووە، کە ئەوەش نیگەرانیی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆی ئەمەریکای لێ کەوتەوە. بۆیە گرنگە کورد بەبایەخەوە لەو هێزە نوێیە تێبگات، ناوەندەکانی توێژینەوە، زانکۆ و میدیاکان بەر لە هەر شت بایەخ بە توێژینەوە و شیکاری ئاسایی بدەن لە پێناو ئاشنابوون و کارئاسانی بۆ بڕیاربەدەستان و سیاسەتمەداران.

سەرچاوەکان

[1] A. Graceffo, "China Middle East relations," Academea, p. 57, 2017.

[2] B. &. R. News, "China's partnership Diplomacy & Successful Implementation of the

B. &. R. News, "China's partnership Diplomacy & Successful Implementation of the BRI," https://www.beltandroad.news/2020/03/27/chinas-partnership-diplomacy-successful-implementation-of-the-bri/, Hong Kong, March 2020.

A. Graceffo, "China Middle East relations," Academia, p. 57, 2017.

Camille Lons, Jonathan Fulton, Degang Sun, Naser Al-Tamimi, "CHINA'S GREAT GAME IN THE MIDDLE EAST," European Council of foreign relations, 2019.

Irib

m. o. f. a. o. t. p. r. o. China, "China's Arab Policy Paper," https://www.fmprc.gov.cn/mfa_eng/zxxx_662805/t1331683.shtml, 2016.

Arab policy paper, Irib

A. Graceffo, Irib

Iraqi Council of Ministers, "The agreements concluded with China achieve a historical development and economic leap for Iraq," http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=9562, Baghdad, 2019.

Irib

Arab policy paper, Irib

Arab policy paper, Irib

MNR-KRG, "oil vision," http://mnr.krg.org/index.php/en/oil/vision, Erbil, 2013.

Rudaw, "In Erbil, US Ambassador announces construction of largest consulate complex," https://www.rudaw.net/english/kurdistan/230420181, Erbil, 2018

D. M. Chaziza, "China and the Independent Kurdish State," Begin-Sadat Center for Strategic Studies, Bar-Ilan University, Israel, no. Paper No. 590, 2017.

BRI," https://www.beltandroad.news/2020/03/27/chinas-partnership-diplomacy-successful-implementation-of-the-bri/, Hong Kong, March 2020.

[3] E. o. t. P. R. o. C. i. t. R. o. Iraq, "Bilateral Relations between China and Iraq," http://iq.chineseembassy.org/eng/zygx/zygxgk/t1031275.htm , Baghdad , 2013.

[4] Camille Lons , Jonathan Fulton, Degang Sun, Naser Al-Tamimi, "CHINA'S GREAT GAME IN THE MIDDLE EAST," european council of foreign relations , 2019.

[5] T. G. S. o. t. C. o. Ministers, "The agreements concluded with China achieve a historic development and economic leap for Iraq," http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=9562, Baghdad, 2019.

[6] m. o. f. a. o. t. p. r. o. china, "China's Arab Policy Paper," https://www.fmprc.gov.cn/mfa_eng/zxxx_662805/t1331683.shtml, 2016.

[7] M. o. n. r. o. K. R. government, "oil vision," http://mnr.krg.org/index.php/en/oil/vision, Erbil , 2013.

[8] Rudaw, "In Erbil, US Ambassador announces construction of largest consulate complex," https://www.rudaw.net/english/kurdistan/230420181, Erbil , 2018.


[9] D. M. Chaziza, "China and the Independent Kurdish State," Begin-Sadat Center for Strategic Studies, Bar-Ilan University, Israel, , no. Paper No. 590, 2017.

پەراوێزەکان:

Chines embassy website, Iraq, "Bilateral Relations between China and Iraq," http://iq.chineseembassy.org/eng/zygx/zygxgk/t1031275.htm, Baghdad, 2013.

# ئایندەناسی

# وەرگێڕان



# ئیدارەی بایدن پێویستە پشتگیریی کوردەکان بکات

نووسەران:

**ڕەویدا مستەفا**

چالاکوانێکی دیاری کوردی-بەریتانی و دامەزرێنەری بۆردی سیاسەتی کوردییە کە بزووتنەوەیەکی جەماوەرییە و دەیەوێت نوێنەرایەتیی کوردی-بەریتانی لە شانشینی یەکگرتوودا زیاتر بکات.

**پەریڤان سەعید**

توێژەرە لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوە، کاندیدی دکتۆرایە لە زانکۆی جۆرج ماسۆن لە سکوڵی شیکاری ململانێ و چارەسەر. پێشتر پەیامنێری کەناڵی ڕووداو بووە لە کۆشکی سپی و کاری بۆ نیۆرک تایمز، وۆڵ ستریت جێرناڵ، بۆستن گڵەوب، بی بی سی و گاردیان کردووە وەکوو ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ.

**محەمەد ساڵح**

ڕۆژنامەنووسێکی کوردە و کاندیدی دکتۆرایە لە زانکۆی پەنسلڤانیا لە سکوڵی ئاننبێرگ بۆ پەیوەندی.

وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد ساڵح

**بەرایی**

پەیوەندیی باش لەگەڵ کوردستانی عێراق سەرمایەیەکی باش و ستراتیژییە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام ئەم پشتگیرییە لە ئیدارەکەی بایدنەوە دەبێ بە مەرج بێت.

لە کاتێکدا کە ئیدارەکەی بایدن خوێندنەوە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات، زۆر گرنگە بایەخ بدرێ بە هەرێمی کوردستانی عێراق کە هەرێمێکی خۆسەرییە و جێگایەکی ستراتیژیی لە



باکووری عێراقدا هەیە. هەرێمی کوردستانی عێراق سەقامگیرترین جێگای عێراق بووە و هاوبەشێکی جێگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە لە سی ساڵی ڕابردوودا. زیاد لەوەش، لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی گرووپەکانی وەکوو داعش و قاعیدە لە عێراق و سووریادا؛ هەرێمی کوردستان گرنگ بووە، هەروەها شوێنێکی باش بووە بۆ هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا و بەخێرهاتنی دیپلۆمات و خاوەن کارە ڕۆژئاواییەکانی کردووە.

لە کاتێکدا ئیدارەی بایدن خەریکی دووبارە دارشتنەوەی بەرنامەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، پێویستە لە دوو خاڵی گرنگدا پاڵپشتی کوردەکانی عێراق بێت: یەکەم: ئیدارەی بایدن پێوستە پشتیوان و پارێزەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت لە هەڕەشەی گرووپە میلیشیاکانی نزیک لە ئێران و داعش کە کوردی عێراق دەکەن بە ئامانج، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەمەریکا هەیە. دووەم: پێویستە ئیدارەی بایدن ئەم پشتیوانییە بکات بە مەرج بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم چاکسازیی جددی لە بەڕێوەبردنی ناوخۆییدا بکات، بەتایبەتی بەدامەزراوەکردنی هێزەکانی ئاسایش لەژێر فەرمانی حکومەتی هەرێم و باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی مرۆڤ یەکێک لە پایەکانی سیاسەتی دەرەکیی ئیدارەکەی بایدن خۆشیەتی.


بوونی سوپای ئەمەریکا لە کوردستان، ئێران و هێزە میلیشیا شیعەکانی هاوپەیمانی لە عێراق تووڕە کردووە کە چەندین هێرشی مووشەکیان بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ئەنجام داوە. تازەترین هێرش لە ١٥ی شوباتی ٢٠٢١دا ئەنجام درا، کاتێک میلیشیایەکی شیعەی هاوپەیمانی ئێران مووشەکبارانی شاری هەولێری پایتەختی کوردستانی کرد. هێرشەکە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی شاری هەولێر کە بنکەیەکی سەربازیی ئەمەریکای تێدایە، لەگەڵ چەند گەڕەکێکی مەدەنیی بە ئامانج کردبوو. هێرشەکە دوو قوربانیی لێ کەوتەوە کە لە نێویاندا بەڵێندەرێکی سەربازیی ئەمەریکای تێدا بوو، هەروەها دەیان کەسیشی بریندار کرد کە خەڵکی ناوچەکە و بەڵێندەرانی حکومەتی ئەمەریکا و ئەندامێکی خزمەتگوزاریی ئەمەریکاشی تێدا بوو. گرووپێک بە ناوی سەرایای ئەولیای ئەلدەم کە بەگشتی بە گرووپێکی میلیشیای ئێران دادەنرێت، بەرپرسیارێتیی ئەو ڕووداوەی لەئەستۆ گرت.

ئەم هێرشەی میلیشیاکان بەشێکی ڕەنگە پەیوەندیی بە هەوڵەکانی تارانەوە هەبێت بۆ ئەوەی دەستی بخاتە سەرەوە لە دژی واشنتۆن لەو دانوستانە ناوەکییانەی کە چاوەڕوان دەکرێت دەست پێ بکاتەوە، بەڵام دەکرێت ئەم هێرشانە وەکوو بەشێک لە کەمپینە فراوانەکەی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونی هەرێمیی خۆی لێک بدرێتەوە. وەکوو بەشێ

لەو کەمپینە، ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراق لە هەوڵی لاوازکردن و هەروەها گەر بۆیان بکرێت هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان کە تاکە دامەزراوەی گرنگی عێراقە بەرەنگاریی کاریگەری هەڵکشاوی ئێرانی لە عێراقدا کردووە و لە هەمان کاتدا بە دۆستی ڕۆژئاواش ماوەتەوە. تەنانەت کاتێک کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی دووبارە دەستپێکردنەوەی دیپلۆماسیەتە لەگەڵ ئێران، بەهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت باڵادەستیی زیاتر بدات بە واشنتۆن لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە ئەمنییەکانی ئێران، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا ئەمەریکا دەتوانێت بگات بە ڕێککەوتن لەگەڵ تاران لەسەر کێشە ناوەکی و هەرێمییەکان.

سەرچاوەیەکی تری ناسەقامگیری؛ داعشە کە بەهێواشی، بەڵام بەبەردەوامی لە عێراق و سووریا لە چەند مانگی ڕابردوودا چالاکییەکانی زیاتر کردووە. کوردەکان گرنگن لە هەوڵەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرووپە، چونکە هەولێر بووە بە چەقی ئۆپەراسیۆنەکانی باکووری هەردوو وڵاتی عێراق و سووریا. داعش چالاکیی خۆی لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان خاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق زیاد کردووە. دوو تەقینەوەی ئەم دواییەی بەغدا کە دوای چەند ساڵێک لە وەستان لە هێرشی لەو جۆرە هات، ئاماژەن بەوەی کە داعش بەهێزتر و بوێرتر بووە لە کاتێکدا هێزەکانی عێراق بە شێوەیەکی کاریگەر کارەکانیان بۆ ئەنجام نادرێت. ئەو دابەشبوونەی لەنێوان سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکاندا هەیە، کە بە ناو لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان، لەژێر چەتری حەشدی شەعبیدا هەوڵەکانی زیاتر لاواز کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. ئەم بێکردارییە دەبێت جێگای بایەخی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێت، چونکە مێژووی ئەم دواییە نیشانی دەدات کە شکستهێنان لە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی گرووپە جیهادییەکان لە ئێستادا دەرئەنجامی قورس بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە داهاتوودا. ئەوەی پەیوەندیی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کوردستان گرنگە بۆ هەر هەوڵ و کۆششێک بۆ کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی جیهادی بۆ ئاسایشی ئەمەریکا و ناوچەکە بەگشتی.

سەرەڕای ئەمانە، هەر چەندە کوردستان نیشانی داوە کە ئەکتەرێکی بەتوانایە لە شەڕی داعش و پارسەنگێکی ڕێژەییە بۆ هێزە میلیشیاییەکانی سەر بە ئێران لە عێراقدا، بەڵام تۆماری ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لای دوو حزبە سەرەکییەکەی دەسەڵات لەم ساڵانەی دواییدا خراپتر بووە. هێزە ئەمنییەکان ئێستا زۆر جار بەتوندوتیژی وەڵامی خۆپیشاندانەکان دەدەنەوە، داپڵۆسینی سەربازییانەی خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ لە سلێمانی نموونەیەکە




بۆ ئەوە. هەروەها لە بڕیارێکیدا کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە سەرکۆنە کرا، ماوەیەک پێش ئێستا دادگایەکی شاری هەولێر سزای شەش ساڵ زیندانیی بەسەر پێنج ڕۆژنامەنووس و چالاکواندا سەپاند.

ئەم دۆخە خراپەی مافی مرۆڤ لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بە بوارەکانی تری حوکمڕانی لە کوردستان، بەتایبەتی کۆنترۆڵی ئیداریی هێزە ئەمنییەکان. لە کاتێکدا هەندێک پێشکەوتن لە بەدامەزراوەییکردن و یەکخستنەوەی هێزە ئەمنیەکانی ژێر کۆنترۆڵی حیزبەکاندا هەیە، بەڵام هێشتا زۆری تر ماوە بکرێت و ڕێگاکە درێژە. ئەمەریکا و وڵاتانی تری ئەندامی ناتۆ لەم بوارەدا پشتیوانیی گرنگیان دابین کردووە، بەڵام دەبێت فشاری زیاتر بخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە دەسەڵاتدارەکانی بۆ ئەوەی هەنگاوی جددیتر لە بارەی ئەم کێشەوە بنێن.

بەم بۆنەیەوە لە کاتێکدا پێویستە ئەمەریکا بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی کورد لە ڕووی ئەمنییەوە وەک هاوپەیمانێکی گرنگ، دەبێت ئەو جۆرە یارمەتییانە بکات بە مەرجی باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، حوکمڕانی

> **پێویستە ئەمەریکا بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی کورد لە ڕووی ئەمنییەوە وەک هاوپەیمانێکی گرنگ، دەبێت ئەو جۆرە یارمەتییانە بکات بە مەرجی باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، حوکمڕانی ناوخۆیی، یەکخستنەوەی هێزە ئەمنییەکان و گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات لە ئاستی جیاجیای حکومەتدا**

ناوخۆیی، یەکخستنەوەی هێزە ئەمنییەکان و گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات لە ئاستی جیاجیای حکومەتدا. ئەم جۆرە ڕوانینە لە ئاسایش و مافی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی باشتر -بە پێچەوانەی ئەو ڕوانینەی کە ئەو کێشانە وەک بژاردەی سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن دەبینێت-، لە کۆتاییدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی دەبێت لەسەر سەقامگیریی ناوخۆیی و بەهێزیی گشتیی سیاسەتی کورد لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە دەرەکییەکاندا، زۆربەی ئەم پرسانەش کاریگەرییان دەبێ لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و کارمەندانی سەربازی و تەنانەت ئاسایشی نیشتیمانییش.

ئارگومێنتی پشتیوانیی ئەمەریکا لە ئاسایش و حوکمڕانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە وەکوو بانگەشەیەک دەربکەوێت بۆ هەوڵێکی تری بێهوودەی بونیادنانی نەتەوە، بەڵام کوردەکان گەلێکی چەوساوەن کە بەو ئەکتەرانە دەورە دراون هەڕەشەی وجوودین بۆ سەر ئاسایشیان و باش ئاگاداری ئەوەن کە پشتیوانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتییش ئەمەریکا بۆ مانەوەیان زۆر گرنگە. ئەم پشتبەستنە بە هاوکاریی ڕۆژئاوا دەرفەتی گرنگ بۆ گەلانی ڕۆژئاوا دەڕەخسێنێ کە پشتیوانی لە کوردستان دەکەن، بە شێوەیەکی سەرەکییش ئەمەریکا، باڵادەستیی خۆیان دژی هێزە نەیارەکانی وەک ئێران و داعش زیاتر بکەن. لە کاتێکدا کە گرووپە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران، کە ئێستا دەستیان بەسەر هەردوو بواری سیاسی و ئەمنیی عێراقدا تا ئاستێکی زۆر گرتووە، هیوایان وایە کە دژی کاریگەریی ئەمەریکا بوەستنەوە و لە چین و ڕووسیا نزیک ببنەوە، هێشتا کوردی عێراق بەگشتی ئەو بۆچوونەیان هەیە کە ئەمەریکا هاوبەشی سەرەکییانە. بارودۆخی خراپی ناوچەکانی تری وڵات کە بە قووڵبوونەوەی عەسکەرتاریەت و فراوانبوونی کاریگەریی ئێران و زیادبوونی چالاکییەکانی داعشدا دەناسرێتەوە، جارێکی تر گرنگییە ستراتیژییەکانی کوردستان دەردەخات لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە بەردەوامەکانی ناو عێراق و ناوچەکە بەگشتی. ئەگەری پێشکەوتن لەسەر کێشە گرنگە ئەمنییەکان، پەیوەندیی دوولایەنەی قووڵتری دەوێت لەنێوان هەردوو لادا.



# نەخشەکێشانی گەشبینانەی کورد بۆ ئیدارەی بایدن: تورکیا و ئێران

**جۆن ساڵح**

**ڕۆژنامەوان و شیکەرەوەی سیاسییە، سەرنجی کارەکانی لەسەر تێوەگلانی ئەمەریکا و هێزە دەرەکییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگیی تایبەت دەدات بە کاروباری سووریا و کورد.**

**وەرگێڕان: هەژار حەمید**

.................................................

**سەرچاوە: پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک**

**https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/mapping-kurdish-optimism-biden-administration-turkey-and-iran**

.................................................

کورد لە تورکیا و ئێران دەتوانێت هاوبەشێکی بایەخداری ئەمەریکا بێت، لە کاتێکدا ئەمەریکا لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدایە لەگەڵ هەردوو وڵاتدا.

لە سەرانسەری هەرێمەکەدا، کورد بەپەرۆشەوە سەیری سەرۆکایەتیی بایدن دەکەن. زۆرێک هیوایان زۆرە و گریمانەی ئەوە دەکەن کە بایدن پشتیوانیکەری کورد بێت زیاتر لە هەر سەرۆکێکی تری ئەمەریکا تا ئەمڕۆ. لەگەڵ گەشبینییەکی نوێ سەبارەت بە هاوکاری لەگەڵ ئەمەریکا، کرانەوە و جموجۆڵ لە ساڵی ٢٠٢١دا دەردەکەوێت، هەر چەندە تێگەیشتن لە سروشتی کاروباری کوردەکان لە ناوچەکەدا بۆ هەر هاوکارییەکی داهاتوو پێویستە گرنگ ببینرێت. هاوکات لەگەڵ بەدواداچوونی بارودۆخ بۆ هاوکاریی زیاتر لەگەڵ پێکهاتە کوردییە خۆسەرەکان لە عێراق و سووریا، هەروەها بەدواداچوون بۆ هیوا و چاوەڕوانییەکانی کوردەکانی تورکیا و ئێران کە بەشێکی گرنگی دانیشتووانی ئەو دوو وڵاتەن؛ جێگای بایەخە.

**تورکیا**

کورد لە تورکیا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی خراپ دەبێتەوە بە بەراورد لەگەڵ کوردەکانی سووریا و عێراق. دەنگی سیاسیی ئەوان تا بێت زیاتر لە گۆڕەپانی سیاسی داخراو دەبێت و هەر جۆرە خۆبەڕێوەبردنێکیش بۆ ئەوان؛ دوور لە واقیعە. بەو شێوەیەش ئەوان بەدوای چارەسەری پرسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی تورکیا و گێڕانەوەی دیموکراسی لە ناوچەکە و ئاشتیی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی تورکیا دەگەڕێن.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، سەرۆک ئەردۆگان بێدەنگیی ئیدارەی ترامپی وەک دەرفەتێک بۆ زیادکردنی سیاسەتەکانی سەرکوتکردن و ترساندنی کورد لە تورکیا بەکار هێناوە. دەسەڵاتدارانی تورکیا بە مەبەستی کپکردنی داواکانی کورد بۆ مافە سیاسییەکان، چالاکیی کولتووریی کوردییان سەرکوت و قەدەغە کردووە، پەروەردەی زمانی کوردییان کردووەتە ئامانج، گۆڕینی دیمۆگرافیای نەژادی لە ناوچە کوردییەکاندا لە ڕێگەی چالاکیی سەربازییەوە سەپاندووە، هەروەها چالاکوانانی کوردیشیان دەستگیر کردووە، زۆر جار بەشێکی زۆریان لە گرتووخانەکاندا ئەشکەنجە دراون و بەجێ هێڵراون بۆ مردن.

وەکوو بەشێک لەو سیاسەتی سەرکوتکردنە، ئەردۆگان بەتوندی لە دژی پارتی دیموکراتی گەلانی پرۆکورد (هەدەپە) و لایەنگرانی

وەستاوە. لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە نزیکەی ١٢ ئەندامی ئەو پارتە بە تۆمەتی تیرۆر و پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەی قەدەغەکراو زیندانی کراون. لەناو سەرکردە حزبییە زیندانییەکان، سەڵاحەدین دەمیرتاش هەیە کە هاوسەرۆکی پێشووی پارتەکە و یەکێک لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی کوردە. دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی، بارودۆخی بێسەروبەری کۆرۆنایان وەکوو ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە کورد بەکار هێنا، ئەمەش لە ڕێگەی فەرامۆشکردنی چاودێریی تەندروستی بۆ هاوڵاتیانی کورد و دابیننەکردنی هاوکاریی پزیشکی بۆیان.

کانی غولام چالاکوانێکی سیاسی لە واشنتۆن و بەڕێوەبەری تۆڕی زانیاریی کوردی-ئەمەریکی، لێدوانی دا و وتی: "کوردانی باکووری کوردستان ئاشتییان دەوێت، هەروەها دەیانەوێت نوێنەرەکانیان نوێنەرایەتییان بکەن نەک لە زیندانی جیاجیای تورکیا بن. کاتێک دۆناڵد ترامپ بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا، سەڵاحەدین دەمیرتاش دەستگیر کرا. ئەو هێشتا لە زینداندایە، لە کاتێکدا ئێستا جۆو بایدن لە کۆشکی سپییە."

بەم شێوەیە ئەردۆگان و پارتی دەسەڵات تاکتیکی سیاسیی ڕەگەزپەرستانەی دژ بە کوردیان بەکار هێنا، بۆ ئەوەی هەدەپە گۆشەگیر بکەن و کوردی تورکیا لە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر دوور بخەنەوە. لەو کاتەوەی کە پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆگان لە ساڵی ڕابردوودا لە نزیکەی هەموو شارە گەورەکانی هەڵبژاردنی خۆجێیی دەسەڵاتی لەدەست دا، ٥٩ کەس لە ٦٥ سەرۆکشارەوانیی هەدەپە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە پۆستەکانیان دوور خراونەتەوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییانە، ترامپ ئەردۆگانی بە پیاوێکی گەورە و دۆستێکی نزیک وەسف کرد، ئەمەریکاش لە کاتی بەڕێوەبردنی ترامپدا هیچ کارێکی بۆ ئەوە نەکرد کە لە تورکیا لەبەرامبەر مافەکانی مرۆڤ بێتە دەنگ.

بەو جۆرەش کوردی تورکیا کراوەیە بۆ پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ ئیدارەی بایدن، بەتایبەتی لەسەر وتەکانی لە بارەی بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ. پارتی دیموکراتی گەلان لە تورکیا (هەدەپە) دەستپێشخەریی کرد بۆ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی لە بایدن و کەمالە هاریس. سەرکەوتنی هەڵبژاردنیشیان بە سەرکەوتن بۆ دیموکراسیی ئەمەریکا لەبەرچاو گرت. لە بەیاننامەیەکدا دوای سەرکەوتنی نافەرمیی بایدن، هاوسەرۆکی هەدەپە؛ پەرڤین بولْدان و مەدحەت سانجار ڕایانگەیاند: "ئێمە هیواداریـن و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە سایەی سەرۆکایەتیی ئێوەدا، ئەجێنداکانی دیموکراسی، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی-ئابووری، یەکسانیی جێندەری، ڕێوشوێنی ئیکۆلۆژی بۆ گۆڕانی کەشوهەوا و سیاسەتی ئەخلاقی و ئاشتیخوازانەی دەرەوە پێش بخەین."

تورکیا بە بارودۆخێکی سیاسیی هەستیاردا دەڕوات کە پێویستی بە مانۆڕی زیرەکانە هەیە لە چوارچێوەی خراپبوونی ئەم دواییەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا و سیاسەتە شەڕانگێزەکانی ئەردۆگان بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ناتۆ. ئەگەر تورکیا ڕوو لە ئەمەریکا وەربگێڕێت و ڕوو لە ئێران و ڕووسیا بکات، ئەوە زەحمەتە بایدن بتوانێت ئەردۆگان ڕازی بکات لە کەمکردنەوەی شەڕانگێزییەکانی و لادانەوەی بەرەو ناتۆ. بۆیە بۆ ئەمەریکا پێویستە هەموو ئەو ئامرازە نەرم و توندانەی لەبەر دەستدان، لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی ئەردۆگاندا بەکار بهێنێت، ئەم ئامرازانە دەتوانن سزا ئابوورییە زیرەکەکان لەخۆ بگرن، بەتایبەتی لەسەر تیمەکەی ئەردۆگان و پارتەکەی و هەروەها زیاتر گرنگیدان بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. جەختکردنەوەیەکی لەو جۆرە لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەسوود دەبێت بۆ پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کوردی تورکیا بە ئاراستەی ستراتیژییەکی بەسوود، کە پاڵ بە کوردی تورکیاوە دەنێت بۆ گەیشتن بە ئاواتە سیاسییەکانی خۆی لەناو تورکیاکی دیموکراتیک نەک ئیسلامی.

پڕۆژەیەکی تری ستراتیژی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کوردی تورکیا، ڕێکخستنی دیالۆگ دەبێت لەنێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکە، بە ئامانجی بەدیهێنانی ئاشتی لەنێوان هەردوو ئەکتەری ناکۆکدا لە دوورمەودادا. سەرەڕای ناجێگیری، بەڵام دوژمنایەتیی دوو لایەنەکە هەندێ جار کەمبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. گەڕانەوەی پەیوەندیی نێوان پەکەکە و تورکیا، دەبێتە هۆی نەهێشتنی توانای ئەردۆگان لە بەکارهێنانی تۆمەتی تیرۆر بەرامبەر ڕکابەرە کوردەکانی و پاساوی ئەوەی کە ڕێگە بە حکومەتەکەی بدات دەست وەربدات لە کاروباری سووریا و عێراق. هەروەها پشتگیریکردنی هەوڵی سیاسیی ڕەوای کورد لە تورکیا، دەتوانێت توخمێکی سەرەکی بێت لە سیاسەتی فراوانتری ئەمەریکادا کە تەحەدای تەماحە ترسناکەکانی ئەردۆگان دەکات لە بەرژەوەندیی دیموکراسی و حوکمڕانی و کەمکردنەوەی دەستدرێژیی نێودەوڵەتی لە سیاسەتەکانی تورکیادا.

**"کانی غوڵام: بایدن عادەتی ستایشکردنی کەسایەتیی دەسەڵاتخوازی نییە، لە ڕاستیدا حەز دەکات بەرەنگاریان بێتەوە، وەک چۆن دژی میلۆسۆڤیچ کردی. سەرۆک ئەردۆگانیش وەک میلۆسۆڤیچ ڕەفتار دەکات"**

کانی غولام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرۆک بایدن وەک کوردەکانی تر کورد دەناسێت، هەروەها دەزانێت کە سەرۆک ئەردۆگان لەگەڵیاندا لە کێشەدایە. بۆیە کانی پێشبینیی ئەوە دەکات کە بایدن تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆش ڕووبەڕووی سەرۆک ئەردۆگان نەبێتەوە، لە تورکیا مافەکانی مرۆڤ بکات بە پێوانێکی گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەیدا، هەروەها وتی:" ئێمە زانیاریی نهێنیی هێڵی دیپلۆماسیی نێوان واشنتۆن و ئەنقەرە نازانین، بەڵام بێگومان ئاماژەکردن بۆ زیندانیکردنی پەرلەمانتارانی کورد یان دەرکردنی سەرۆکشارەوانییەکانی کورد؛ پێشکەوتنێکە بە بەراورد لەگەڵ سەرۆک ترامپ کە باسی لە پەیوەندیی باشی خۆی لەگەڵ سەرۆک ئەردۆگان دەکرد. بایدن عادەتی ستایشکردنی کەسایەتیی دەسەڵاتخوازی نییە، لە ڕاستیدا حەز دەکات بەرەنگاریان بێتەوە، وەک چۆن دژی میلۆسۆڤیچ کردی. سەرۆک ئەردۆگانیش وەک میلۆسۆڤیچ ڕەفتار دەکات مەگەر بگۆڕێت، پێشبینی دەکەم کە پەیوەندییەکی ساردتر لەنێوان ئەو دوو سەرکردەیە دروست بێت."

**ئێران**

بە پێچەوانەی تورکیا، کوردی ئێران لە وڵاتێکدا دەژین کە پەیوەندییەکی قووڵی دژبەیەکی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە، ئەو وڵاتەی بایدن بەدوایدا دەگەڕێت بۆ گەڕاندنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی. کەمینەی کوردی ئێران بەدوای ئەوەوەن بگەنە بارودۆخێکی هاوشێوەی کوردستانی عێراق- هەرێمی سەربەخۆ لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، لەگەڵ دانپیانان بە ناسنامەی کورد و ڕێزگرتن لە مافە سیاسی-کولتوورییەکانیان. لە ئێستادا ڕژێمی ئێران کورد دەچەوسێنێتەوە. ڕژێم دەستگیرکردنی هەڕەمەکی، لەسێدارەدان، ئەشکەنجە، گۆڕینی دیمۆگرافیای ناچار لە ناوچە کوردییەکان و نەبوونی خزمەتگوزاری و گەشەسەندن؛ بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی دانیشتووانە کوردەکەی بچەوسێنەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆیە و بە هۆی خیانەتی ترامپ لە کوردانی سووریا، کورد لە ئێران متمانە و ئومێدی لە ئیدارەی ترامپ لەدەست داوە. سەلاح بایەزیدی نوێنەری حیزبی کۆمەڵە وتی: "ئەمساڵ یادی ٤١ ساڵەی شۆڕشی ئیسلامی لە

**"سەلاح بایەزیدی: نابێت ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران لەسەر حسابی چاوداخستن بێت لە سیاسەتی دەسەڵاتخوازانەی ڕژێم و پێشێلکارییە زۆروزەوەندەکانی مافی مرۆڤ"**

ئێران بوو، کاتێک ناڕەزایەتی لە شەقامەکان حکومەتی شایان هێنایە خوارەوە، پیاوانی ئایینی ئێران داوای شۆڕشیان لە خەڵک کرد. بە هەمان شێوە لە ساڵی ڕابردوودا خەڵکی کورد لە ئێران دژی ئەو ئیسلامیيانە ڕاوەستان کە لە ساڵی ١٩٧٩ هاتنە سەر دەسەڵات و لە دژی پیاوانی ئایینی لە سەرانسەری ناوچە کوردییەکانی ئەو وڵاتە خۆپیشاندانیان کرد، لەوانە لە شارەکانی وەک مەریوان و سنە و کرماشان و جوانڕۆ. کوردی ئێران هەمیشە لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا بوون لە دژی دڕندەیی و سەرکوتیی ڕژێم. ئەو ڕژێمە لە جەنگدا تێوە گلاوە، پشتیوانیی تیرۆریزم لە دژی ئەمەریکا دەکات، بەرنامەی مووشەکی ئەتۆمی و بالستیکی دروست دەکات و دەبێتە هۆی مردنی ملیۆنان ئێرانی و غەیرەئێرانی بە هەمان شێوە."

کورد لە ئێران هیواداره بایدن گرنگی بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بدات و چاو بە ڕێککەوتنی ناوکی و کەموکورتییەکانی بخشێنێتەوە. بەو شێوەیە بایەزیدی چەند پێشنیارێک دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "کاتێک ئیدارەی ئۆباما وەک بەشێک لە گرووپی ٥+١ (پلانی گشتگیریی هاوبەشی کار) کە بە ڕێککەوتننامە ناوکییەکەی ئێران ناسراوە؛ ئیمزا کرد، لە ١٤ی تەممووزی ٢٠١٥دا ئێمە وەک کورد لە ئێران دژایەتیمان نەکرد، بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتیمان لە کەموکوڕی و عەیبەکانی ئاگادار کردەوە. ڕێککەوتنەکە پێشێلکردنی گەورەی مافەکانی مرۆڤی ئێرانی و سیاسەتی سپۆنسەری تیرۆریزم و پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی بالستیکی لەخۆ نەگرت. جۆو بایدنی سەرۆککۆمار وەک جێگری سەرۆکی پێشوو بەشێک بوو لە ڕێککەوتنە ناوکییەکەی ئێران و بەدڵنیاییەوە بەتەواوی ئاگاداری هەستیاریی ئەم پرسە و عەیبەکانی ڕابردوو و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئێران لە سەرۆکایەتیی داهاتوویدا هەیە. ئەگەر هەر دانوستانێک لەگەڵ ئێران بکرێت، ئێمە وەک کورد هیواداریین کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی کەمینە ئەتنی و ئایینییەکان لە ناویشیاندا کورد لەگەڵ ئەو وڵاتە باس بکرێت. هەروەها هیواداریین ئیدارەی نوێ لەبیری بێت کە زۆرێک لە شارەزایانی ئێران لەو بڕوایەدان ئەم وڵاتە یەکێکە لە دوا ئیمپراتۆریەتە ماوەکانی جیهانی مۆدێرن، کە پێکهاتەی مۆزایکی فرە نەتەوە و فرە ئایینی هەیە. نابێت ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران لەسەر حسابی چاوداخستن بێت لە سیاسەتی دەسەڵاتخوازانەی ڕژێم و پێشێلکارییە زۆروزەوەندەکانی مافی مرۆڤ."

سەرەڕای ترسی کورد لە داهاتوو، ئەو پرسیارەی ئێستا هەر ماوە: ئایا بایدن لە ئێران شتێک بۆ کورد دەکات؟

بە هەمان شێوە، کوردەکانی ئێران ئامادەییەکی باڵایان بۆ هاوکاری لەگەڵ

بەرپرسانی ئەمەریکا و هیوایەکی زۆر بە ئیدارەی بایدن نیشان داوە.

کورد لە ئێران پێشبینیی دەکرد ئیدارەی ترامپ گرنگی بە پرسی کورد بدات و بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی هاوبەش لە دژی ڕژێم، هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی کورد بکات. لە ڕاستیدا لە ساڵی ٢٠١٨دا لە واشنتۆن چاوپێکەوتنی نێوان سەرکردە سیاسییەکانی کوردی ئێران و بەرپرسانی ئەمەریکا ئەنجام درا. حزبی کۆمەڵەی کوردی ئێرانی لە واشنتۆن چالاک بوو، لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٩دا لەگەڵ بەرپرسان و دیپلۆماتکارەکان لە ئیدارەی ترامپ کۆ بوونەوە بە مەبەستی "پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی و کاری هاوبەش لەگەڵ حکومەتی ئەمەریکا"، بەڵام ترامپ و ڕاوێژکارەکانی بیرۆکەی هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی ئێرانیان هەڵوەشاندەوە، بە هۆی ئەوەی سیاسەتی ئیدارەکە خۆلادان بوو لە هەر هەوڵێک کە توانا دیپلۆماسییەکان بخاتە مەترسییەوە لەگەڵ ئێران.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نووسەر سەلاح بایەزیدی نوێنەری کۆمەڵە لە ئەمەریکا، ڕایگەیاند: "دەزانم دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ڕووبەڕووی چەندین کێشەی گەورەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و لە نێویاندا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبێتەوە. وەکوو باسمان کرد، تۆمارەکانی و ئاشنابوونی سەرۆک بایدن بە پرسی کورد لە ڕابردوودا، نیشانەی هیوایە بۆ کورد بەگشتی، بەڵام کە باس لە جێبەجێکردنی سیاسەتی پشتگیریی کورد دەکرێت، ئەوا هێشتا ئاسان نییە. هیوادارین ئیدارەی نوێ ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە کوردەکانی ئێران و لایەنە سیاسییەکانی لە بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی ئەو وڵاتەدا لە دژی ڕژێم بە چالاکی ماونەتەوە و لە ساڵی (١٩٧٩)ەوە بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتی لە ئێران تێدەکۆشن. کورد داوای لە ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە کە بانگ لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ئێران بکەن لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتییانە و هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمی. لە کاتێکدا حکومەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران وەکوو هێزێکی شەڕەنگێزی هەرێمی لە شوێنەکانی وەک عێراق و سووریا و یەمەن دەوەستێتەوە، لە هەموو کات گرنگترە جەخت لەسەر کۆتاییهێنان بەو هەڵسوکەوت و هەڕەشانەی بهێنرێت لەبەرامبەر جیهان و گەلی خۆی ئەنجامی دەدات، لە ناویشیاندا ڕاگرتنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی."

لەگەڵ سەرکەوتنی بایدن، هیواکان بۆ کوردەکانی ئێران دووبارە دەگەڕێنەوە. هەروەها وتی: "لە کاتێکدا گفتوگۆ لەسەر ئەو مێژووە دەکەین، ئێمە جۆو بایدنی سەرۆک وەک یەکێک لە ئاشناترین کەسەکان بە خەباتی کورد دەبینین و بە هەندێک پێوانە بە یەکێک لە سیاسەتمەدارە هەرە پرۆکوردەکانی ئەمەریکا

چ وەک سیناتۆر، جێگری سەرۆککۆمار و ڕەنگە لە داهاتوودا وەک سەرۆککۆمار دەیبینین. ئەو سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە وەک سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران و وەک جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، بۆیە ئەم تۆمارانە لەناو زۆرێک لە سیاسەتمەدارەکانی دەیکەنە کەسایەتییەکی جیاواز. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە بە تۆمار نەمانبینیوە کە باس لە پێشێلکاری و ئازاری لەمێژینەی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران بکات."

ئێران بە هەمان شێوە بەرامبەر ئەگەری کرانەوە و هەماهەنگیی ئەمەریکا و کورد هەستیارە. ئەمەریکا لە هاوکاری لەگەڵ کوردەکانی ئێران لە سیاسەتی دەرەوە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، زۆر شتی هەیە کە بەدەستی بهێنێت. کوردی ئێران، گرنگترین و بەهێزترین هێزی سەربازیی سیاسی و ناحکومیی ناو ئێرانن. بۆ چالاککردنی ئەو هاوپەیمانە بەنرخە وەک سەرچاوەیەکی کاریگەر لە دژی ڕژێمی ئێران، ئەمەریکا پێویستە جەخت لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە دژی کەمینەکان لە ئێران و بەتایبەت کوردەکان بکاتەوە. پشتگیری لە کوردەکانی ئێران، دەبێتە هۆی زیادکردنی کاریگەرییان لە کاتێکدا کە ئەمەریکا بەدوای کەمکردنەوەی کردەوە شەڕەنگێزییەکانی ئێرانە لە ناوچەکەدا. هەروەها دەکرێت ئەمەریکا بە شێوەیەکی نهێنی کوردەکانی ئێران لە بەڕێوەبردن و تاکتیکی سەربازی ڕابهێنێت، بۆ یارمەتیدانیان لە دامەزراندنی هەرێمی ئیداریی نیمچەسەربەخۆی ناو ئێران. هەبوونی ئۆتۆنۆمیی کورد لە ناوخۆی ئێران، دەتوانێت فشار لەسەر ڕژێمی ئێران دروست بکات و لە کۆتاییدا ڕەنگە لە گۆڕینی حکومەتدا، یان لانی کەم لە گۆڕانکاری لە هەڵوێستە توندەکانی حکومەتی ئێستا؛ یارمەتیدەر بن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کاریگەری و سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆک جۆو بایدن بەرامبەر بە کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەستراوەتەوە بە ئامراز و کەسایەتیی دیپلۆماسییەکانی ئیدارەکە، بەتایبەتی وەزیری دەرەوە و ئەزموونەکانی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کە مامەڵە لەگەڵ کاروباری کورد و مەسەلەی ئیقلیمیدا دەکەن، وە هۆکارێک بۆ هیوا لەو بارەیەوە هەیە، ئەنتۆنی بلینکنی وەزیری دەرەوە بەئاشکرا نیگەرانیی دەربڕیوە لە بارەی دەستبەرداربوونی کوردەکانی سووریا لە سەردەمی ئیدارەی ترامپدا.

ئەگەر تەماشا بکەین، کرانەوەی زۆر هەیە بۆ پەیوەندیی توندتر لەنێوان ئەمەریکا و کورد لە ناوچەکەدا، ڕەنگە ئەو دەرفەتانەش یارمەتیی هەردوو لا بدات بۆ بردنەپێشەوەی بەرژەوەندییەکانیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی ئارامتر.

# ناوەڕۆک و ئاڵنگارییەکانی توانای ستراتیژیی هەناردەی ئێران لە بازاڕی عێراقدا

## (لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی ئێران و تورکیا لە بازاڕی عێراقدا)

**توێژەران:**

**موجتەبا ڕۆستەمی**

خوێندکاری دکتۆرا، بەشی بەڕێوەبردن و بازرگانی/کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی ئازادی ئیسلامی - هەمەدان

**فەرشید نەمایان**

مامۆستای یاریدەدەر، بەشی بەڕێوەبردن و بازرگانی/یەکەی کرماشان - زانکۆی ئازادی ئیسلامی - کرماشان

**عەلی ڕەزا ئیسلامبولچی**

مامۆستای یاریدەدەر، بەشی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی/کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی ئازادی ئیسلامی - هەمەدان

**ڕوحوڵا سوهرابی**

مامۆستای یاریدەدەر، بەشی ژمێریاری/ کۆلێژی زانستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان - زانکۆی ئەبو عەلی سینا - هەمەدان

ڕۆژنامەوان و شیکەرەوەی سیاسییە، سەرنجی کارەکانی لەسەر تێوەگلانی ئەمەریکا و هێزە دەرەکییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگیی تایبەت دەدات بە کاروباری سووریا و کورد.

**وەرگێڕان: ئەرخەوان سەیفور**



..............................................

**سەرچاوە: وەرزنامەی زانستیی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی سیاسەتدانانی گشتی، خولی دەیەم، ژمارە (٣٥)، ١٣٩٩.**

..............................................

**بەرایی**

بازرگانیی دەرەکی لە گرنگترین ڕایەڵەی مامەڵەی ئابووریی وڵات لەگەڵ وڵاتانی تردایە، پێویستی بە بەرنامەداڕێژییەکی زیرەکانە هەیە. یەکێک لە بیرۆکە تیۆرییە گرنگەکان لە بواری ئابووریدا، سوودوەرگرتنە لە توانای بازرگانیی دەرەکی بۆ دروستکردنی گەشەپێدانی ئابووریی (Balaguer, Florica & Ripolles, ٢٠١٥). پێویستە وڵاتان کردەی بازرگانیی دەرەکیی خۆیان دابەش بکەن، شیی بکەنەوە و ستراتیجییەکانی هەناردەکردن بۆ کۆمپانیا سەرکەوتووەکان، لە پانتایی کڕین و فرۆشتنی ڕکابەریدا گەشە پێ بدەن (Demir, Ozmen & Rashid, ٢٠١٤). ئێران خاوەنی شوێنگەی ستراتیجی و تایبەتمەندیی جیۆپۆلەتیکە، هەروەها سنووری وشکانیی لەگەڵ حەوت وڵاتدا هەیە و لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی فارس سنووری ئاوی هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی، سەرەڕای ئەوەی کە ئێران خاوەنی سەرچاوە سروشتییەکان و تایبەتمەندیی جیۆپۆلۆتیکی و دیبلۆماسیی

ئابوورییە، بەڵام نەیتوانیوە سوود لەم توانایانە وەربگرێت. پێویستییەکان و ژێرخانی ئابووری و بازرگانیی دەرەکیی بەهێز، پێشمەرجی دروستبوونی دیبلۆماسیی ئابووریی سەرکەوتوو و لێهاتووانەیە لە ناوچەکەدا. بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیجییەکانی بەڵگەنامەی ڕوانگەی ٢٠٢٥ (سند چشم انداز ١٤٠٤)، بینینی ئێران لە پلەی یەکەمی ئابووریدا، بە لەبەرچاوگرتنی دەرفەتی بازرگانییە دەرەکییەکان و سوودوەرگرتن لە توانا هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، دوو هێندە گرنگیی هەیە.

عێراق وەک هاوبەشی بازرگانیی ئێران، لەم توێژینەوەیەدا هەڵبژێردراوە. ئەم وڵاتە دراوسێیە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئێران؛ توانایەکی ئابووریی بەهێزی هەیە، لەم ڕووەوە دەتوانێت نوێنەرێکی گونجاو بێت لە ڕووی گۆڕانکارییە جیۆپۆلۆتیکییە تازەکان لەنێوان وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ لێکۆڵینەوەی دەرفەتەکانی نێوانیان هەژمار بکرێت. عێراق دوای نەمانی ئاسایشی درێژخایەن و دامرکانەوەی ڕووداوە تیرۆرستییەکان، کەوتووەتە بارودۆخێکی نوێوە و بەپێی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی[1]، لە ساڵی ٢٠١٧دا گەشەی ئابووریی عێراق لە ٠,٨٪ دابەزیوە، هەروەها تێکڕای بەرهەمهێنانی ناوخۆیی عێراق لە ٢٣٤ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ٢٠١٣ بووە بە ١٩٧ ملیار دۆلار، کە دەرخەری کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکانە لە بەشە جیاوازەکانی ئابووریدا، ئەم ڕەوتی دابەزینە بەتوندی لەژێر کاریگەریی شەڕە یەکلەدواییەکەکان و زیانلێکەوتنی ژێرخانەکان و لەکارکەوتنی پیشەسازیی دایک و گەمارۆ نێودەوڵەتییە درێژخایەنەکاندایە، گەشەی بەردەوامی عێراق لە قەبارەی بەرهەمهێنان و بەرژەوەندیی ئەرێنیی گەشەی هەناردەی نەوتی خاو، زیادبوونی دانیشتووان، زۆربوونی پێویستیی کەرەستەکانی بیناسازی و کاڵا جیاوازەکان و هەوڵدان بۆ بەپیشەسازیبوون و پشتگیرییەکانی دەوڵەت لە وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکییەکان لەم وڵاتەدا، هەموو ئەمانە بارودۆخێکی زۆر باشی بۆ عێراق وەک یەکێک لە جەمسەرە گرنگەکانی خواستنی کاڵا و بەرهەمەکانی لە جیهاندا دروست دەکات.

بەپێی زانیارییەکانی ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی[2]، هەناردەی تورکیا بۆ عێراق لە ماوەی ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٨، هەڵکشانی بەخۆوە بینیوە. بوونی تورکەکان لە عێراق، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ڕۆڵی ئابووری و بازرگانیی ئێران لە عێراقدا، لە کاتێکدا کە ئێران سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا هەیە بە درێژایی ١٤٠٠ کیلۆمەتر، سەرەڕای

1 https://www.wto.org/ https://

2 https://www. Trademap. Org

ئەوەش لە ڕووی کولتووری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئایینییەوە خاوەنی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشە لەگەڵ عێراقدا، ئەمە پێویستی بە بەرنامەیەکی ستراتیژی هەیە بۆ گەشەپێدانی قووڵ لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان، هەروەها بۆ سوودوەرگرتن لە دەرفەتە بازرگانی و ئابوورییەکان و پێشکەوتنی ڕکەبەرەکان لە بازاڕی عێراقدا بەتایبەتی تورکیا.

مۆدێلی بازرگانی و وەبەرهێنان بە مەبەستی کەمبوونەوەی فشارە ئابوورییەکانی جیهان و تێپەڕاندنی گەمارۆی دوژمن؛ یاساکانی نێودەوڵەتی گۆڕاوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەم بارودۆخانەدا، بابەتی لێکۆڵینەوە پێویستی بە پێداچوونەوەی قووڵ و چاوپیاخشاندنە لە سیاسەتە بازرگانییەکانی داهاتوو بەتایبەت لەگەڵ عێراقدا. هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو بۆشاییانە و ئەو قەیرانانەی کە لە نێوانیاندایە لە کاتی دەرکەوتنیاندا و لە لایەنی ئاڵۆزی بازرگانیی دەرەکی و گۆڕانە لەبەرچاوەکانی تەکنەلۆجیای نوێدا بە پێویست دەزانرێت. لەسەر بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەی کە لەبەر دەستدایە، بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی شیکاریی ناوەرۆک، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەین کە فاکتەرە کاریگەرەکان، ناوەرۆک و ئاڵنگارییەکانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئێران و عێراق کامانەن؟

**• بارودۆخی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئێران و عێراق**

**- ئێران**

بەپێی کۆتا ژمارەکانی سەرژمێری و ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، دانیشتووانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٨، بە ٨٢/١ ملیۆن کەس هەژمار کراوە. بەپێی سایتی دووریی جوگرافی (GeoDistance)، ئێران دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و لەگەڵ ١٥ وڵات دراوسێیە. ڕاپۆرتی بازرگانیی نێودەوڵەتی[٣] بەم شێوەیە ئێران دەناسێنێت: ئێران لە ڕۆژئاوای ئاسیا لە نزیکی دەریای خەزەر، کەنداوی عەممان و کەنداوی فارسدایە. ئەم وڵاتە لە کاتی تێپەڕیندایە بە ئابووریی بازاڕدا. ئێران بە سێیەمین وڵاتی خاوەن نەوتی پاشەکەوتکراو لە جیهاندا دانراوە.

بە شێوەیەکی سروشتی نەوت و گازی سروشتی گرنگترین هەناردەکانی ئێرانن و هەناردەی تری وەک ماددەی کیمیایی، پلاستیک و میوەیشی هەیە. هاوردەی سەرەکیی ئێران: ئامێرە کارەباییەکان، دانەوێڵە، ئاسن، پۆڵا و ماددەی کیمیاییە. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٧ی سایتی نەخشەی بازرگانی، ئێران بەرهەمەکانی بە ڕیزبەندیی ٨/٦ لە سەددا بۆ وڵاتی چین، ٦١/٣٪ بۆ ئیماراتی عەرەبی، ٦١/١٪ بۆ عێراق، ٤٤/١٪ بۆ کۆریای باشوور، ٣/٨٪ بۆ تورکیا، ٢/٦٪ بۆ ئەفغانستان، ٢/٦٪ بۆ هیندستان؛ هەناردە کردووە.

3 http://www.intraen.org/country/iran/




بەپێی داتاکانی خشتەی ژمارە (١)، لە هەناردەکاندا بەرهەمە سووتەمەنییە کانزاییەکان و چەورییە کانزاییەکان پلەی ١٦ی جیهان و پشکی ١/٩ی لە هەناردە جیهانییەکان بۆ خۆی تەرخان کردووە. سەبارەت بە ساڵی ٢٠١٧، دابەزینی بە نزیکەیی ٢٩٪ی هەبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧، پلەی پێنجەم لەسەر ئاستی جیهان و پشکی ٣/٨ لە هەناردە جیهانییەکانی بۆ خۆی تەرخان کردووە و ٣٤٪ بەرزبوونەوەی بەرامبەر بە ساڵی ٢٠١٦ هەبووە و بەهای هاوردەی جیهانی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨، دابەزینی ٣٪ی هەبووە. ئەم دابەزینە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ئەو وڵاتانەی بە خاوەن ئابووریی نەوت هەژمار دەکرێن.

لە ڕاستیدا (٦) گرووپ کاڵا، زۆرینەی هەناردەکانی زیاتر لە ٨٥٪ی هەناردەی ئێرانیان پێک هێناوە کە بەرامبەر بە ٥٦/٨ ملیارد دۆلار بەهای هەناردەی ئێرانیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە. لەم نێوانەدا تەنها یەک گرووپ کاڵای تەرخان کردووە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پشکەکەی کەمترە لە ٢٪-ی بەرامبەر بە ٩٢٥ ملیۆن دۆلارە، بە واتایەکی تر: زیاتر لە ٨٣٪ی هەناردەی ئێران لە ساڵی ٢٠١٨دا پەیوەست بووە بە نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان، پلاستیک، ماددەی کیمیایی، ئاسن و پۆڵا و

بەردی کانزایی. داتاکان دەرخەری ئەوەن کە لە بابەتی هەناردەکراوی بێجگە لە نەوت، بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان؛ هەنگاوی بونیادی نەنراوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی نەخشەی بازرگانی، پشکی وڵاتان لە زۆربەی هاوردەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٨دا بە دابەزینی ٪٢٠ بەرامبەر بە ساڵی ٢٠١٧ گەیشتووەتە ٤٠ ملیار دۆلار. لە ساڵی ٢٠١٧دا زۆرترین پشک لە بەهای هاوردەکانی ئێران لە چینەوە بە پشکی ٪٤/٢٥ بووە و وڵاتانی ئیماراتی عەرەبی بە ٪٨/١٥، کۆریای باشوور ٪٧، تورکیا ٪٦، ئەڵمانیا ٪٥ و هیندستان ٪٤ لە ڕیزەکانی دواییدان. پشکی ئەم ٦ وڵاتە لە بەهای هەموو هاوردەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٧دا بە نزیکەیی ٪٦٤ بووە.

- **عێراق**

لەسەر بنەمای کۆتا ژمارەکانی سەرژمێری و ڕاپۆرتی بانکی جیهانی، دانیشتووانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨، ٣٨/٨ ملیۆن کەس خەمڵێنراوە. بەپێی سایتی "GeoDistance"، عێراق لەگەڵ (٦) وڵاتدا سنووری هاوبەشی هەیە. ٪٩٥ی دانیشتووانی عێراق لە موسوڵمانەکان پێک هاتووە و کولتووره نەتەوەییەکان، کە بە شێوەیەکی سەرەکی عەرەبەکان و کوردەکان دەگرێتەوە. موسوڵمانەکانیش ٪٦٥یان شیعە و ٪٣٢یان سوننەن (صادقی، مارابی و اکسا، ١٣٩٥). ئابووریی عێراق بە هۆی ئەو کێشە زۆرانەی کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا تووشی بووە، ڕووبەڕووی لاوازییەکی زۆر بووەتەوە لە بەشە جیاوازەکانی ئابووریدا.

هێرشی سەربازیی ئەمریکا و لەناوچوونی ڕژێمی سەددام، لەگەڵ ئەو کێشە توندانەی کە بوونیان هەیە، هاوکێشەی جیۆپۆلەتیکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقی لە بنچینەوە گۆڕی. لە لایەکی ترەوە، دروستبوون و فراوانبوونی گرووپە تیرۆریستییە تەکفیرییە-سەلەفییەکان، زۆرترین کاریگەرییان لەسەر ئاسایش و تێکڕای قەبارەی بازرگانیی دەرەکیی عێراق دانا (صادقی و هاوکاران، ١٣٩٥).

تێکڕای قەبارەی بازرگانیی دەرەکیی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨، یەکسان بووە بە ١٢٦ ملیار دۆلار. هاوبەشە بنەڕەتییەکانی هەناردەی عێراق بریتین لە: ولایەتە یەکگرتووەکان (٪٢٥ی کۆی گشتی هەناردەکان)، هیندستان ٪١٤، چین ٪١٢، کۆریای باشوور ٪٩. لەسەر بنچینەی داتاکانی ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی، عێراق بە بەهای ٩٦ ملیار دۆلار هەناردەی هەبووە و پلەی ٣٦ی هەیە لە جیهاندا و ڕێژەی ٪٥ی هەناردەی جیهان پێک دەهێنێت.

**• زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکە**

- **زانیارییەکانی شیکاریی ناوەرۆک**

لە بەشبەشکردن و شیکاریی داتاکانی چاوپێکەوتن بە میتۆدی شیکاریی ناوەرۆک (تحلیل مضمون)، ١٠ قەیرانی گرنگ و ستراتیژی لە گەشەپێدانی پەیوەندییە دوولایەنەکانی

ئێران و عێراقدا دەستنیشان کران کە بریتیین لە: بەهای زیادە (ارزش افزوده)، نەبوونی جۆراوجۆریی هەناردەکان، لاوازیی دیپلۆماسیی ئابووری، پشتیوانیی دەوڵەت، لێنەهاتوویی کۆمپانیاکانی بەڕێوەبردنی هەناردە، ئاڵۆزیی ئابووری، کوالێتیی بەرهەمەکان، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی، گەشەپێدان و نوێکردنەوەی پێکهاتەکان و گۆڕینی پێکهاتەی ئابووری لەسەر بنەمای سیاسەتەکانی ئابووریی خۆڕاگرییانە (اقتصاد مقاومتی).

بەهای زیادە، کوالێتیی بەرهەمەکان و جۆراجۆریی هەناردەکان؛ سێ چەمکی سەرەکیی گرنگن کە لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە. یەکێک لە مامۆستاکانی زانکۆیەکی عێراق، ئاماژەی بە هەناردەی بەرهەمەکان کردووە بە بەهای زیادەی کەم و ئەم چەمکەی بەم شێوەیەی خوارەوە خستووەتە ڕوو: "کاڵا بەرهەمهێنراوەکان وەک کەلوپەلی ناوماڵ، تەلەڤزیۆن و... هتد؛ تێچوونی زیاتریان هەیە و زۆر پێشکەوتووترن لە ماددەی خۆراکی. ئەمڕۆ کوالێتیی بەرهەمەکان تەواو بووە و بەرهەمەکانی بەها زیادەیان پێ دەڵێن." سەرەڕای ئەمەش گلەیی لە بەرهەمەکانی ئێران هەبوو: "بەرهەمەکانی تورکیا کوالێتیی باشتر و بەهای زۆرتریان هەیە، بۆ نموونە لە دووکانەکانی سلێمانی هەموو ئامێرە کارەباییەکان و... هتد؛ هیی تورکیایە. ئێران تەنها لە بەشی ماددەی خواردەمەنیدا بوونی هەیە." "لە عێراق زۆربەی خەڵک وا دەزانن ئۆتۆمبێلە ئێرانییەکان ترسناکن و تەنها لەبەر هەرزانیی نرخ دەکڕدرێن." "زۆربەی کاڵاکانی ئێران بۆ عێراق، ماددەی خۆراکی و شیرەمەنین. لە بەرامبەردا، تورکیا کاڵاگەلێکی وەک جلوبەرگ زیاتر هەناردە دەکات."

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو، بەم شێوەیە وتبووی: "ئەوەندەی کە شووتی، سەوزەوات، ماددەی ئێکسپایەربوو و ماددەی سەرەتایی و لەم بابەتانە بۆ عێراق هەناردە دەکەین، ئایا دەرمان و پێویستییەکانی ماڵەوە و یان شتی تر دەنێرین؟" "بە هۆی کوالێتیی خراپی بەرهەمەکان، بەداخەوە ئێمە براندی نەتەوەییمان لە عێراق خراپ کردووە."

**- سەرمایەگوزاریی ڕاستەوخۆی دەرەکی**

زۆربەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، باس لە بایەخپێنەدانی تواناکان و دەرفەتە کردەییەکانی عێراق دەکەن و بەم شێوەیە یەکێکی تر لە قەیرانەکان و بۆشاییەکانی هەناردە دەستنیشان دەکەن: "عێراق هەموو شتێک هاوردە دەکات. هەموو شت! بەڵام ئەم ڕەوتە بەردەوام نابێت و پێویستە نەبێت. ئێستا عێراق لەژێر داروپەردووی ٤٠ ساڵ شەڕ هاتووەتە دەرەوە، پێویستی بە سەرلەنوێ بونیادنانەوەیە. عێراق دەتوانێت لەم بوارەدا سەرمایەگوزاری بکات. بێگومان عێراق پێشوازیی لێ دەکات." "عێراق

تینووی وەبەرهێنانی دەرەکییە، بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵی و پیشەسازیدا. ئێران دەتوانێت لە بەرامبەردا، دەرگاکانی بازاڕە گەورە ٤٠ ملیۆنییەکەی عێراق بە ڕووی خۆیدا بکاتەوە."

- **ئاڵۆزیی ئابووری**

فرۆشتنی ماددەی خاو و هەناردەکردنی سەرچاوەکان، یەکێکی تر لە قەیرانە گرنگەکانی ئەو کەسانە بوون کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو و ئەم چەمکەیان بەم شێوەیە باس کرد: "لە هەناردەکانی نانەوتی بەکردەیی بە ئاڕاستەی فرۆشتنی ماددەی خاو دەڕۆین." "شتە هەناردەکراوەکان، بێجگە لە شتی بەستەکراو و لەقوتوونراو کە لە گرووپی ئەو کاڵایانەن لە بەرهەمەکانی بواری کشتوکاڵی وەک دوابەرهەم هەناردە دەکرێت." "ئێران لەجیاتیی بەرهەمهێنانی تەماتە و بیبەر، با لە بیری دروستکردنی گسکی کارەبایی و جلشۆردا بێت."

- **پشتگیریی دەوڵەت، گەشەپێدان و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ژێرخانەکان**

وا دەردەکەوێت کە ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، زۆربەی فاکتەرە ڕێگرەکانی بەردەم پەیوەندییە بازرگانییەکانی عێراق بە لاوازیی پێکهاتەیی دەزانن. ئەم چەمکەیان بەم شێوەیە باس کرد: "لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە وڵاتانێکی وەک ئازەربایجان و تورکەمەنستان لەخوار ئێمەوەن، دیسانەوەش لەم پانتاییەدا دۆڕاوین و ئێران نەیتوانیوە سوود لەم دەرفەتانە وەربگرێت، ئەمەش دەریدەخات لە ناوخۆدا زۆر کێشەمان هەیە." "ئێران پێویستی بە چاککردنی ژێرخانەکانی خۆی لە پیشەسازیدا هەیە، ئەمە تەنیا ڕێگایەکە کە دەتوانێت ڕکابەری بکات."

دابینکردنی متمانەی دارایی هەناردەکان، لە ڕیزی یەکێکی تر لە بەربەستەکانی هەناردەکارەکاندا خرایە ڕوو، ئەم چەمکە بەم شێوەیە باس کرا: "ئێمە دەتوانین متمانە بدەین بەو کۆمپانیا تایبەتە هەرەوەزانەی کە لە موزایەدەی نێودەوڵەتیدا براوە بوون." "بازرگانیی دەرەکی سوار کەژاوەی پەیوەندییەکانی بانك بووە، دەبێت ژێرخانە بانکی و کارگێڕییەکان بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی بتوانێت متمانەی دەرەکی بە کڕیاری دەرەکی بدات. لە سندووقی گەشەپێداندا، پێویستە قەرز بەو پیشەسازییانە بدەین کە دەتوانن بەرهەمەکانیان هەناردە بکەن."

دیبلۆماسیی ئابووری: زۆربەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ڕۆڵی دیبلۆماسیی ئابووریيان وەک ناوەندی سەرەکیی ئاسانکاریی هەناردەی بەرهەمەکانیان لە بازاڕی عێراقدا لەقەڵەم دا و تورکیایان بە خاوەنی دیبلۆماسیی گشتی و تەراتێنی ئابووری لە عێراقدا دەزانی. ئەم چەمکە بەم شێوەیە خرایە ڕوو: "ئێستا تورکەکان بە دیپلۆماسیی گشتی و ئابووریی کاراوە چوونەتە عێراق و دیدار لەگەڵ خەڵکی

عەشایەر دەکەن و لەگەڵیان نان دەخۆن و لەناو خەڵکی بازاڕدا ئامادە دەبن."

"پێویستە دەوڵەت بەربەستەکان لا ببات. کەسێک کە بەدوای دروستکردنی گەشەپێدانی بازرگانییەوەیە لەگەڵ وڵاتانی تر، پارێزگاریی لێ دەکرێت؟ پشتیوانیی دەکرێت؟ ڕێزی لێ دەگیرێت؟ تەنیا شتێک کە دیپلۆماسیی ئێران لێی بێئاگایە، هەر ئەمەیە." "پەیوەندیی ئێران لەگەڵ عێراق لە ئاستی دەوڵەت، بە تێڕوانینێکی سەربازییە." "ئەگەر هاوکاریی زەبەلاحی ئابووری بکرێت، بەدڵنیاییەوە باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات خێراییەکی زیاتری دەبێت."

کۆمپانیاکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکان (EMC): ئەم خاڵە بە ڕای ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، بە یەکێک لە هەرە خاڵە لاوازەکان لە بازاڕی عێراقدا دادەنرێت. "کاتێک وردە جووتیارێک بەرهەمەکانی هەناردە دەکات بۆ دەرەوە، نە بازاڕێک دەناسێت و نە دەزانێت ژێرخانی ئابووری چییە و نە دەزانێت مافەکانی کامانەن و نە گەرەنتییەکانی چین، کاتێک ئەمە بوونی نییە، هەناردەکردن کەم دەبێتەوە. ناتوانین بەرهەمەکان بفرۆشین، ئەم بۆشاییە لە وڵاتانی تردا بوونی هەیە." "EMC"یەکان ئەگەر بەڕاستییش بوونیان هەبێت، یەک کەس یان کۆمەڵێکی بچووکن کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ببنە چەترێکی گشتگیر.

**- گۆڕینی پێکهاتەی ئابووری لەسەر بنەمای سیاسەتەکانی "ئابووریی بەرگرییانە"**

زۆربەی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ڕۆڵی گۆڕینی پێکهاتەی ئابووری لەسەر بنەمای سیاسەتەکانی ئابووریی بەرگرییانە وەک ژێرخانی گۆڕان و تێڕوانینی نوێ لە سیاسەتەکانی بازرگانیی داهاتووی وڵات بە پێویست زانی. لەدەستدانی دەرفەتە بازرگانییەکان و هاوکارییە ئابوورییەکان لە ناوچەکە و کەوتنە بارودۆخی ستراتیژیی تایبەت و تایبەتمەندییە جیۆپۆلۆتیکەکانی ئێران لە ناوچەکە و پاڵپشت بە توانا ناوخۆییەکان، لە پێویستییەکانی گۆڕانی پێکهاتەیی لە ئابووریدا هەژمار دەکرێت. کلیلی چارەسەری دۆخی ئێستا و دەرچوون لەو بارودۆخە نالەبارە و ڕزگاربوون لە گەمارۆ ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، لە گرەوی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئابووریی بەرگرییدایە.

**- بەراوردکردنی هەناردەی ئێران و تورکیا لە بازرگانیی عێراق**

لێکۆڵینەوەی ڕەوتی بازرگانیی گرووپ کاڵاکان لەنێوان ئێران و تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧، هەناردەکانی ئێران بۆ تورکیا: بنەمای بەراوردکاری، قەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی گرووپی کاڵا بازرگانییەکانی ئێران و تورکیا لە ساڵی (٢٠١٧)یە. لەسەر بنەمای داتاکانی ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی، بەهای هەناردەی ئێران بۆ تورکیا ٣/٩ ملیار دۆلارە کە پشکی ٤٪ی

هەموو هەناردەکانی ئێران لەخۆ دەگرێت. زۆرترین بەهای هەناردەکانی پەیوەست بە بەرهەمە کانزاییەکان، واتە سووتەمەنییە کازاییەکان و چەورییە کانزاییەکان و بەرهەمەکانی بە بەهای ٢/٣ ملیار دۆلارە. زیاتر لە ٨٦٪ ی هەناردەکانی ئێران بۆ تورکیا، پەیوەست بە بەرهەمە کانزاییەکان و پیشەسازییە کانزاییەکانە.

هەناردەکانی تورکیا بۆ ئێران: بەپێی داتاکانی ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی، لە هەناردەکانی (٥) گرووپ کاڵای زۆرینەی هەناردەکان بۆ ئێران، بەهای هەناردەکان بۆ ئێران لە ساڵی ٢٠١٧ بە بەهای ٣ ملیار و ٢٥٩ ملیۆن دۆلارە کە پشکی ٢٪ی هەناردەکانی کۆی گشتیی تورکیا لەخۆ دەگرێت. بە بەراورد، هەناردەکانی ئێران بۆ تورکیا بە بڕی ٧/٢ ملیۆن دۆلار زیاترە لە تورکیا، پێشکەوتنی هەناردەکانی ئێران لە بازرگانیی دوولایەنەی ئێران و تورکیا بە هۆی زۆربوونی هاوردەکردنی سووتەمەنییە کانزاییەکان و چەورییە کانزاییەکانە لە ئێرانەوە بۆ تورکیا. بەپێی ئەم داتایە، (٥) گرووپ کاڵا دەست بەسەر زیاد ٤٠٪ی هەناردەکانی تورکیا بۆ ئێراندا دەگرێت.

مەکینەکان و کەلوپەلە میکانییەکان لە پلەی یەکەمدان و بەهای هەناردەکردنیان ٥٤٢ ملیۆن دۆلارە. زۆرینەی بەرهەمە هەناردەکراوەکانی تورکیا، لە بەرهەمە پیشەسازییەکانن کە بە بەراورد بە بازرگانیی دوو لایەنەی ئێران و تورکیا، پەیوەست بە بەرهەمە کانزاییەکان واتە سووتەمەنییە کانزاییەکان کە بێجگە لە نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان کە دەرخەری فرۆشتنی ماددەی خاوی سەرچاوە سروشتییەکان و هەناردەکردنی کۆمەڵە کاڵایەکی لاوەکین. سێیەمین گرووپی کاڵاکان، تایبەتە بە ڕیشاڵە دەستکردەکان کە بەهای هەناردەکردنی بە بڕی ٢٠٠ ملیار دۆلارە. لێکۆڵینەوەی شمەکی هەناردەی تورکیا بۆ ئێران لە ساڵی ٢٠١٧، دەرخەری ئەوەیە کە بەشێکی هەناردەی تورکیا پەیوەستە بە بەرهەمە پیشەسازییەکان، بە واتایەکی تر: زۆرترین هەناردەکانی تورکیا پێک هاتووە لە هەناردەکردنی کۆمەڵە کاڵایەک بە بەهای زیادەباڵا واتە بەرهەمە کۆتایی و بەرهەمە بەکارهێنەکان.

**- ڕەوتی بازرگانیی گرووپ کاڵاکانی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ٢٠١٧دا**

هەناردەکانی ئێران بۆ عێراق: بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی، لە ساڵی ٢٠١٧دا کۆمەڵە کاڵایەک بە بەهای ٦ ملیار و ٤٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ عێراق نێردراوە. کە زۆرترین بڕی گرووپ کاڵا هەناردەکان تایبەتە بە پلاستیک و بەرهەمەکانی. بڕی هەناردەکانی ئەم گرووپە ١ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە، بە پشکی ١٨/٦ لە سەدی کۆی گشتیی هەناردەکانی بۆ عێراق لەخۆ دەگرێت. بەرهەمە شیرەمەنییەکان و ئامێرە کارەباییەکان

و کەلوپەلە میکانیکییەکان، میوە و سەوزەوات و بەرهەمەکانی کاشی؛ بە بەشێک لە زۆرینەی شمەکە هەناردەکراوەکانی ئێران دادەنرێت. ٥ گرووپ کاڵا، ٪٥٣ی هەناردەکانی بۆ عێراق تایبەت کردووە. وێنەی ژمارە (١)، خشتەی ٢٠ گرووپ کاڵای هەناردەکراوی ئێران بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٧دا پیشان دەدات کە ٪٨١ی هەناردەکانی ئێران بە بەهای ٥/٢ ملیار دۆلار بۆ خۆی تەرخان کردووە.

لەو خاڵانەی کە جێگای سەرنجدانن لە زانیارییەکانی ٢٠ گرووپ کاڵای هەناردەکراو بۆ عێراق لە خشتەی ژمارە (١)، ئەمەیە کە بەشێکی زۆر لە گرووپ کاڵا هەناردەکراوەکان بەهای زیادەی کەمیان هەیە، ئەم کاڵایانە بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکانن کە لە ڕیزبەندیی هەناردەی بێجگە لە نەوتدان. بەرهەمە هەناردەکراوەکانی وەک بەرهەمی شیرەمەنی، میوە، سەوزەوات، فەرش، ماسی، قارچک، سابوون و ماددەی پاککەرەوە، شووشەوات و قاپوقاچاخە.

**- ڕەوتی بازرگانیی گرووپ کاڵاکانی نێوان تورکیا و عێراق لە ساڵی ٢٠١٧دا**

هەناردەکانی تورکیا بۆ عێراق: بەپێی زانیارییەکانی ناوەندی بازرگانیی نێودەڵەتی، لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی تورکیا و عێراق لە ساڵی ٢٠١٧دا دەریدەخات تورکیا توانیویەتی تەنیا لە ٥ گرووپ کاڵادا ٪٣٩ی هەناردە بۆ عێراق بۆ خۆی دابین



بکات کە بەرامبەر ٣٥ ملیار دۆلار بەهای هەناردەکەیەتی. بەردە بەنرخەکان و کانزا گرانبەهاکان زۆرترین بەهای هەناردەکراویان بۆ عێراق هەبووە لە ساڵی ٢٠١٧، بە بەهای ١/١٨٥ ملیۆن دۆلار کە پشکی ١٧/٤ لە سەدی لە کۆی گشتیی بەرهەمە هەناردەکانی ساڵی بۆ خۆی تەرخان کردووە.

دوای ئەوە، بەرهەمەکانی بەرهەمە پیشەسازییەکان، جۆ، نیشاستە، گەنم و جلوبەرگ؛ ڕیزبەندیی بە پشکەکانی ٧٪ و ٩/٤٪ و لە پلەکانی دواتری گرووپ کاڵاکانی زۆرینەی هەناردەی تورکیا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ دەردەخات. شایەنی باسە کە ئەم هەناردانە پشکێک بە نزیکەیی ٨١٪ لە بەهای هەناردەکانی تورکیا بۆ عێراقیان هەبووە.

لە تایبەتمەندییە بایەخدارەکانی وێنەی ژمارە (٢)، لە زانیارییەکانی ٢٠ گرووپ کاڵای هەناردەکراوی تورکیا بۆ عێراق، هەناردەی بەرهەمە کۆتاییەکان بە بەهای زیادە باڵا وەک بەردە گرانبەهاکان و جلوبەرگ، مۆبیلیات، بەرهەمە شیرەمەنییەکان، دانەوێڵەی ئامادەکراو، کەرەستە کارەباییەکان، ڕۆنی سروشتی، میوە، سەوزەوات و کاغەزە. کۆی گشتیی بەهای هەناردەکانی گرووپ کاڵای بەرهەمە پیشەسازییەکان، شیرەمەنی، دانەوێڵە، ڕۆنی گیایی، میوە، سەوزەواتی لەقوتوونراو، سەوزەواتی خۆراکی؛ بە ڕێژەی ٢/٢ ملیار دۆلارە کە هاوشێوەی بەرهەمە هەناردەکانی ئێران بۆ عێراق بە بەهای ١/٦ ملیار دۆلارە. تورکیا لە دوو گرووپ کاڵاکەی جلوبەرگی بە بەهای ٦٥٩ ملیۆن دۆلاری بۆ عێراق ناردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران لە گرووپ کاڵای جلوبەرگ بە بەهای ٩٨ ملیۆن دۆلاری بۆ عێراق هەنارده کردووە.

بەپێی زانیارییە هەناردەکان، ئێران لە گرووپ کاڵای بەرد و کانزا گرانبەهاکان هەناردەی جێگە سەرنجی نییە. بەهای هەناردەکانی ئەم گرووپ کاڵایە، بە نزیکەیی ٨٤ ملیۆن دۆلارە کە لەگەڵ هەناردەکانی تورکیا لە بازاڕی جیهان و بازاڕی عێراق بەراورد ناکرێت، بە واتایەکی تر: بەبێئاگایی لە توانای هەناردەکانی ئێران هەژمار دەکرێت. بڕی هەناردەی بەردە بەنرخەکان و کانزا گرانبەهاکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧دا بە بەهای ١٠/٨ ملیار دۆلارە، کە بڕی ١٠٪ی هەناردەی تورکیا پێک دەهێنێت، هەڵبەت لە ساڵی ٢٠١٨ هاوکات بوو بە دابەزینی ٣٤٪. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەهای هاوردەکانی ئەم گرووپ کاڵایە زیاتر لە ١٧ ملیار و ٨٤٠ ملیۆن دۆلارە و ٦ ملیار و ٣٩٥ ملیۆن دۆلار ڕێکاری بازرگانیی نێگەتیڤی هەیە.

**• بەراوردی ڕەوتی هەناردەکانی ئێران و تورکیا لە بازاڕی عێراقدا**

بەپێی زانیارییەکانی داتای ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی، هەناردەی ئێران و تورکیا بۆ بازاڕی عێراق لە ساڵی ٢٠١٧دا بەراورد کرا

لەنێوان ١٠ گرووپ کاڵا هاوشێوەی خشتەی ژمارە (٣).

بنەمای بەراوردەکە، ١٠ گرووپ کاڵای زۆرینە هەناردەکراوی تورکیا بۆ عێراقە. هەناردەی ئێران بۆ عێراق لەم ١٠ گرووپ کاڵایەدا بە بەهای ٢/٤ ملیار دۆلار و ڕێژەی زیاتر لە ٣٧٪ی کۆی گشتیی هەناردەکانی ئێران بۆ عێراقە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە تورکیا لە گرووپ کاڵاکانی خشتەکەی سەرەوە بە بەهای ٥/٣ ملیار دۆلار و بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٨٪ی کۆی گشتیی هەناردەکانی تورکیا بۆ عێراقە. زانیارییەکانی خشتەکە دەریدەخەن کە تورکیا لە گرووپ کاڵای بەرهەمە کانزاییەکان، بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پیشەسازی و خۆراک و بەرهەمەکانی پیشەسازیی دار و جلوبەرگ لەپێشترە. بێجگە لە هەناردەکانی پلاستیک و بەرهەمە شیرەمەنییەکان، لە ٨ گرووپ کاڵای تردا تورکیا بەهێزتر و سەرکەوتووتر کاری کردووە و پێوانە ناکرێت بە ژمارەی هەناردەکانی ئێران. لە کۆمەڵە بابەتێکی وەک هەناردەی بەردە گرانبەهاکان بۆ عێراق، پشکی ئێران ١ ملیۆن دۆلارە.

بڕی هەناردەی بەرهەمە بەرهەمهێنراوەکان؛ ٨٠ ملیۆن دۆلار پشکی هەناردەکانی ئێرانە، لە کاتێکدا تورکیا ئەم بەرهەمانەی بە بەهای ٦٥١ ملیۆن دۆلار بۆ بازاڕی عێراق ناردووە. بە سەرنجدانی ژمارەکانی خشتەکە، هەناردەکانی ئێران لە ڕیزی کاڵا نێوەندگیرەکانن. نموونەی بەرجەستەشی، هەناردەی پلاستیکە کە بە بەشێک لە پیشەسازیی لەخوارتری پترۆکیمیایی دەژمێردرێ، هەر بۆیە پێویستە ئێران لە توانا پشتگوێخراوەکانی هەناردەکانی لە بازاڕی عێراقدا بکۆڵێتەوە. لە وێنەی ژمارە (٣)دا هێڵکاریی ڕەوتی شیکاریی هەناردەکانی ئێران بۆ عێراق لە ماوەی نێوان (٢٠١٦-٢٠١٨)، هاوشێوەی ١٠ گرووپ کاڵای هەناردەکراوی تورکیا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ ئاماژەی پێ کراوە. ڕەوتی زانیارییەکان لە سێ ساڵی کۆتاییدا، دەریدەخەن کە هەناردەکانی ئێران گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی نەبووە لەو ١٠ گرووپ کاڵایەی کە تورکیا بۆ بازاڕی عێراقی دەنێرێت کە شایەنی سەرنج بێت.

**ئەنجام**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی ناساندنی فاکتەرە ستراتیژییەکان و ناوەڕۆک و قەیرانەکانی ئێستا لە گەشەپێدانی بازرگانیی دەرەکی و هەروەها شیکاری بارودۆخی بازرگانیی دەرەکیی ئێران لە بازاڕی عێراقدا، پشتبەستوو بە داتای زانیارییەکانی ناوەندی بازرگانیی نێودەوڵەتی (نەخشەی بازرگانی) ئەنجام درا. بە میتۆدی شیکاریی ناوەڕۆک، ١٠ نیشاندەری ستراتیژی لە بواری بازرگانیی دەرەکی دەستنیشان کرا کە بریتین لە دیبلۆماسیی ئابووری، ئاڵۆزیی ئابووری، بەهای زیادە، چڕکردنەوەی هەناردەکان، کوالێتی، پشتگیریی دەوڵەت و ژێرخانی پتەو و نەرم، لەدەستدانی دەرفەت و سەرمایەگوزارینەکردنی ڕاستەوخۆی دەرەکی لە

بونیادنانەوەی عێراق، لێنەهاتوویی کۆمپانیاکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکان و سەرنجنەدان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووریی بەرگری لە پێکهاتەی ئابووریی وڵاتدا.

بە پیاچوونەوەیەک بە ئەدەبیاتی فراوانی ناو بواری بازرگانیی دەرەکی، دەبینین کە وڵاتان بە سیاسەتی نوێ و گرێبەستی دوولایەنە و ناوچەیی بەدوای گەشەپێدانی بازرگانیی دەرەکی لەگەڵ وڵاتانی تری دراوسێدان و پشتبەستن بە تایبەتمەندییەکان و توانا ناوخۆییەکانی وڵات؛ خاڵی دەستپێکی دەرکەوتنە لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا و لە لایەکی ترەوە لە هەلومەرجی گەمارۆکاندا بە باشترین ستراتیژەکانی بازرگانیی دەرەکی هەژمار دەکرێت. ئێرانیش کە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان، لەم یاسایە بێبەری نییە.

لایەنگری تیۆری ڕاکێشانی ناوچەیی بە یەکێک لە باشترین میتۆدەکان لە فراوانبوونی پەیوەندییە بازرگانییە ناوچەییەکان هەژمار دەکرێت و باڵاتر لە دووریی جوگرافی و ڕادەی ئابووری بە ئاڕاستەی پەیوەندیی قووڵی کولتووری و کۆمەڵایەتی بەرەو پێش دەڕوات. دەرفەتە ستراتیژی و جیۆپۆلۆتیکەکانی ئێران لە ناوچەکە و دراوسێیەتی لەگەڵ ١٥ وڵات، بە تواناگەلێکی بەهێز بۆ ئێران هەژمار دەکرێت کە بەداخەوە بە هۆی پێکهاتەی لاوازی ئابووری تا ئێستا نەیتوانیوە لەم دەرفەتە و تایبەتمەندییە سروشتییەکان سوود وەربگرێت. لە لایەکی ترەوە، تیۆری ڕاکێشان و لایەنگری بە ئاڕاستەی گرێبەستی پەیوەندییە بازرگانییە دوولایەنەکان، ستراتیژی نوێ بۆ هەڵخەڵەتاندنی (تێپەڕاندنی) فشارە جیهانییەکان بەتایبەت گەمارۆی ستەمکارانەی وڵاتە زلهێزەکان. ئاڵۆزیی ئابووری لە چەمکە سەرەکییە گرنگەکانی ئابووریی جیهانی ئەمڕۆیە کە لەسەر بنەمای زانیاری و تەکنەلۆجیا ڕاوەستاوە. کێشەی زۆری وڵاتانی خاوەنی نەوت بەتایبەت ئێران، پشتبەستوو بە هەناردەکردن و فرۆشتنی ماددەی خاو و ئابووریی تاک بەرهەمی و نائاڵۆزە.

لێکۆڵینەوەی زانیاریی داتاکانی نەخشەی بازرگانی و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان، دەریدەخەن کە پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی ئێران و عێراق تا ئێستا لەسەر بنەمای ئابوورییەکی تەواو کۆن بوون. بەپێی زانیاریی داتاکانی نەخشەی بازرگانی لە ساڵی ٢٠١٨، لە کۆی ٦٦ ملیار دۆلار هەناردە، زیاتر لە ٤٧ ملیار دۆلار و بە واتایەکی تر: زیاتر لە ٧١٪ی تایبەتە بە سووتەمەنییەکان و ماددە کانزاییەکان. لە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و بەراوردی ئێران و عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ ( ١٠ گرووپ کاڵا )، دەرخەری لەپێشتربوونی تورکیایە لە هەناردەکردنی بێجگە لە نەوت لە عێراقدا و هەناردەکانی ئێران بە تورکیا بەراورد ناکرێت. لە پلەی بەراورددا، تورکیا ١٠ گرووپ کاڵای بە بەهای زیاتر لە ٥/٣ ملیار دۆلار بۆ عێراق ناردووە کە پشکی ئێران لەم ١٠ گرووپ کاڵایەدا، ٢/٣ ملیار دۆلار بووە.

## سەرچاوەکان:

- Athanasoglou, P. P., & Bardaka, I. C. (2010). New trade theory, non-price competitiveness and export performance. Economic Modelling, 27(1), 217-28. [DOI:10.1016/j.econmod.2009.09.002]

- Bahar, D., Hausmann, R., & Hidalgo, C. A. (2014). Neighbors and the evolution of the comparative advantage of nations: Evidence of international knowledge diffusion? Journal of International Economics, 92(1), 111-23. [DOI:10.1016/j.jinteco.2013.11.001]

- Balaguer, J., Florica, T., & Ripollés, J. (2015). Foreign trade and economic growth in Spain (1900-2012): The role of energy imports. Economia Politica, 32(3), 359-75. [DOI:10.1007/s40888-015-0021-z]

- Bekkers, E. (2019). Challenges to the trade system: The potential impact of changes in future trade policy. Journal of Policy Modeling, 41(3), 489-506. [DOI:10.1016/j.jpolmod.2019.03.016]

- Boddy, C. R. (2016). Sample size for qualitative research. Qualitative Market Research, 19(4), 426-32. [DOI:10.1108/QMR-06-2016-0053]

Braun, V., & Clarke, V. (2006). Using thematic analysis in psychology. Qualitative Research in Psychology, 3(2), 77-101. [DOI:10.1191/1478088706qp063oa]

- Demir, A., Özmen, Ö., & Rashid, A. (2014). An estimation of Turkey's export loss to Iraq. Procedia - Social and Behavioral Sciences, 150, 1240-7. [DOI:10.1016/j.sbspro.2014.09.140]

- Devadason, E. S., Govindaraju, V. G. R. C., & Mubarik, S. (2018). Defining potentials and barriers to trade in the Malaysia-Chile partnership. International Journal of Emerging Markets, 13(5), 758-79. [DOI:10.1108/IJoEM-11-2016-0306]

- Erkan, B., & Yildirimci, E. (2015). Economic complexity and export competitiveness: The case of Turkey. Procedia - Social and Behavioral Sciences, 195, 524-33. [DOI:10.1016/j.sbspro.2015.06.262]

- Ferrarini, B., & Scaramozzino, P. (2016). Production complexity, adaptability and economic growth. Structural Change and Economic Dynamics, 37, 52-61. [DOI:10.1016/j.strueco.2015.12.001]

Frankel, J., & Rose, A. (2002). An estimate of the effect of common currencies on trade and income. The Quarterly Journal of Economics, 117(2), 437-66. [DOI:10.1162/003355302753650292]

- Freire, C. (2019). Economic diversification: A model of structural economic dynamics and endogenous technological change. Structural Change and Economic Dynamics, 49, 13-28. [DOI:10.1016/j.strueco.2019.03.005]

Hidalgo, C. A., Klinger, B., Barabási, A. L., & Hausmann,

dissertation].
Wien: WU Vienna University of Economics and Business. https://epub.wu.ac.at/2952/

- Patton, M. Q. (2002). Qualitative research and evaluation methods. 3rd Ed. Thousand Oaks, CA: Sage Publications. https://books.google.com/books?id=FjBw2oi8El4C&dq

- Pazham, S. M., & Salimifar, M. (2015). [An examination of economic complexity index effect on economic growth in the top 42 countries producing science (Persian)]. JournalSummer 2020, Volume 10, Number 35 Presidential Administration of Islamic Republic of Iran of Economy and Regional Development, 22(10), 16-38. https://erd.um.ac.ir/article/view/41690

- Ranjbar, O., Sagheb, H., & Ziaee Bigdeli, S. (2019). [Analyzing dynamism in Iran's non-oil exports: New evidence using economic complexity theory (Persian)]. Journal of Economic Research (Tahghighat-e-Eghtesadi), 54(1), 47-73. [DOI:10.22059/JTE.2019.256270.1007898]

- Rasoulinezhad, E. (2017). China's foreign trade policy with OPEC member countries. Journal of Chinese Economic and Foreign Trade Studies, 10(1), 61-81. [DOI:10.1108/JCEFTS-09-2016-0027]

- Rasoulinezhad, E. (2018). A new evidence from the effects of Russia's WTO accession on its foreign trade. Eurasian Economic Review, 8, 73-92. [DOI:10.1007/s40822-017-

R. (2007). The product space conditions the development of nations. Science, 317(5837), 482-7. [DOI:10.1126/science.1144581] [PMID]

- Kabir, M., Salim, R., & Al-Mawali, N. (2017). The gravity model and trade flows: Recent developments in econometric modeling and empirical evidence. Economic Analysis and Policy, 56, 60-71. [DOI:10.1016/j.eap.2017.08.005]

- Karam, F., & Zaki, C. (2019). Why don't MENA countries trade more? The curse of deficient institutions. The Quarterly Review of Economics and Finance, 73, 56-77. [DOI:10.1016/j.qref.2018.04.017]

- Kawasaki, K. (2017). Emergent uncertainty in regional integration - Economic impacts of alternative RTA scenarios. Paper presented at the 20th Annual Conference on Global Economic Analysis, West Lafayette, IN, USA, June 7-9 2017. https://www.gtap.agecon.purdue.edu/resources/res_display.asp?RecordID=5212

- Leibenstein, H. (1966). Shaping the world economy: Suggestions for an international economic pPolicy. The Economic Journal, 76(301), 92-5. [DOI:10.2307/22290411]

- Maxwell, J. (1992). Understanding and validity in qualitative research. Harvard Educational Review, 62(3), 279-301. [DOI:10.17763/haer.62.3.8323320856251826]

- Morales Meoqui, J. (2010). Classical free trade: A policy towards economic growth and development [PhD.

# ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی



# جینۆساید، تاوانێکی گەورە و وانەیەکی بچووک

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد
بەشداران: د. مارف عومەر گوڵ، م. ئاوارە حسێن، د. فایەق گوڵپی

کورد بە درێژایی مێژووی خۆی چەندین جار ڕووبەڕووی جینۆساید و هەوڵی لەناوبردن بووەتەوە، کەم ناوچەی کوردستان هەیە بەر شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆردوومان، کیمیاباران و هەوڵی لەناوبردن نەبووبێتەوە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەشێکی زۆری ئەو ستەم، هێرش و پەلامارانەی کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان؛ دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە.

**جینۆساید چییە؟**

جینۆساید پێناسەی جۆربەجۆری بۆ کراوە و پۆلێنبەندیی بۆ کراوە. بە هۆی جیاوازی و جۆراوجۆریی ئاستی ئەو تاوانانەی بە جینۆساید ناو دەبرێن، پێناسەی جیاواز و جۆربەجۆریش بۆ ئەم چەمکە کراوە. ئاوارە حسێن مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئایندەناسی بەم شێوازە باسی جینۆساید دەکات و دەیناسێنێت: جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییە کە لەسەرووی هەمووی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندایە. واتە گەورەترین و مەترسیدارترین تاوانی نێودەوڵەتی و ناوخۆییە. جینۆساید چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی کۆن و بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٤ لەلایەن یاساناسێکی جوولەکەی پۆڵەندیی خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمەریکی بە ناوی رافایل لێمکن بەکار هات، کە دکتۆرای هەبوو لە بواری یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی و ٤٩ کەسی نزیکی لە هۆلۆکۆستدا بەر جینۆساید دەکەون، بۆیە هەوڵی دۆزینەوەی ناوێک دەدات بۆ ئەم تاوانە و لەوێوە چەمکی جینۆساید وەک ناو لە کتێبەکەیدا بە ناوی "یاسای ناوەندی لە ئەورووپای داگیرکراودا" جێگیر دەکرێت.

ساڵی ١٩٤٨ بۆ یەکەم جار نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتننامەیەک دەردەکات بە ناوی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزادانی تاوانبارانی کە لە ١٩ مادە پێک هاتووە. لە مادەی دوودا دەڵێت: جینۆساید بریتییە لە کوشتن، ئەشکەنجەدانی جەستەیی و هزری، خستنەژێربارێکی مەترسیدار بۆ لەناوبردنی گرووپێک، ڕێگریکردن لە زاوزێ و زۆربوون لەنێو ئەندامانی گرووپەکەدا، ڕاگواستنی منداڵانی ئەو گرووپە بۆ گرووپێکی دیکە بەزۆر، هەموو ئەمانە بۆ لەناوبردنی گرووپ و کۆمەڵێک هەموویان یان بەشێکیان.

د. مارف عومەر گوڵ، شارەزا لە یاسای نێودەوڵەتی، بەم جۆرە باس لە جینۆساید و ڕووداوەکانی جینۆسایدی دەکات، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان سەیری ڕووداوەکان بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، کارەسات و ڕووداوی زۆر جەرگبڕ هەیە لە مێژووماندا، بەڵام با باسی سەردەمی ڕژێمی بەعس بکەین تاکوو تاوانەکانی ئەم دواییەی داعش. کورد وەک گرووپێکی تایبەتمەند ئەم تاوانانەی بەرامبەر کراوە: ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان



## د. مارف عومەر گوڵ

ساڵی ١٩٥٦ لە کەرکووک لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەم شارە تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٢ بەکالۆریۆسی لە بەشی یاسای کۆلێجی یاسا و ڕامیاری لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٩٠ لە زانکۆی کییەڤ لە ئۆکرانیا، ماستەری لە یاسای نێودەوڵەتاندا تەواو کردووە، تێزی ماستەرەکەی بە ناونیشانی: ئامرازە یاساییەکانی نێودەوڵەتی لە بەرەنگاریی تاوان جینۆساید دا؛ جینۆسایدی کورد بە نمونە .

ساڵی ١٩٩٥ بڕوانامەی دوکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتاندا وەرگرتووە لەسەر تێزی: کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد لە یاسای نێودەوڵەتاندا .

ڕاگری پێشوی کۆلیجی یاسا بووە لە زانکۆکانی کۆیە و سلێمانی.

و گشتی، تاوانی ئەنفالەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. ئەم ڕووداوانە هەموویان دەبنە هۆی کۆمەڵکوژییەکی فراوان، فەوتاندنی مرۆڤ و زیندەوەران، ئەمە جگە لە شێواندن و ژەهراویکردنی سروشت، ئەمانە هەموویان تاوانی نێودەوڵەتین.

کورد بەر سیاسەتێکی دڕندانە و سەخت کەوتووە کە بووە هۆی فەوتاندنی نەتەوەیی. بۆ نموونە لە تورکیا کە ناوچەکانی لێ سەنراوەتەوە و ناتوانرێت پێی بوترێت کوردستان، لە سووریا لەلایەن ڕژێمی سووریا و تورکیاوە بەر هێرش کەوتووە و سیما نەتەوەییەکانی لێ زەوت کراوە. ئەوەی لە عێراقیش ڕووی دا و تاکوو کەوتنی ڕژێمی بەعس بەردەوام بوو، هەر بە هەمان شێوە بوو. بۆ دیاریکردنی تاوانی جینۆسایدیش، ئێمە بڕیاری پەرلەمانی عێراق و بڕیاری دادگای تاوانکاریی عێراقمان هەیە. لە تاوانی جینۆسایدیشدا کەم و زۆریی ژمارەی قوربانییەکان مەرج نین، مەرجی تایبەتی بۆ ویستی تاوانکار ئەوەیە ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بفەوتێنرێت کە تاوانەکەی بەرامبەر کراوە، ئەویش بە شێوەی ڕاستەوخۆ کوشتن، فەتاندنی لەسەرخۆ، داگیرکردنی وڵات و پەرتەوازەکردنی خەڵکەکەی، دابڕینی خەڵکەکە لە یەکتر و

دابڕینیان لە شێوەژیانی ئاسایی خۆیان لە ڕووی زمان، کولتوور، پێکهاتەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی. کە ئەمانە هەمووی تێک چوو، دەبێتە فەوتاندنێک کە سەرباری لایەنی جەستەیی، فەتاندنی بایۆلۆجی، کولتووری و ئابووری. گرنگە ئاماژە بە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین کە باس لە دوو جۆر تاوانی جیۆساید کراوە، تاوانی فیزیکی کە فەوتاندنی جەستەییە، لەگەڵ تاوانی بایۆلۆجی کە بریتییە لە ڕێگاگرتن لە کۆمەڵە مرۆڤێک زیاد بکەن، بە ئامرازی پزیشکی بێت یان دەرمانخورادکردن، یان دابڕینی هاوسەرەکان لە یەکتر و ڕێگەگرتن لە منداڵبوون، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی فەوتاندنی خەڵکەکە.

ئەمە جگە لە باسکردنی دوو جۆری دیکە کە باس کران، بەڵام نەتوانرا لە ڕێککەوتننامەکەدا دابنرێن، ئەوانیش کولتووری و ئابوورین. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین باسی پرۆسەکانی ئەنفال بکەین، دیهاتەکان وێرانکران، ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکە بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزران و زیندەبەچاڵ کران، بەشێکیشی لە ناوخۆی وڵات و دەرەوە پەرتەوازە بوون. بەم جۆرە زەمینە کولتوورییەکە نەما، زمان و پیوەندییە کولتوورییەکان لەبەریەک هەڵوەشێنران، مێژووی خەڵک شێوێنران و کولتوورەکەیان ڕووبەڕووی فەوتان کرایەوە.

لە ڕووی ئابوورییشەوە ناوچەکان وێران کران و سەرچاوە ئابوورییەکان تاڵان کران و کوێر کرانەوە، تاکوو خەڵکەکە نەتوانێت بە شێوەی جاران بەرهەمهێنان بکات، ئەمەش مردنێکی لەسەرخۆی خەکەکە بوو، چونکە خەڵکی ئەم ناوچانە ڕەنگە نەتوانن بچنە سەر ژیانە ئاساییەکەی جاران و کاری بەرهەمهێنان بکەن.

## جینۆسایدی کورد

چەند ڕووداوێک لە مێژووی کورد لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و بواری جینۆساید؛ دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. لە بارەی ئەوەی کامانەن ئەو ڕووداوانەی لە مێژووی نزیکی کورددا دەکرێت وەک جینۆساید ناویان بهێنرێت، ئاوارە حسێن دەڵێت: کورد نەتەوەیەکە و وەک قوربانی جیاوازە لە داگیرکەرەکانی. هەموو ئەو تاوانانەی لە دژی کورد ڕوویان داوە، ئامانجی زۆرینەیان بریتی بووە لە لەناوبردنی هەموو کورد یان بەشێکی، کەواتە دەتوانین پێیان بڵێین جینۆساید. هەر لە ڕێککەوتننامەی لۆزان بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود، شۆڕشەکانی بارزان، سووتاندنی دێکان، بۆمبارانی قەڵادزێ و هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٧٤، ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان لە ساڵی ١٩٧٨ و ١٩٧٩، ئەنفالی بارزانییەکان لە ١٩٨٣، کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨، پرۆسەکانی ئەنفال، جینۆسایدی کوردانی فەیلی، کۆڕەوەکەی ١٩٩١ و تاکوو

ئەوەی لە شنگال ئەنجام درا. دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی کە لەساڵی ٢٠٠٥دا دامەزراوە، بەگوێرەی مادەی ١١ کە پێناسەی جینۆساید دەکات، چوار کەیسی کوردی بە جینۆساید ناساندووە، کەیسەکانیش بریتین لە ئەنفال، ئەنفالی بارزانییەکان، کوردانی فەیلی و کیمیابارانی هەڵەبجە.

د. فایەق گوڵپی؛ چاودێری سیاسی، بەم جۆرە ئەو ڕووداوانە دەخاتە ڕوو کە دەتوانرێت بە جینۆساید ناو ببرێن: دەیان ڕووداوی کۆمەڵکوژی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بەرامبەر گەلی کورد ئەنجام دراون، بەڵام کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال گرنگترینی ئەو کۆمەڵکوژییانەن کە بە پێوەری زانستی و نیودەوڵەتی بە جینۆسایدی گەلی کورد پێوانە دەکرێن.

یەکەم: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن هێزی ئاسمانیی سوپای عێراقەوە ئەنجام درا، بە فەرمانی سەرکردەکانی عێراق سەددام حسێن و عەلی حەسەن مەجید، فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی (گازی خەردەل و گازی دەمارەکانی) دژی خەڵکی مەدەنیی ئەو شارە و گوند و ئوردووگاکانی دەوروبەری بەکار هێنا. نزیکەی پێنج هەزار کەسی مەدەنی شەهید بوون، دەیان هەزار بریندار بوون، ئەوانەی لەوێ مانەوە؛ ئاوارەی شارەکانی دیکەی هەرێم و وڵاتی ئێران بوون.

ژمارەیەک لەوانەی ئاوارەی شارەکانی دیکەی هەرێم بوون و ژمارەیەک لەوانەی دواتر لە ئێران گەڕانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی عێراق دەستگیر کران و ئەنفالی کردن.

ئەمە یەکەم جارە لە مێژوودا دەوڵەتێک بە چەکی کیمیایی خەڵکی مەدەنیی وڵاتەکەی خۆی کۆمەڵکوژ بکات، ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەکی کیمیایی گازی دەمارەکان دژی مرۆڤ بەکار بێت. لەبەر ئەوەی گازی دەمارەکان کە لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەمدا لەلایەن وڵاتە بەشەڕهاتووەکانی ئەو کاتەوە دروست کرا؛ لە شەڕەکەدا بەکار نەهێنرا، دوای ئەو شەڕەش بەڵگە نییە کە لە هیچ شەڕێکی تردا بە کار هاتبێت.

هۆکاری کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/١٤، شاری هەڵەبجە و دەوروبەری لەلایەن هێزی ئۆپۆزسیۆن و سوپای پاسداری ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا و سوپای عێراق لەو دەڤەرە شکا و ناوچەکەی بەجێ هێشت، خەڵکی هەڵەبجە لەو شەڕەدا هیچ تاوانێکیان نەبووە و هاوکاریی ئەو هێزانەیان نەکردووە کە کۆنترۆڵی هەڵەبجەیان کردووە.

دووەم کارەساتی دیکەی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد کە بە جینۆساید پێوانە کراوە، پڕۆسەکانی ئەنفالی ساڵی (١٩٨٨)ە کە



**ئاوارە حسێن**

سالّی ١٩٨٧ لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی خورماڵ لەدایک بووە.

سالّی ٢٠١١ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا - زانکۆی سلێمانی و سالّی ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە یاسای نێودەوڵەتیی زانکۆی پونەی هیندستان بەدەستهێناوە.

خوێندکاری دوا قۆناغی دکتۆرایە لە بواری یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سۆران.

دەستەی دامەزرێنەری بەشی یاسا و یەکەم سەرۆکبەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجەیە.

هەشت پڕۆسە بوون، ئەنفالی یەک لە مانگی شوباتەوە لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی لە باکووری سلێمانی دەستی پێ کرد، ئەنفالی هەشت لە مانگی ئابدا لە ناوچەی بادینان کۆتایی هات.

لە پڕۆسەکانی ئەنفالدا سوپای عێراق و هێزە چەکدارەکانی دیکە، سەرەتا بە تۆپ و فڕۆکەی جەنگی چەکی کیمیاییان بەکار دەهێنا، دواتر هێرشی زەمینییان بۆ ئەو شوێنە دەکرد. ئەوەی بیتوانیایە ڕابکات؛ لە ئەنفال ڕزگاری دەبوو، ئەوەی دەکوژرا؛ دەکوژرا، ئەوەی دەست سوپای عێراق بکەوتایە؛ بە ماشێنی سەربازی ڕەوانەی بیابانەکانی عێراق دەکرا، بە کۆمەڵ دەیانکوشتن و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دەیانشاردنەوە.

لەم پڕۆسانەدا سەدان هەزار کەس ژیانی لەدەست دا، هەموو گوندەکانی هەرێمی کوردستان چۆڵ و وێران کران، دەیان ناحیە و قەزای هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانیدا چۆڵ کران و وێران کران.

**کورد و کەمتەرخەمی**

یەکێک لە پرسیارە جددییەکانی ئێستا ئەوەیە ئایا کورد توانیویەتی بەپێی پێویست کار لەسەر جینۆساید بکات؟ ئەگەر نا، کێ بەرپرسە؟ بۆچی کورد نەیتوانیوە کار لەسەر گەورەترین ڕووداوی مێژووی خۆی بکات

و بە جیهانی بناسێنێت، کێ بەرپرسە لەم کەمتەرخەمییە؟

د. مارف عومەر گوڵ بە ڕەخنەگرتن لە کەمتەرخەمیی کورد؛ هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پرسە دەکات و دەڵێت کورد کاری لەسەر پرسی جینۆساید کردووە، بەڵام زۆر کەم و لاوازە، لە ئاستی تاوانەکە و قوربانییەکانیدا نییە، چونکە تاوانەکە فەوتاندنی میللەتێکە، دەبووایە کورد بەیەکگرتوویی کاری لەسەر بکردایە نەک بەپچڕپچڕی. بەشێک لە کارەکان تاکەکسین، حکومەتیش هەندێک کاری کردووە، بەڵام دەبووایە گەورەتر بووایە و دەزگایەکی گەورەی نەتەوەیی دروست بکات کە کار لەسەر ئەم کەیسە بکات و لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییشدا بە پلان و بەرنامە کاری لەسەر بکات.

باس لەوەش دەکات جینۆساید دەتوانێت ببێت بە زەمینەی یاسایی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد، بەڵام بەداخەوە کورد خۆی نەیتوانیوە ئەو زەمینەیە دروست بکات و کاری لەسەر بکات تاکوو بە جیهانی بناسێنێت و بەدەممانەوە بێن. ڕاستە جیهان دوای ١٩٩١ بەدەنگ کوردەوە هاتن، بەڵام کارێکمان کرد بەدەنگەوەهاتنەکەمان لەدەست دا، یەکێک لەو هۆکارانەش کێشە ناوخۆییەکانمان بوو.

د. فایەق گوڵپی بەم جۆرە قسە لەسەر ئەم پرسە دەکات: کە دەڵێی کورد دەبێت خەڵک و دەسەڵات لە یەک جیا بکەینەوە، ئەوەی کە دەبێت کار لەسەر جینۆساید بکات دەسەڵاتی هەرێمە، بە بڕوای من دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە کار بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد بکات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەی لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت سیاسەتێکی حزبیی دەسەڵاتخوازییە، سیاسەتێکی نەتەوەیی و دیموکراتی نییە، ئەو عەقڵیەتە کوردییەی کە سیاسەتی هەرێم لە کوردستان و عێراق ئاراستە دەکات، عەقڵیەتێکی خێڵەکی و دەسەڵاتپەرستییە، بیر لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد ناکاتەوە، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلی کورد نادات، تەنها بیر لە پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان واتە حزب و بنەماڵە دەکەنەوە. لەدوای ڕاپەرینەوە تا ئەمڕۆ، لایەنە دەسەڵاتدارەکانی

> **دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە کار بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد بکات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەی لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت سیاسەتێکی حزبیی دەسەڵاتخوازییە**

هەرێم دۆزی گەلی کورد، خاکی گەلی کوردستان و سەروەری و کەرامەتی گەلی کورد، لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتیان و پێگەی سیاسی و ئابوورییاندا هەراج دەکەن، ئەگینا هیچ مەعقول نییە وا هەژدە ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی سەددامدا تێپەڕیوە کە گەلی کوردی جینۆساید کردووە، نوێنەرانی کورد لە عێراق و لە هەرێم کاری جددییان نەکردووە بۆ ئەوەی حکومەتی نوێی عێراق جینۆسایدی گەلی کورد بە فەرمی بناسێت و قەرەبووی سیاسی، ڕۆحی و ئابووریی خەڵکی کوردستان بکاتەوە.

ئاوارە حسێن لەسەر پڕۆسەی بەجینۆسایدناساندنی ڕووداوە تراژیدییەکانی کوردستان؛ بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە و دەڵێت بەرپرسان بەرپرسن، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی تاکەکەس و توێژەران چەندین هەوڵ دراوە بۆ ناساندنی پرسی جینۆسایدی کورد، بەڵام جیهان لە ئەمڕۆدا مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەدا دەکات نەک تاکەکەس، بۆیە چالاکیی تاکەکەسی هێزی دامەزراوەی نییە لەسەر ئاستی جیهان. حکومەتی هەرێم بڕیاربەدەستی یەکەمە لە ئەم پرسەدا، بۆیە حکومەت باشتر دەتوانێت نوێنەرایەتیی ئەم پرسە بکات و کاری لەسەر بکات. نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە وڵاتانی جیهان دەتوانێت ساڵانە کۆنفرانس ڕێک بخات، لۆبی دروست بکات، چالاکی بکات، فشار دروست بکات و کار لەسەر ئەوە بکات ئەو وڵاتەی نوێنەرایەتییەکەی تێدایە جینۆسایدی کورد بناسێنێت و بە یاسا دانی پێدا بنێن.

ئاوارە حسێن تیشک دەخاتە سەر ئەوەی پێویستە کورد سوود لە باڵوێزە کوردەکان وەربگرێت و دەڵێت ڕێگایەکی دیکە بریتییە لە باڵوێزەکانی کورد لە حکومەتی عێراق لەو وڵاتانەی تێیدان، ئەم کوردانە دەتوانن وەک دامەزراوە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، چونکە بەئاسانی دەتوانن بەرپرسانی ئەو وڵاتە ببینن کە تێیدا باڵوێزن، بەتایبەتی دەسەڵاتی یاسادانانی ئەو وڵاتانە تاکوو بە یاسا جینۆسایدی کورد بناسێنن.

**جینۆسایدی کورد وەک کەیسێکی جیهانی**

یەکێک لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم دەکرێت ئەوەیە کە نەیتوانیوە جینۆساید بکات بە کەیسێکی جیهانی و سەرەڕای چەندین نوێنەرایەتی و خەرجکردنی پارەیەکی زۆر، نەتوانراوە لە ئاستی جیهاندا ئەم تاوانە گەورانە کاریان لەسەر بکرێت و بناسرێنرێن.

د. فایەق گوڵپی بە ڕەخنەگرتنەوە لە دەسەڵاتدارانی کورد، هۆکاری بچووککردنەوەی جینۆساید و بەجیهانینەکردنی دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتییەوە: بە بڕوای من هۆکاری سەرەکی کە کورد نەیتوانیوە جینۆساید بکات بە کەیسێکی جیهانی، دیسان سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کوردە  نەک گەلی کورد، دەسەڵاتدارانی هەرێم لەدوای ڕاپەڕین

وا هەڵسوکەوتیان کردووە کە جینۆسایدی گەلی کورد خەتای گەلی کورد بووە، خەتای سەرانی ڕژێمی سەددام نەبووە، کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سزای لەسێدارەدانی بۆ سەددام و هاوکارەکانی دەرکرد، سەرۆککۆماری عێراق کە کورد بوو ئامادە نەبوو ئیمزا لەسەر لەسێدارەدانی سەددام حسێن و داردەستەکەی بکات. ئەو فڕۆکەوانەی (تارق ڕەمەزان) کە بۆردوومانی کیمیایی هەڵەبجەی کردبوو، لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە دەستگیر کرا و لە سلێمانی زیندانی بوو، بەبێ دادگاییکردن ئازاد کرا. دژی هەستوسۆزی خەڵکی کوردستان، دەسەڵاتدارانی هەرێم سەرانی ڕژێمی ئەنفال و کیمیابارانیان لە هەولێر و سلێمانی پەنا دا. ڕێکخراوی چاک هەوڵی دا لە دانیمارک نزار خەزرەجی سەرۆکئەرکانی سوپای عێراقیی سەردەمی ئەنفال و کیمیاباران بباتە بەردەم دادگا لەسەر ئەنفالەکان، بەڵام سەرانی کورد (پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی) داکۆکییان لە نزار خەزرەجی کورد، نامەیان بۆ دادگای دانیمارک نارد کە نزار خەزرەجی بێتاوانە.

ئاوارە حسێن پێی وایە کورد و دەسەڵاتی کوردی نەیویستووە ئەگینا دەیتوانی جینۆساید لەسەر ئاستی جیهاندا بناسێنێت و کاری لەسەر بکات: پێم وایە بەرپرسانی کورد نەیانویستووە، ئەگەر بیانەوێت دەتوانن بە پرسی جینۆساید؛ دەوڵەتی سەربەخۆش ڕابگەیەنن کە لای بەرپرسانی کورد بازرگانی بەم درووشمەوە دەکرێت. وەک دەزانین چەند گەل بە کەیسی جینۆساید دەوڵەتیان دروست کردووە، لە ئیسرائیلەوە بیگرە تاکوو سربیا، بۆسنە، مەکدۆنیا، کرواتیا، تەیموری ڕۆژهەڵات و دواترینیشیان باشووری سوودان کە بە کەیسی جینۆساید توانیویانە دەوڵەت دروست بکەن و ڕایبگەیەنن. کورد کە نەیتوانیوە، هیی ئەوە بووە کە نەیویستووە و کاری لەسەر نەکردووە، ئەگەرنا دەتوانین بە کەیسی جینۆساید ئەو مافانە بەدەست بهێنین کە تاکوو ئێستا بەدەستمان نەهێناون و ئەوانەشی بەدەستمان هێناون؛ بیانپارێزین. بەرپرسانی کورد دەرفەتێکی باشیان لەبەر دەستدایە لەسەر ئاستی نیشتمانی، چونکە لەسەر ئاستی عێراق چوار کەیس لەلایەن دادگای باڵای عێراقییەوە وەک جینۆساید دانی پێدا نراوە، ئەمەش گەورەترین پاڵپشت و کارتی بەهێزە ئەگەر حکومەتی هەرێم بیەوێت لەسەر ئاستی جیهانی کار لەسەر بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی کورد بکات. بۆیە ئێمە بەراورد بە هەندێک گرووپ و گەلی دیکەی وەک ئەرمەنییەکان کە تورکیا نەک دانی بە جینۆسایدەکەیاندا نەناوە، تەنانەت نکۆڵییشی لێ دەکات؛ باشترین، چونکە دەوڵەتی ئەنجامدەر دانی بە جینۆسایدەکەماندا ناوە کە دادگای بەغدای پایتەختی جینۆسایدکەرمانە، واتە ئێمە لەسەر ئاستی جیهان کارت و

پاڵپشتێکی بەهێزمان هەیە تاکوو کار لەسەر جینۆسایدەکەمان بکەین. کە نەکراوە، حکومەتی هەرێم بەرپرس و کەمتەرخەمە.

د. مارف عومەر گوڵ بە هەمان شێوە ڕەخنە لە مامەڵەی دەسەڵاتی کوردی لەم پرسەدا دەگرێت: دەسەڵاتی کوردی زۆر بەبێ بەرنامە کاری کردووە، ئەوەندەی کاری لەسەر خۆخۆری کردووە، کاری لەسەر بابەتە نەتەوەییەکان نەکردووە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. نوێنەری کورد لە وڵاتان هیی حزبەکانن و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرنامەیەکی یەکگرتوو نییە، نەشتوانراوە دۆستەکانی کورد و ئەو هەستوسۆزەی بەرامبەر کورد هەبووە لە جیهاندا بەکاری بهێنن و لە خۆیانی کۆ بکەنەوە. عەقڵی کورد نەیتوانیوە بگات بە ئاستی عەقڵی جوولەکە، ئەگەرنا دەمانتوانی کاری زۆر باش بکەین و پشتگیریی جیهان بۆ مەسەلە ڕەواکەمان بەدەست بهێنین. ئەمە جگە لەوەی کورد نەیتوانیوە بچێتە ناو سیاسەتی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی، تاکوو ئەو پشتگیرییانە فراوانتر بکات کە لە جیهاندا هەن و لێی کراوە، بۆ نموونە پشتگیریی پەرلەمانتارانی بەشێک لە وڵاتانی جیهان.

### هەلی نیشتمانسازی

بەشێکی ئەو کۆمەڵ، نەتەوە و گەلانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆساید بوونەوە، دوای کارەساتەکان دەستیان بە

> **"کورد ناتوانێت بیرکردنەوە، عەقڵ، لێکدانەوە، سیاسەت و دیپلۆماسیەتی لە ئاستی جوولەکەدا بێت، ئەگەر بیتوانیایە دەیتوانی ساڵی ۲۰۰۳ و ۲۰۰٤ هەموو کەرکووکی بکڕیایە، بەڵام ئەوەندەی کێشەی حزبایەتی و دزییان مەبەست بووە، مەسەلە نەتەوایەتییەکەیان مەبەست نەبووە"**

خۆدروستکردنەوە و خۆڕێکخستنەوە کرد. جینۆساید نەک لەناوی نەبردن، بەڵکوو کردیان بە هەلێک بۆ نیشتمانسازی، خۆبەڕێوەبردن، شوناس بەهێزکردن و تەنانەت دروستکردنی دەوڵەت. ئەم گەلانە بە لۆبیکردن، دیپلۆماسیەتی زیرەکانە و پەیوەندی دروستکردن؛ توانییان جینۆسایدەکەیان بە هەمووان بناسێنن و جیهان ناچار بکەن بە یاسا دان بە دۆسییەکەیاندا بنێت.

سەرەڕای چەندین تاوانی جینۆساید، بۆچی کورد نەیتوانی ئەم کارە بکات کە گەلانی جینۆسایدکراو ئەنجامیان دا؟ بۆچی نەتوانرا جینۆساید لە نیشتمانسازی و دروستکردنی

دەسەڵاتی کوردیدا کاری لەسەر بکرێت، وەک ئەوەی جوولەکە کردیان؟

د. مارف عومەر گوڵ بە نموونە هێنانەوە بە ئەزموونی جوولەکە، هەڵسەنگاندنی خۆی دەکات و دەڵێت: کورد ناتوانێت بیرکردنەوە، عەقڵ، لێکدانەوە، سیاسەت و دیپلۆماسیەتی لە ئاستی جوولەکەدا بێت، ئەگەر بیتوانیایە دەیتوانی ساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ هەموو کەرکووکی بکڕیایە، بەڵام ئەوەندەی کێشەی حزبایەتی و دزییان مەبەست بووە، مەسەلە نەتەوایەتییەکەیان مەبەست نەبووە، ئەمەش بێئومێدییەکی گەورەی لای خەڵکی کوردستان دروست کرد و گەیشتە ئەم قۆناغە ناڕوونەی ئێستا کە نازانرێت بەرەو کوێ دەچێت. هیچ دوور نییە ئەو ڕووداو و جینۆسایدانە دووبارە ببنەوە، لە کاتی هاتنی داعش بینیمان دووبارە بووەوە.

د. فایەق گوڵپی لەم بارەیەوە دەڵێت: هزری سیاسی و سیستمی حوکمڕانیی جوولەکەکان لە خزمەتی خەڵک و گەلی جوولەکەدایە، هزری سیاسیی سیستمی حوکمڕانیی کوردستان لە خزمەتی بنەماڵە، حزب و وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندایە. دوای ڕاپەڕین، هەر کاتێک پەیوەندیی دەسەڵاتدارانی هەرێم لەگەڵ ڕژێمی بەغدا باش بووایە، لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالدا دەسەڵاتدارانی هەرێم لەسەر ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بێدەنگ دەبوون و یادی کارەسات و جینۆسایدیان نەدەکردەوە، هەر کاتێکیش پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێمی بەعسی ئەنفال و کیمیابارانداندا تێک بچووایە، لەسەر ئەنفال و کیمیاباران سووکەگلەییەکیان لە سەددام دەکرد، بەوەدا دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی هەرێم؛ ئەنفال و کیمیابارانیان وەک تاکتیک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێناوە، ناساندنی جینۆسایدیان وەک پڕۆژەیەکی ستراتیجی بۆ سەرخستنی دۆزی کورد بەکار نەهێناوە. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە دەسەڵاتدارانی کورد لە هەرێمدا پابەندی سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانن و بەبێ بڕیاری ئەو وڵاتانە دەست بە ئاویشدا ناکەن، هیچ وڵاتێکی داگیرکەری کوردستان بە عێراقیشەوە لەگەڵ ئەوەدا نین کە کورد وەک گەلێکی جینۆسایدکراو بناسرێت و سوود لەو جینۆسایدە وەربگرێت بۆ نیشتمانسازی و دەسەڵاتداریی هەرێمی کوردستان.

ئاوارە حسێن بە ئاماژەدان بە پڕۆسەی نیشتمانسازیی جوولەکەکان، تیشک دەخاتە سەر هەڵەکانی کورد لەم پڕۆسەیەدا: جوولەکەکان وەک گرووپێکی جینۆسایدکراو لێزانانە کاریان لەسەر ئەم پرسە کرد، هۆڵۆکۆستیان کرد بە ئەدەب، یاسا، فەلسەفە، سینەما و هونەر و لە هەموو ڕەهەندەکانەوە کاریان لەسەر کرد و کردیان بە بەشێک لە ویژدانی تاکەکانیان. ئەوان جینۆساید بۆ نەوەکانیان دەگێڕنەوە، چەندین سەنتەری

> **تاکوو ئێستا جینۆسایدی کورد بەشێک نییە لە پڕۆگرامی خوێندن، پڕۆگرامێک لە وەزارەتی پەروەردە دانراوە، بەڵام پڕۆگرامێکی لاوازە**

لێکۆڵینەوە کاریان لەسەر کردووە، کردوویانە بە پڕۆگرامی خوێندن و بەردەوام یادی دەکەنەوە. تۆ کاتێک دەتوانیت جینۆساید بناسێنێت بیکەیت بە بیرەوەری و پیشانی هەمووانی بدەیت، بەم جۆرە دەتوانیت جینۆسایدەکەشت بوەستێنیت، جوولەکە ئەمەی کرد و ئێمە نەمانکرد. ئێمە تاکوو ئێستا لە کوردستاندا مۆنۆمێنتێکی شیاومان نییە کە هاوشێوەی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بێت کە کەلوپەلی قوربانی و ڕزگارکراوانی تێدا بێت و بە زمانە نێودەوڵەتییەکان و کوردی لەسەریان نووسرابێت و خرابێتە ڕوو، تاکوو گوزارشت لە مێژووی جینۆسایدی کورد بکەن. ئەوەی هەمانە، لە ئاستی جینۆسایدەکەماندا نییە. تاکوو ئێستا فیلمێکی گونجاومان لەسەر جینۆسایدمان نییە، کە پێویستی بە بودجەیەکی باش هەیە و پێویستت بە ئەکتەری دەرەوە هەیە تاکوو ئازارە گەورەکانی بۆ نموونە دەستدرێژیی سێکسیی سەر قوربانییەکان پیشان بدەنەوە. تاکوو ئێستا جینۆسایدی کورد بەشێک نییە لە پڕۆگرامی خوێندن، پڕۆگرامێک لە وەزارەتی پەروەردە دانراوە، بەڵام پڕۆگرامێکی لاوازە. لە بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەم بابەتەمان جێگیر کرد، بەڵام ئەمساڵ هەڵپەسێردرا، بەو بیانووەی کە ئەم وانەیە لە زانکۆکانی دیکەدا نییە و دەبێت پڕۆگرامەکانی هەموو زانکۆکانیش هاوبەش بن. لە کاتێکدا ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە ٦ی ٢٠١٧وە بڕیاری داوە کە جینۆسایدی کورد و گەلان لە هەموو بەشەکانی زانکۆکان بخوێنرێت، بەڵام تاکوو ئێستا ئەم بڕیارە لە چەند زانکۆیەکی وەک هەڵەبجە، چەرمۆ و سۆران جێگیر کراوە، بەڵام لە بەشەکانی دیکە ناخوێنرێت و ئەوە لە بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجەش ڕاگیراوە. ئەگەر تۆ جینۆسایدەکەت نەکەیت بە بەشێک لە پڕۆگرامی خوێندنەکەت، چۆن دەتوانیت کاری لەسەر بکەیت! بۆیە ئێمە تاکوو ئێستاش جینۆساید دەکرێین و ناتوانین گەرەنتیی ئەوە بکەین کە کورد جینۆساید ناکرێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە لە ئاستی جیهاندا بە یاسا دانی پێدا نەنراوە.

**جینۆساید چیی بەسەر کوردستاندا هێنا؟**

جینۆساید تەنها بۆ لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری، هەڵوەشاندنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی



**فایەق محەمەد گوڵپی**

ساڵی ١٩٥٧ لە گوڵپی ناوچەی هەورامان لەدایک بووە.

ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی پزیشکیی تەواو کردووە و لە ١٩٨٢ تا ڕاپەرینی ١٩٩١ پێشمەرگە بووە. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٨ سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بووە.

ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە.

و وێرانکردنی دۆخە تەندروستییەکەی بوو، ئەمە جگە لە دەیان زیانی دیکە کە تاکوو ئێستاش کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و دانیشتووانەکەی ماوە.

د. فایەق گوڵپی بەم جۆرە باس لە دەرئەنجامەکانی ڕووداوەکانی جینۆساید لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات: وێرانکردنی گوندەکان، دابڕاندنی خەڵکی کوردستان لە ئاو و زەویی کوردستان، وشککردنی کێڵگە و باخەکان، زیانی ئابووریی گەورەش لە گەلی کورد. هەزاران کەس بەگەنجی گیانیان لەدەست دا، هەزارانی دیکەش تا ئەمڕۆ بەدەست ئازار و کاریگەریی برینی چەکی کیمیایی و چەکی دیکەوە دەناڵێنن. چەندان چەم و جۆگەی کوردستان پووکانەوە و وشک بوون، سەوزایی لە کوردستاندا کەم بووەوە. لە ڕووی کۆمەڵاتییەوە خەڵکی کوردستان لە یەک دابڕان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاڵ بوونەوە. لە ڕووی کولتوورییەوە زیانی مەزنی بە کوردستان گەیاند، لەبەر ئەوەی کولتووری نەتەوەیی هەر گەلێک لە گوندەکاندا سەر هەڵدەدات و دەپارێزرێت و گەشە دەکات، بێ گوندکردنی کوردستان بۆ ماوەیەک زیانی کولتووریی گەورەی لێ کەوتەوە.

د. مارف عومەر گوڵ باس لە کاریگەریی زیانەکان دەکات و دەڵێت: جینۆساید زیانێکی زۆر گەورەی لێ داوین، لە ئاستی نەتەوەییدا هەلاهەلای کردین، لە ڕووی ئابووری، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئاوەدانی ئێمە وێران کراین. سەرلەبەری ئێمە هەڵتەکێنرا و کراین بە ناحەزی یەکتری، کراین بە پێخۆری سیاسەتێکی دڕندانەی ناوخۆیی و بێبەزەیی

و پشتتێکردنی نێودەوڵەتی. زیانێکی زۆر بە ژێرخانی ئابووریمان کەوت و شار و لادێکانمان وێران کران، ئێستاش لەژێر کاریگەریی ئەو زیانانەداین، ئەم تاڵانکاری و زیانانەی بە هۆی جینۆسایدەوە بەر سەرچاوە ئابوورییەکانمان کەوت، وای کرد دەسەڵاتی کوردی لە ئێستادا تەنها چاوی لە نەوت بێت نەک پلانی کشتوکاڵی و ئابوورییەکی بەهێز. ئەو سۆز و ڕووتێکردنەوەی جیهانیش پەیوەندیی بە هەلومەرج و گۆڕانکاریی ناوچەکەوە هەبوو، چونکە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە سیاسەت و بەرژەوەندیی زلهێزەکانیان خستە مەترسییەوە، ئەگەرنا چۆن لە کاتی تاوانەکدا چاویان لێ خەواندین!

ئاوارە حسێن بە دەستنیشانکردنی ڕووداوەکانی جینۆساید لە کوردستان، باس لە زیانە جۆربەجۆرەکانی جینۆساید لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت: جینۆساید واتە هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەیەک لە قۆناغێکی دیاریکراودا، بۆیە جینۆساید زیانێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەندروستیی گەورەی لە کوردستان داوە. لە هەڵەبجە زیانێکی تەندروستیی گەورەی داوە. پێم وایە جینۆسایدی کورد قووڵترین جینۆسایدە و ئەمەش دەربڕین و بڕوایەکی سۆزدارانە نییە، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە جینۆسایدی کورد بەردەوامە. لە ساڵی ١٩٨٨دا جینۆسایدی هەڵەبجە ئەنجام دراوە، بەڵام وا ٣٣ ساڵ تێدەپەڕێت و هێشتا بریندارەکان ساڕێژ نەبوون و لێیان شەهید دەبێت، ئەمەش بە هۆی کاریگەریی چەکە قەدەغەکراوەکان. ئەم کارەساتە کاریگەریی هەبووە لەسەر منداڵلەبارچوون و شێواویی جەستەی منداڵە لەدایکبووەکان. ئەوە جگە لەو وێرانییەی ئەم جینۆسایدە دروستی کرد، بۆ نموونە لە چۆڵبوونی گوندەکان کە تاکوو ئێستا ئاوەدان نەبووەتەوە، مینرێژکردنی گوند و کێڵگە کشتوکاڵییەکان، تێکدانی ژینگەی کوردستان.

جینۆسایدی بارزان وەک نموونە وەربگرین بۆ زیانە کۆمەڵایەتییەکان، ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵ هاوسەرگیری نەما، چونکە پیاوەکان ئەنفال کران، ئەمەش کاریگەرییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی قورس و خراپی لەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچەیە هەبوو.

نزیکەی ٣٦٠٠ مزگەوت، کڵێسا و زیاد لە چوار هەزار گوند وێران کران، لە ڕەگەوە هەڵکەندنی دوو ملیۆن درەختی بەردار، ئەمانە زیانە گەورەکانی جینۆسایدی کورد بوون.

**جینۆسایدێکی بێ قەرەبوو**

چەند لایەن و کۆمپانیایەک لە پرۆسەکانی جینۆسایددا هاوکاریی ڕژێمی بەعسیان کرد و چەکی قەدەغەکراویان پێ فرۆشت، بەڵام ئەوەی سزا درا زیاتر بەرپرسانی ڕژێمی بەعس بوون و ئەم لایەن و کۆمپانیایانە سزا نەدران. تەنانەت قەرەبووی قوربانییانی

جینۆساید و خەڵکی کوردستانیش نەکرایەوە، ئەمە لە کاتێکدا عێراق ناچار کرا قەرەبووی کوێت بکاتەوە، لە کاتێکدا کوەیت کەمتر لە کورد لەسەر دەستی بەعس زیانی بەر کەوت. لەسەر ئەم زیانانە، بۆ لایەنی بەشدار و قەرەبووەکان دەکرێت چی بکرێت؟ ئاوارە حسێن بەم جۆرە و لە چەند ڕەهەندێکەوە وەڵام دەداتەوە: بێگومان دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، بەڵام ساڵانێکە هاوار دەکەین کە ئەو دادگایەی کە لە بەغدا پێک هێنرا بە ناوی دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقی بۆ دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس، چوار کەیسی بە جینۆساید ناساند، بەڵام شێوازی یاسای دادگاکە بە شێوەیەک دانرا کە تەنها مرۆڤ دادگایی بکرێت، کە پێی دەوترێت کەسی سروشتی. لە یاسادا دوو کەس هەیە، سروشتی و یاسایی. کەسی یاسایی بریتیە لە دەوڵەت، کۆمپانیا و ڕێکخراو. چۆن مرۆڤ بەرپرسیایەتیی تاوانیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەم کەسە یاساییانەش بەرپرسیاێتیی تاوانیان دەکەوێتە ئەستۆ بەرامبەر ئەو تاوانانەی بە ناوی ئەوان یان لەبریی ئەوان ئەنجام دراوە، بەڵام لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقیدا بەرپرسیاێتیی تاوانکاری تەنها بۆ مرۆڤ دانرا و بۆ کەسە یاساییەکان دانەنرا، بۆ نموونە دەوڵەت. واتە تۆ لەم دادگایەدا ناتوانیت دادگایی ئەو کۆمپانیایانە بکەیت کە ساڵی ١٩٨٨ و پێشتر و دواتر چەکی کیمیاییان بە

> **یەکێک لە پرەنسیپە گرنگ و بەهادارەکانی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە تاوانی نێودەوڵەتی بەسەر ناچێت و تێپەڕینی کات نابێتە هۆی ئەوەی کە تاوانی سەر تۆمەتباران بوەستێنێت و هەڵیبگرێت**

ڕژێمی سەددام حسێن فرۆشتووە و ئەویش لە دژی کورد بەکاری هێناوە.

ئەگەر ئەم دادگایە کەسی یاساییشی دادگایی بکردایە، ئەوا دەتوانرا لە ڕێگای ئەم دادگاوە چەندین کۆمپانیا دادگایی بکەیت، سزایان بدەیت و قەرەبووشیان لێ وەربگریت، ئەمەش دەخرایە خزمەت ئاوەدانکردنەوەی کوردستان. ئەوەی نەمانکردووە پێشتر و ئێستا دەتوانین بیکەین، هەموارکردنەوەی یاسای ئەم دادگایەیە، ئەمەش بە نوێنەرانی کورد دەکرێت، تاکوو یاسای ئەم دادگایە تەنها لە کەسی سروشتیدا کورت نەکرێتەوە و کەسی یاساییش دادگایی بکات.

یەکێک لە پرەنسیپە گرنگ و بەهادارەکانی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە

تاوانی نێودەوڵەتی بەسەر ناچێت و تێپەڕینی کات نابێتە هۆی ئەوەی کە تاوانی سەر تۆمەتباران بوەستێنێت و هەڵیبگرێت، چونکە تاوانەکە ئاسایی نییە، بە تێپەڕینی چەند مانگ و چەند ساڵێک قوربانی سکاڵای تۆمار نەکرد مافەکەی بفەوتێت.

زیانەکانی سەر کوردستان بە ٣٨٤ ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت، ئەمەش لە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن لیژنەیەکی حکومەتی هەرێمەوە دیاری کراوە. حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٣دا داوای ئەم قەرەبووەی کردووە، بەڵام تاکوو ئێستا قەرەبووەکە نەکراوەتەوە. ململانێ سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هۆکارێکی سەرەکیی قەرەبوونەکردنەوەکەیە، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە حکومەتی هەرێم بە یاسایەکی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٣دا ناڕاستەوخۆ ئەرکی قەرەبوونەکردنەوەکەی لە حکومەتی پێشووی عێراقەوە بۆ حکومەتی هەرێم گواستووەتەوە، بۆیە عێراق قەرەبووەکە ناکاتەوە و دەبێت حکومەتی هەرێم خۆی ئەم قەرەبووە بکاتەوە، چونکە حکومەتی هەرێم نەوت و غازی سروشتی دەفرۆشێت، ئەمە خاڵێکی گرنگە و دەبێت قوربانییانی کوردستان ئاگادار بن.

د. فایەق گوڵپی دەسەڵاتی کوردی بە بەرپرسیار دادەنێت و دەڵێت: ئەو لایەنانەی هاوبەشی عێراق بوون لەم ڕووداوانەدا، ئەو کۆمپانیا بیانییانە بوون کە چەکی کیمیاییان بە ڕژێمی سەددام فرۆشت، بەداخەوە تا ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی لەسەر ئەو تەوەرەیە کاری نەکردووە، هەر ڕێخراوێکیش لەو بوارەدا هەوڵی کاری دابێت، دەسەڵات ڕێگریی لێ کردووە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورد لە هەرێم و لە عێراق فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی جینۆسایدی کوردستان بە فەرمی بناسێنێت، ئەو کاتە کۆمپانیاکانی چەکی کیمیایی و دەوڵەتی عێراق ناچار دەکرێن قەرەبووی کوردستان بکەنەوە.

د. مارف عومەر گوڵ هۆکاری قەرەبووکردنەوەی کوێت و قەرەبوونەکردنەوەی کوردستان دەستنیشان دەکات و دەڵێت: کوێت دەوڵەتە و پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی هەیە، سەروەت و سامان و ئابوورییەکی بەهێزی هەیە، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کوێت وا دەکات لا لەو وڵاتە بکرێتەوە. زۆر گرنگە عێراق هەست بەو بەرپرسیارێتییە بکات کە حکومەتی پێش ٢٠٠٣، بە ناوی وڵات، حکومەت، سیاسەت، دیپلۆماسیەت و ئاسایشی عێراق ئەو تاوانانەی کردووە، لەبەر ئەوە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، هەر حکومەتێکی دیکە ببێتە حوکمڕان؛ نوێنەرایەتیی وڵاتەکە دەکات، بۆیە دەبێت هەڵگری یاسایی ئەو ڕووداوانە بێت کە بە زیان بۆ وڵاتەکە شکاونەتەوە. تاوانی جینۆسایدکردنی کورد گەورەترین ڕووداوە کە چەند بۆ کورد بە زیان شکاوەتەوە، بە هەمان شێوە بە زیان بۆ عێراق شکاوەتەوە. بۆیە عێراق دەبوو بۆ کڕینەوەی سومعەی نێودەوڵەتیی

خۆی ئەم کارەی بکردایە، دەبوو بەرپرسانی عێراق دانیان بە تاوانەکاندا بنایە و بەدەنگ کوردەوە بهاتنایە کە کورد مافی خۆیەتی قەرەبوو بکرێتەوە. دەسەڵاتی کوردییش نەیتوانیوە فشار لەسەر عێراق و وڵاتانی دیکەش دروست بکات تاکوو قەرەبووی کورد بکاتەوە. پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی کورد لەگەڵ بەغدا زۆر بەخراپی هاتووە، لە بەغداش هەمیشە ئاڕاستەیەکی توند و شۆڤێنی بەرامبەر کورد هەبووە، دەنگی باشیش هەبووە کەم بووە، ئاڕاستە خراپەکە ڕۆڵی خراپیان بینیوە کە نەهێڵن کورد بە مافەکانی بگات.

**جینۆساید و ناسنامە**

جینۆساید چەندین دەوڵەتی دروست کرد و دەیان گەلیش بە بەکارهێنانی ئازارەکانیان توانییان مافە بەدەستهاتووەکانیان بپارێزن و ئەو مافانەش بەدەست بهێنن کە لێیان زەوت کراوە، ئەمەشیان لە ڕێگای ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ ئازارەکانیان کرد و توانییان جیهان بکەن بە بەرگریکاری جینۆسایدەکەیان، ئەی کورد بۆچی نەیتوانی ئەم کارە بکات؟

د. مارف عومەر گوڵ لەسەر ئەوەی بۆچی کورد سوودی لە جینۆساید لە پرسی نەتەوەیی و شوناسدا نەبینیوە، پێی وایە: زۆر باش دەتوانین وەک پێناس و پرسی نەتەوایەتی سوود لە تاوانی جینۆساید وەربگرین. میللەتێک لەبەردەم فەوتاندا بووە، هەر میللەتێکیش بەشێکە لە مرۆڤایەتی، لە ڕووی کولتوور، شارستانی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، واتە ئێمەش بەشێکین لە مرۆڤایەتی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێمە کاریگەریمان لەسەر سیاسەت، ئابووری و دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی لاوازە، ئەو سەروەت و سامانەی کە هەمانە بۆ ئەوەی تەرخان بکرێت تاکوو کاریگەریمان لەسەر ئابووری و دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی بۆ دروست بکات؛ بە خراپ بەکار دەهێنرێت، لە کاتێکدا دەتوانرا سەروەت و سامانەکەمان تەرخان بکرێت تاکوو لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە سوودی لێ وەربگرین. لە هەموو وڵاتێکدا ئابووری ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، پەیوەندیی دیپلۆماسی و پێشکەوتنی وڵات، بۆیە دەکرا دەوڵەمەندییە ئابوورییەکەمان بەکار بهێنین بە جۆرێک کە ئێستا بەغدا ناچاری ئێمە بووایە نەک بەپێچەوانەوە. لە ڕووی کولتوورییشەوە دەسەڵاتی کوردی بەرنامەیەکی تۆکمەی نەبووە ڕابردوو؛ کولتوور، ئەدەب، ئابووری، فۆلکلۆر، هونەر و مێژووی ئەم میللەتە بە جیهان بناسێنێت، دەبووایە دەسەڵاتی کوردی لە ئاستی ناوخۆ و دەرەکییش بە جۆرێکی دیکە ڕەفتار لەگەڵ کولتووری کوردیدا بکات و بە جیهانی بناسێنێت.

ئاوارە حسێن بەم جۆرە تیشک دەخاتە سەر ئەم هەڵە ستراتیژییەی کورد: تەنها جینۆساید بەسە بیکەین بە ناسنامەمان. ئەو نەتەوە و گرووپەی لە مێژوودا ڕووبەڕووی جینۆساید

**"چه‌ندین ساڵ به‌سه‌ر ڕووداوه‌كانی جینۆساید به‌سه‌ر گه‌لی كورددا تێپه‌ڕیوه‌، ئه‌م ساڵانه‌ كاتێكی درێژ و ده‌رفه‌تێكی گه‌وره‌ بوون تاكوو كورد كار له‌سه‌ر ئه‌م پرسه‌ بكات، به‌ڵام جینۆساید و ساڵه‌كان تێپه‌ڕین، كورد جینۆسایده‌كه‌ی فه‌رامۆش كرد و ته‌نها ئازاره‌كه‌ی هێشته‌وه‌"**

ده‌بێته‌وه‌، ده‌بێته‌ گرووپێكی ڕێزلێگیراو. ئه‌گه‌ر جینۆسایده‌كه‌ی له‌ ئاستی نێوده‌وڵه‌تیدا به‌ یاسا دانی پێدا بنرێت، ئه‌وا پاراستنیان ده‌كه‌وێته‌ ئه‌ستۆی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان و جارێكی دیكه‌ جینۆساید ناكرێنه‌وه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی نێوده‌وڵه‌تی له‌ ئاستیدا بێده‌نگ بووه‌ دواتر ده‌بێته‌ گرووپێكی ڕێزلێگیراو، ئه‌م جینۆسایده‌ش ده‌بێت به‌ ناسنامه‌ و سیمبولی ئه‌م نه‌ته‌وه‌یه‌. بۆیه‌ ده‌بێت به‌ جۆرێك كار له‌سه‌ر جینۆساید بكرێت كه‌ ببێت به‌ ناسنامه‌ی كورد كه‌ جینۆساید كراوه‌ و قوربانی بووه‌، ده‌ستیشی سوور نه‌بووه‌ به‌ خوێنی ئه‌وانی دیكه‌ و مه‌ترسییش نییه‌ له‌سه‌ر پێكهاته‌ و نه‌ته‌وه‌كانی دیكه‌.

د. فایه‌ق گوڵپی به‌ ڕه‌خنه‌گرتن له‌ به‌رپرسانی كورد هه‌ڵسه‌نگاندن بۆ ئه‌م پرسه‌ ده‌كات و پێی وایه‌: ئه‌و كه‌س و لایه‌نانه‌ی ئه‌مڕۆ كاروباری هه‌رێم به‌ڕێوه‌ ده‌به‌ن و له‌ عێراق نوێنه‌رایه‌تیی كورد ده‌كه‌ن، یان ئه‌وانه‌ن كه‌ له‌ ڕابردوودا پیاوی ڕژێمی به‌عس بوون، یان ئه‌وانه‌ن له‌دوای ڕووخانی ڕژێمی سه‌ددام له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات بۆ پاره‌په‌یداكردن و ده‌وڵه‌مه‌ندبوون گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ هه‌رێمی كوردستان و پۆستیان وه‌رگرتووه‌، یان ئه‌وانه‌ن كه‌ شێتی ده‌سه‌ڵاتن، ئه‌گه‌ر ڕژێمی ئه‌نفال و كیمیاباران مابایه‌، ئێستا هه‌ر ئه‌وان ده‌سه‌ڵاتدار و بڕیاربه‌ده‌ست ده‌بوون، ئه‌م جۆره‌ سیاسییانه‌ نه‌ك له‌ هه‌رێمی كوردستاندا، له‌ هه‌ر شوێنێكی دیكه‌شدا بن كار بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی گشتی ناكه‌ن.

**كورد چیی له‌ جینۆساید وه‌رگرت و وه‌رده‌گرێت؟**

چه‌ندین ساڵ به‌سه‌ر ڕووداوه‌كانی جینۆساید به‌سه‌ر گه‌لی كورددا تێپه‌ڕیوه‌، ئه‌م ساڵانه‌ كاتێكی درێژ و ده‌رفه‌تێكی گه‌وره‌ بوون تاكوو كورد كار له‌سه‌ر ئه‌م پرسه‌ بكات، به‌ڵام جینۆساید و ساڵه‌كان تێپه‌ڕین، كورد جینۆسایده‌كه‌ی فه‌رامۆش كرد و ته‌نها ئازاره‌كه‌ی هێشته‌وه‌.

له‌ باره‌ی ئه‌وه‌ی له‌ ئه‌م ساڵانه‌دا ده‌بووایه‌ كورد چۆن كار بكات، ده‌بووایه‌ چی بكریت و ده‌بێت چی بكرێت، ئاواره‌ حسێن باس له‌ گرنگیی یاسا و په‌رله‌مان ده‌كات و ده‌ڵێت:

پەرلەمانی کوردستان جێگایەکی زۆر گرنگە بۆ ئەم پرسە. ساڵی ٢٠١٧ لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی نەتەوە جینۆسایدکراوەکان لە بوداپێستی پایتەختی هەنگاریا بەشدار بووم، چەندین زانکۆ بەشدار بوون کە یەکێکیان زانکۆی تەلئەبیبی ئیسرائیل بوو. مامۆستایەکی ئەو زانکۆیە وتی هەڵەبجە و ئەنفال لەنێو پرۆگرامی جینۆسایدی زانکۆی تەلئەبیب جێی کراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە کوردستانی خۆماندا جینۆسایدی کورد ناخوێنرێت. کارەسات ئەوەیە تاکوو ئێستا لە کوردستاندا یاسایەک نییە دانی بە جینۆسایدی کورددا نابێت، لە کاتێکدا بەردەوام باسی ئەوە دەکرێت حکومەتی هەرێم بەرهەمی خوێنی شەهید و جینۆسایدکراوەکانە، کەچی پەرلەمانەکەی یاسایەکی نییە دانی بە جینۆسایددا نابێت، ئیتر چۆن داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بکەین بە یاسا دان بە جینۆسایدەکەماندا بنێت!

ئاوارە حسێن ناساندن لە دانپێدانان جیا دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات: کورد لەسەر ئاستی ناساندن جینۆسایدەکەی ناسێنراوە، بەڵام پێویستمان بەوەیە بە یاسا دانی پێدا بنێرێت، واتە یاسایەک لە پەرلەمانی ئەو وڵاتانە دەربچێت و دان بەوەدا بنێت کە ئەوەی دژی کورد کراوە جینۆساید بووە، هەر هاوڵاتییەک نکۆڵی لەمە بکات یان ڕەوایەتی بەوە بدات کە بەسەر کورددا هاتووە، ڕووبەڕووی سزای دارایی و بەندکردن ببێتەوە.

**دەبووایە کورد زۆر شتی بکردایە، لە ئاستی ناوخۆ سەنتەرێکی فراوانی ناوخۆی هەبووایە، بە زمانە زیندووەکانی جیهان، لەو سەنتەرەدا دۆکیۆمێنت، بەڵگەنامە، بڕیارەکانی دادگا، بڕیارەکانی حکومەت و پەرلەمان، کارە حکومی و تاکەکەسییەکان لە بارەی پرسی جینۆساید کۆ بکرانایەتەوە**

ئەمە لە ١٩٤٨وە بۆ جوولەکە، ئەرمەنی و ڕوەندایەکان کراوە، ئێمە تاکوو ئێستا تەنانەت لە پەرلەمانەکەی خۆیشماندا یاسایەکی وەهامان نییە، ئیتر مایەی شەرمەزارییە بڵێین کارمان بۆ جینۆسایدەکەمان کردووە. کە لە پەرلەمانەکەی خۆت یاساکەت نەبێت، ناتوانیت داوای ئەم یاسایە لە پەرلەمانی عێراقیش بکەیت.

وەک چەند کاری ئایندەش کە دەبێت کورد کاریان لەسەر بکات، دەڵێت: چەند کارێکی دیکە کە پێویستە بکرێن، بریتین لە بەستنی کۆنفرانس و سیمیناری زانستی لە بارەی جینۆسایدی کورد. مادام خوێندکارانی

تواناسازی لەسەر خەرجیی حکومەتی هەرێم دەچن، زۆرینەیان ناچار بکرێن توێژینەوەکانیان لە بارەی جینۆسایدەوە بێت و لەو وڵاتانە بڵاو بکرێنەوە، تاکوو ببێتە ڕێگایەک بۆ ناساندنی جینۆساید و دانپێدانانی.

دروستکردنی لیژنەیەکی زمانزانی شارەزای ناحزبی وەک لیژنەی باڵای نێودەوڵەتیی بە جینۆساید ناساندن و دانپێدانانی جینۆسایدی کورد، ئەم لیژنەیە دڵسۆزانە کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی کورد بکات.

لە دەستووری عێراقدا ڕێگا دراوە بەوەی هەر پارێزگایەک دەتوانێت نوێنەری خۆی هەبێت لە باڵوێزخانەکانی دەرەوە بە مەبەستی بووژاندنەوەی پارێزگاکەی، دەکرێت چوار پارێزگاکەی ئێمە لە باڵوێزخانەکانی عێراق نوێنەریان هەبێت و لەتەنیشت بووژاندنەوەی پارێزگاکەیان، کار لەسەر پرسی جینۆساید بکەن.

د. فایەق گوڵپی سیاسەتی "حزبی و خێڵەکییانە" بە ڕێگری بەردەم کارکردنی نیشتمانی لەسەر جینۆساید دادەنێت: دەبووایە لەباتیی سیاسەتی حزبی و خێڵەکییانە، سیاسەتی نەتەوەیی-نیشتمانی پەیڕەو بکرایە، دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم سەربەخۆ و چالاک بکرایە، دەسەڵات بە پەرلەمان و حکومەت و دادوەری بدرایە، تاکوو ئەو دەزگایانە دوور لە دەستوەردانی حزب و وڵاتانی دەرەوە کاریان لەسەر جینۆساید بکردایە. دادگای عێراق و پەرلەمانی عێراق دانی بە جینۆسایدی گەلی کورددا ناوە، دەبوو دەسەڵاتی کوردی لە هەرێم و لە عێراق کاری جددیی بکردایە تا حکومەتی عێراقیش جینۆسایدی کوردی لە کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە و کەیسەکانی تردا بناسیایە، ئەوکات کورد لە عێراق و لە جیهانیشدا دەستکەوتی سیاسیی گەورەی بەدەست دەهێنا، بەڵام تا ئێستا لەو بارەیەوە هیچیان دیار نییە.

د. مارف عومەر گوڵ جگە لە ڕەخنەگرتن، پێشنیاری خۆیشی دەخاتە ڕوو: دەبووایە کورد زۆر شتی بکردایە، لە ئاستی ناوخۆ سەنتەرێکی فراوانی ناوخۆی هەبووایە، بە زمانە زیندووەکانی جیهان، لەو سەنتەرەدا دۆکیۆمێنت، بەڵگەنامە، بڕیارەکانی دادگا، بڕیارەکانی حکومەت و پەرلەمان، کارە حکومی و تاکەکەسییەکان لە بارەی پرسی جینۆساید کۆ بکرانایەتەوە. هەر لەم سەنتەردا دەیان شارەزا، پسپۆڕ، ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسی کورد و ناکورد بانگ بکرانایە و کاریان لەسەر ئەم بەڵگەنامە و بڕیارانە بکردایە، دواتریش کارەکان بە کوردی و زمانە زیندووەکان بڵاو بکرانایەتەوە، تەنانەت سەنتەرەکە لقی لە دەرەوەی کوردستانیش هەبێت. ئەو پارەیەی لەو سەنتەرە خەرجیان دەکرد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بۆ کارێکی زانستی و نەتەوەیی دەچوو نەک گەندەڵی و بەهەدەردانی پارە.

# ئایندەناسی


# فەرهەنگی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

# خوێندنەوەی کتێبی

# ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟

ئامادەکردن و وەرگێڕان: زانا کەریم (٢-٢)




ناونیشانی کتێب:

**ئایا سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟**

نووسەر: **جۆزێف ئێس. نای، کوڕ**

بڵاوکار: Polity Press

ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠١٥

ژمارەی لاپەڕە: ١٥٤

٤. هەڵکشانی چین

بەلای زۆرێک لە شرۆڤەکارانەوە چین زۆرترین ئەگەری هەیە ڕکابەری هاوسەنگی هێزی ئەمەریکایی بێت، هێزی ئەمەریکا تێبپەڕێنێت و سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی پێ بێت.

لە کاتێکدا خەملاّندنەکانی هێزی چین پشت بە گەشەی خێرای تێکڕایی کۆی داهاتی خۆجێیی (GDP) دەبەستێت، بەڵام چین خاوەنی سەرچاوە گرنگەکانی تری هێزیشە. ڕووبەری جوگرافیی چین هێندەی ڕووبەری جوگرافیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و ژمارەی دانیشتووانیشی چوار هێندەی ژمارەی دانیشتووانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. چین خاوەنی گەورەترین سوپایە لە جیهاندا، زیاتر لە ٢٥٠ چەکی ناوکیی هەیە و خاوەنی توانایەکی نوێباوە لە بۆشایی ئاسمان و فەزای ئەلکترۆنیدا (لە نێویدا زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا).

لە ڕووی سەرچاوەکانی نەرمەهێزەوە، پیشەسازیی فەرهەنگیی چین نەگەیشتووەتە ئاستێک ڕکابەریی هۆڵیوود یان بۆڵیوود بکات، زانکۆکانی لە ڕیزبەندیی زانکۆ لوتکەکانی جیهاندا پۆلێن ناکرێن، زۆرێک لەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی کە بەشێکی زۆری نەرمەهێزی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرهەم دێنن؛ لە چیندا نییە. لەگەڵ ئەمانەشدا، چین هەمیشە خاوەنی فەرهەنگێکی تەقلیدیی نیگاڕاکێش بووە و سەدان پەیمانگای کۆنفۆشیۆسی لە سەرتاسەری جیهاندا بە مەبەستی ڕمێندان (promote/ ترویج) بەو فەرهەنگە ئاوا کردووە .

پێشتر و لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، من (جۆزێف نای) نووسیم: هەڵکشانی کتوپڕی چین، ڕەنگە ببێتە هۆی ڕوودانی ململانێیەک لەو جۆرەی سیۆسیدایدس لە کتێبی "مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیز"دا باسی دەکات، کاتێک هۆکاری بەرپابوونی جەنگی پیلۆپۆنیز دەگێڕێتەوە بۆ هەڵکشانی هێزی ئەسینا و ئەو ترسەی ئەم هەڵکشانە لە سپارتادا چاندی. بەڵام بەپێچەوانەوە، چین پەیوەست بە هەرسێ ڕەهەندەکەی هێز، هێشتا زۆر لەدوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوەیە و سێرەی سیاسەتەکانی لەسەر هەرێمەکەی خۆی و گەشەی ئابوورییەکەی گرتووەتەوە.

• هێزی ئابووری

"هەڵکشانی چین"؛ ناولێنانێکی هەڵەیە، بەهێزبوونەوە دروستترە. چین هەتا ئەو کاتەی لە دوو سەدەی ڕابردوودا لەلایەن ئەورووپا و ئەمەریکاوە و بەرەنجامی شۆڕشی پیشەسازی درایە دواوە، گەورەترین ئابووریی جیهان بوو. دوای چاکسازییەکانی بازاڕ کە لەلایەن دێنگ ژیاوپێنگ (Deng Xiaoping) لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەنجام درا، بەرزی تێکڕایی گەشەی ساڵانەی چین لەنێوان ٨٪ بۆ ١٢٪، بوو بە هۆی ئەوەی کۆی داهاتی خۆجێیی چین (GDP) بگاتە سێ

هێندە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستدا و ئەمەش هەندێکی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە وا لە ئایندەیەکی نزیکدا چین پایەی خۆی وەک گەورەترین ئابووریی جیهان بەدەست دەهێنێتەوە.

وێڕای ئەمانەش، چین بڕینی ڕێگەیەکی درێژی لە بەردەمدایە تاکوو هاوتای سەرچاوەکانی هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان بێت و هێشتا چەندین ئاستەنگ لەبەردەم گەشەسەندنیدایە. لە ئێستادا قەبارەی ئابووریی ئەمەریکا بەگوێرەی تێکڕایی نرخی ئاڵوگۆڕ (exchange rates) نزیکەی دوو هێندەی قەبارەی ئابووریی چینە، بەڵام وەک لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، قەبارەی ئابووریی چین بەم نزیکانە ئابووریی ئەمەریکا تێدەپەڕێنێت، ئەگەر بەگوێرەی هاوتایی هێزی کڕین (PPP) پێوانە بکرێت. هەموو ئەم بەراورد و خەمڵاندنانە تا ڕادەیەک هەڕەمەکین، چونکە پشت بەو پرسیارانە دەبەستێت کە کەسێک دەیەوێت وەڵامی بداتەوە.

تەنانەت ئەگەر کۆی داهاتی نەتەوەیی چین (GDP) "بە هەر پێوەرێک" کۆی داهاتی نەتەوەیی ئەمەریکاش تێپەڕێنێت، ئەوا هەردوو ئابوورییەکە لە قەبارەدا هاوتا دەبن، بەڵام لە پێکهاتە و پێشکەوتندا یەکسان نابن. تا ئێستاش چین خاوەنی ناوچەیەکی فراوانی لادێنشینی دواکەوتووە و ژمارەیەک ئاڵنگاریی ڕووبەڕوو بووەتەوە، وەک فراوانبوونێکی خێرای شارنشینی. داهاتی تاکەکەس پێوەرێکی باشە بۆ پێوانی ڕادەی پێشکەوتوویی هەر ئابوورییەک، داهاتی تاکەکەس تەنانەت ئەگەر بە پێوەری هاوتایی هێزی کڕین (PPP)ش بپێورێت، ئەوا تێکڕایی داهاتی تاکەکەس لە چین تەنها ٢٠٪ی ئاستی ئەمەریکایە و چەند دەیەیەکی دەوێت بگاتەوە بە ئەمەریکا (ئەمە ئەگەر بگاتەوە بە ئەمەریکا).

بێگومان قەبارەی گشتی؛ لایەنێکی گرنگی هێزی ئابوورییە. هەبوونی بازاڕێکی فراوانی سەرنجڕاکێش و هاوبەشی بازرگانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری وڵاتاندا، سەرچاوەیەکی گرنگی باڵادەستییە و چین بەکاری دەهێنێت، بەڵام ئەمە "هاوتایی" نییە. بۆ نموونە: لەگەڵ ئەوەشدا چین وەک گەورەترین نەتەوەی بازرگانیکاری جیهان لە ڕووی قەبارەوە لە ساڵی ٢٠٠٩دا پێش ئەڵمانیا کەوت، کەچی چینییەکان دوودڵن لە بارەی ئەوەی کە وڵاتەکەیان "هێشتا ماویەتی ببێتە وڵاتێکی بازرگانیکاری بەهێزی ڕاستەقینە"، چونکە بازرگانی لە خزمەتگوزارییەکاندا کەمتینە، زۆربەی هەناردەکان زێدە بەهایەکی نزمیان هەیە، چین لە براندە ئاست باڵاکاندا کەمبوونی هەیە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە ناوەندە بەهێزەکانی بازرگانیی جیهانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا (لە کۆی ٢٥ براندی جیهانی کە لە لوتکەدان، ١٢ دانەیان ئەمەریکایین). سەبارەت بە

کۆمپانیا دەوڵەتبڕەکان، لە کۆی ٥٠٠ کۆمپانیای لوتکە، (٤٦٪)یان لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە خاوەندارێتی دەکرێت. بە دەستەواژەیەکی تر: بازرگانیی چینی لە بازرگانیی ئەمەریکایی و ئەڵمانیایی فراوانترە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمتر پێشکەوتووترە.

ڕوونکردنەوەیەکی تر پەیوەندیی بە بواری نەختینەییەوە هەیە. چین دیراسەی ئەو هێزەی کردووە (لە نێویشیدا سزا داراییەکان) کە وا وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆڵی جیهانی دۆلارەوە دەیچنێتەوە. چین هەوڵی داوە هێزی دارایی خۆی زیاد بکات، لە ڕێگەی هاندانی بەکارهێنانی یوان (دراوی نیشتمانیی چین)ەوە بۆ پارەدارکردنی بازرگانی و لە ئێستادا ٩٪ی کۆی جیهانی دەنوێنێت، بەڵام دۆلار تا ئێستا بە ٨١٪ی دێتە هەژمار. ڕۆڵی یوان زیاد دەکات، بەڵام ئەگەری نییە شوێنی دۆلار بگرێتەوە تاکوو چین ڕێگە بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان نەدات تێکڕایی ئاڵوگۆڕی دراو دیاری بکەن و بازاڕی سەرمایەی ناوخۆیی پێشکەوتوو، هاوڕێ لەگەڵ پەیکەرێکی قانوونیی متمانەبەخش؛ گەشە پێ نەدات. هەروەک "The Economist" تێبینی کردووە: "مەرج نییە قەبارە و پێشکەوتوویی هاوڕێ بن، ئەگەری هەیە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا چین ببێتە گەورەترین ئابووریی جیهان، بەڵام پێشکەوتووترین نا. پێشکەوتوویی ئەمەریکا لە قووڵیی بازاڕە داراییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە." بازاڕە داراییەکانی چین هەشتیەکی ئەو قەبارە گەورەیە دەنوێنن و بیانییەکان ڕێگەی خاوەندارێتیی بەشێکی بچووکی ئەو بازاڕانەیان پێ دەدرێت.

تەکنەلۆجیاش هێشتا نموونەیەکی تری جیاوازییە لە پێشکەوتندا. چین خاوەنی دەستکەوتگەلێکی گرنگە لە بواری تەکنەلۆجیادا، بەڵام زیاتر لە داهێنانی ناوخۆیی، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ستراتیجی لەبەرگرتنەوە (copying)ی تەکنەلۆجیای بیانی دەبەستێت. بە وتەی گۆڤاری "Souch Review"ی چینی، "چین شانازی بە نازناوی گەورەترین کارگەی بەرهەمهێنانی هێزی جیهانەوە دەکات و بڕوانامەی داهێنانی چینییەکان بەخێرایی زیاد دەکات و وڵاتە پێشکەوتووەکان تێدەپەڕێنێت لەم بوارەدا، بەڵام زۆربەی بڕوانامەکانی داهێنان کە لە چین بەدەست دەهێنرێن، بایەخی کەمترە لە سەراپای زنجیرە پیشەسازییەکان...

بەکورتی: چین لە زانست و داهێنانی تەکنەلۆجیدا هێشتا لاوازە."

بە ڕوانین بۆ پێشەوە، لە هەندێک خاڵدا گەشەی چین خاو دەبێتەوە، وەک لە هەموو ئابوورییەکدا کە پێش دەکەوێت؛ ڕوو دەدات. هەندێک لە ئابووریناسان بڕوایان وایە لەگەڵ کەمکردنەوەی قەبارەی وەبەرهێنانی سیاسی لە کەرتی نالێهاتوودا کە دەوڵەت خاوەنیەتی، گەشەی چین خاو دەبێتەوە بۆ ٥٪ و ڕەنگە

لەگەڵ دەرکەوتنی گرفتی دیمۆگرافیدا، دوای ساڵی ٢٠٢٠ گرفتی پارێزگاریکردنی لەو ئاستە هەبێت. بەڵام تەنانەت لەگەڵ تێکڕاییەکی نزمتری گەشەشدا، چین دەتوانێت خێراتر لە زۆربەی جیهان بەردەوام بێت لە گەشە. هەر چۆنێک بێت خەمڵاندنی ئاسۆییانەی ئاڕاستەکانی گەشە دەکرێت سەرلێشێوێنەر بێت، چونکە وڵاتان مەیلی چنینەوەی بەرهەمە ئاسانەکان دەکەن، کاتێک سوود لە هاوردەکردنی تەکنەلۆجیا و دەستیکاری هەرزان وەردەگرن لە قۆناغە بەراییەکانی سەرپێکەوتنی ئابووریدا. بە شێوەیەکی گشتی تێکڕایی گەشە خاو دەبێتەوە کاتێک ئابوورییەکان دەگەنە ئاستە پێویستەکانی داهاتی ساڵانەی تاکەکەس (per capita levels of income) لە (PPP)دا، ئەوەی چین لە ئێستادا نزیک دەبێتەوە لێی. ئەمەی پێی دەگوترێت "تەڵەی داهاتی مامناوەند"، یاسایەکی ئاسنین نییە (وەک کۆریا و ژاپۆن سەلماندیان)، بەڵام بەدواییەکداهاتنێکی ڕێکوپێکە، زۆربەی وڵاتان ڕووبەڕووی دەبنەوە ئەگەر شکستیان خوارد لە داهێنان و گۆڕینی نموونەی گەشەکەیاندا.

لە بوارەکانی گۆڕانکارییەوە (transition) لە پرۆژە بێتواناکان کە خاوەندارییان بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، پەرەسەندنی نایەکسانی، ژینگەیەکی وێران، کۆچی ناوخۆیی بەرفراوان، تۆڕێکی دەستەبەری کۆمەڵایەتیی نەگونجاو، گەندەڵی، حوکمێکی نەگونجاوی؛ چەندین ئاستەنگی مەترسیدار ڕووبەڕووی ئابووریی چین دەبێتەوە. باکوور و ڕۆژهەڵاتی وڵات، باشوور و ڕۆژئاوایان تێپەڕاندووە. لە کۆی ٣١ پارێزگا، تەنها ١٣ پارێزگا داهاتی تاکەکەسیی لەسەروو تێکڕایی داهاتی تاکەکەسی نەتەوەییەوەیە. پارێزگا پاشکەوتووەکان ئەوانەن کە ڕێژەیەکی بەرزی کەمینەی وەک تیبتییەکان و ژینجیانگەکانی تێدایە. زیاتر لەمە، چین دەست دەکات بە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە دیمۆگرافییەکانی لە بابەت کاریگەریی پاشهاتەکانی سیاسەتی "یەک منداڵ بۆ هەر ژن و مێردێک" کە لە سەدەی بیستەمدا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. هاتنی کارکەری نوێ بۆ ناو هێزی کاری چینی لە ساڵی ٢٠١١دا دەستی بە پاشەکشێ کرد و هێزی کاری چینی لە ساڵی ٢٠١٦دا دەگاتە لوتکە. چین زۆر بەخێرایی پیر دەبێت: لە ساڵی ٢٠٣٠دا ژمارەی ئەو بەتەمەنانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەخێو دەکرێن، لە ژمارەی منداڵەکان زیاتر دەبن. چینییەکان گوزارشت لە نیگەرانییەکەیان دەکەن بەوەی وڵاتەکەیان "پێش ئەوەی دەوڵەمەند بێت، پیر دەبێت".

کەمکردنەوەی پاشەکەوت و زیادکردنی بەکاربردنی ناوخۆیی، وەک چین نەخشەی بۆ دادەنێت، ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام وەڵامێکی ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە چین خاوەنی گەورەترین یەدەکی جیهانیی

دراوی بیانییە کە نزیکەی ٤ ترلیۆن دۆلارە، بەڵام ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە زیادکردنی باڵادەستیی داراییدا، تا ئەو کاتەی دەبێتە خاوەنی بازاڕێکی پشکی کراوە، بە جۆرێک تێکڕایی قازانج لەلایەن بازاڕەوە دیاری بکرێت، نەک لەلایەن حکومەتەوە. هەروەک هەبوونی ڕێژەیەکی زەبەلاحی دۆلار هێزێکی زۆری نەداوەتە چین لە دانوستانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، چونکە لە پەیوەندییەکی هاوبەستەکیدا هێز پشت بە نەسازانی (asymmetries) هاوبەستەکییەکە دەبەستێت. چین خاوەنی ئەو دۆلارانەیە کە لە فرۆشی کاڵاکانیەوە بە ئەمەریکا بەدەستی دەهێنێت، کەچی وڵاتە یەکگرتووەکان بازاڕەکانی بەکراوەیی هێشتووەتەوە بە ڕووی بەرهەمە چینییەکاندا، ئەمەش گەشە و هەلی کار و سەقامگیری بۆ چین "چێ دەکات". وێڕای ورووژاندن و هاندان، چین دۆلارەکانی ناخاتە بازاڕە داراییەکانی جیهانەوە، ئەگەر چین ئەمە بکات، ئەمەریکا دەهێنێتە سەر چۆک، بەڵام تێچووی وەها کارێک کەوتنی چین خۆیەتی لەسەر گازی پشت.

سیستمی سیاسیی دەسەڵاتگەریی چین پەیوەست بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو، توانایەکی ناوازەی گۆڕینی هێزی نیشان داوە -بۆ نموونە بونیادنانی شاری نیگاڕاکێشی نوێ و پرۆژەی هێڵی ئاسنی زۆر خێرا-. ئایا چین دەتوانێت پارێزگاری لەم توانایە بکات بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ؟ ئەوە ڕازێکە هەم بۆ بیانییەکان و هەم بۆ سەرکردە چینییەکانیش. پێچەوانەی هیند کە بە دەستوورێکی دیموکراسییەوە لەدایک بوو، چین تا ئێستا ڕێگایەکی نەدۆزیوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی داواکارییەکانی بەشداریی سیاسی کە هاوڕێیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسدا. ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیزم دەمێکە خۆری ئاوا بووە و ڕەوایەتیی پارتی فەرمانڕەوا شانی لەسەر گەشەی ئابووری و ناسیۆنالیزمی ڕەگەزی هان (Han)دا داوە. ئایا گۆڕانی ئابووری گۆڕانی سیاسییش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەک لە کۆریای باکوور و تایوانی دراوسێ ڕووی دا؟ ئەوەی ئایا چین دەتوانێت هاوکێشەیەک سەرپێ بخات کە بتوانێت فراوانبوونی چینی ناوەندی شارنشین و نایەکسانیی نێوان هەرێمەکان و نارەزایی کەمینە ئیتنییەکان بەڕێوە ببات؟ دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چاولەڕێ بین. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە وا هیچ کەسێک، تەنانەت سەرکردە چینییەکان، خۆشیان نازانن پاشەڕۆژی سیاسەتی چین چۆن پێشڤە دەچێت و ئەمە چۆن باندۆر لەسەر گەشەی ئابوورییەکەی دادەنێت.

سیاسەتی ئەلیکترۆنی (cyber) ئاڵۆزییەکی تر نمایش دەکات. چین بە ٦٢٢ ملیۆن کەس، خاوەنی گەورەترین ڕێژەی دانیشتووانە کە ئینتەرنێت بەکار دەهێنن، لە هەمان کاتدا

خاوەنی سیستمێکی حکومیی کۆنترۆڵ و چاودێریی زۆر پێشکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا دزەکردنی زانیاری کارێکی حەتمییە. زاڵبوون بەسەر لێشاوی ڕوولەزیادبوونی هەڵقوڵینی زانیاریدا و کۆتوبەندکردنی، لە کاتێکدا کۆتوبەند دەتوانێت گەشەی ئابووری پەک بخات، تەڵەزگەیەکی توندە لەبەردەم سەرکردە چینییەکاندا. هەر چەندە ئەگەری نییە دەستەبژێری پارتی کۆمۆنیست کۆنترۆڵی دانیشتووان لەدەست بدات، بەڵام چین بە هۆی ئەوەی کە ناتوانێت کۆنترۆڵی کۆچبەری، کاریگەریی ژینگەیی لەسەر کەشوهەوای جیهان، ململانێی ناوخۆیی بکات؛ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی مەترسیداری جیاواز دەبێتەوە.

• هێزی سەربازی

پێبەپێی گەشەی ئابووریی چین، خەرجیی سەربازیی چینیش ئەگەری زیادبوونی هەیە. چین دەوروبەری ٢٪ی کۆی داهاتی نەتەوەیی خۆی لە بواری سەربازیدا خەرج دەکات (نیوەی ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان خەرجی دەکات)، بەڵام تێکڕای داهاتی خۆجێیی چین بەخێرایی زیاد دەکات. بودجەی فەرمیی چین لە ساڵی ٢٠١٤دا ١٣٢ بلیۆن دۆلار بووە و ئەمەش نزیکەی چارەکی بودجەی وڵاتە یەکگرتووەکانە، بەڵام ئاماری خەرجییە سەربازییەکانی چین زۆرێک لەو بابەتانەی لەخۆ نەگرتووە کە بودجەی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان لەخۆی گرتووە. دوای ماوەیەک لە نزمیی ئاستی وەبەرهێنان، لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ ساڵی ٢٠٠٩؛ بودجەی سەربازیی فەرمیی چین هەموو ساڵێک دوو ژمارەیی (double digits) زیادی کرد و لە ساڵی ٢٠١٣دا گەیشتە ١٠٪. لە کاتێکدا سوپای ئازادیخوازی گەل، هێزێکی فراوان و لە ڕووی تەکنۆلۆجییەوە دواکەوتوو، سێرەی لەسەر بەرگریی زەمینی بوو دژی یەکێتیی سۆڤیەت، لەمڕۆدا ئەو سوپایە گەشەی کردووە و بووە بە هێزێکی زۆر هاوچەرخ و فۆکسی سوپای چین لەسەر ڕێگریکردنە لە دەستێوەردانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

لە هەمان کاتدا ڕێژەی ١١٪ی خەرجیی چین لە کۆی خەرجیی سەربازیی جیهانی، زۆر کەمترە لە خەرجیی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان کە دەگاتە ٠٢٪ی کۆی خەرجیی سەربازیی جیهانی. بەگوێرەی ئەم تێکڕاییەی گەشەی ئێستا، خەرجیی سەربازیی چین ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بگاتە ئاستی نیوەی خەرجیی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لەوانەیە لەناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکیشدا بگاتە ئاستی وڵاتە یەکگرتووەکان. هەروەها بەگوێرەی تفاقی سەربازیی هاوچەرخی کۆگاکراو لەپێشیی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر چین "دە بۆ یەکە"، ئەمە تەنانەت بەبێ هەژمارکردنی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا. لە لایەکی ترەوە چین توانا گرنگەکانی بوون

بە هێزێکی جیهانیی پەرە پێ نەداوە، لە کاتێکدا تواناکانی زیاد کردووە بە مەبەستی دوورخستنەوەی کردە دەریاییەکانی ئەمەریکا لە کەناراوەکانی، کەچی تەنها پرۆسەیەکی ئاڵۆزی پەرەپێدانی کەشتیگەلێکی خاوەن دەستەی شەڕکەرهەڵگری دەست پێ کردووە. هەر چەندە پشتبەستنی چین بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو لە هەڵکشانە و هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکاش بۆ تەنگەی هورمز لە کەنداوی فارسدا یەکلاکەرەوەن، کەچی هێزە دەریاییەکانی چین پەیوەنددارن بە تێپەڕینی ئارام بە تەنگەی مەلەگادا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

وێڕای نۆژەنکردنەوەی کەشتیهەڵگرێکی ئۆکرانیایی (وە دوو کەشتیهەڵگری تر کە لە قۆناغی جیاوازی پلاندانانداندان)، کەچی هێشتا چین چەندین دەیە لەدوای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوەیە کە خاوەنی ١٢ کەشتیهەڵگری شەڕکەر و ئەزموونێکی دوورودرێژی مانۆڕی جیهانییە. چین دوو جۆری جیاوازی نەوەی پێنجەمی فڕۆکەی شەڕکەری پەرە پێ داوە، بەڵام دووبارە وەک وڵاتە یەکگرتووەکان توانای ئامادەگیی لەسەر ئاستی جیهان نییە. چین خاوەنی ژمارەیەکی دیاریکراوی مووشەکی بالیستی کیشوەربڕە و چەندین هەوڵی ناوازەی داوە لە پێناو پەرەپێدانی توانای ململانێی بێوێنە لە بۆشایی ئاسمان و فەزای ئەلکترۆنیدا، بەڵام هێشتا هاوشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نییە لەو بوارانەدا. لە بواری هێزی تەقلیدییشدا، چین بەراورد بە هێزەکانی ئەمەریکا کەمبوونی هەیە لە: هاوپەیمان، بنکەی سەربازیی ناو زەریاکان، دابینکردنی پێداویستیی لۆجیستیی ماوەدرێژ، ئەزموونی سووسەکردن. لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی ٢٤٠٠٠٠ سەربازە لە دەیان وڵاتی بیانیدا، چین تەنها خاوەنی چەند هەزارێکە و بە شێوەیەکی سەرەکی ئەرکی ئاشتیپارێزیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ دەکەن.

ئەو ڕاستییەی کە وا چین بەم نزیکانە نابێتە هێزێکی جیهانی هاوشانی وڵاتە یەکگرتووەکان، هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە وا وەبەرهێنانی چین لە بەرهەمهێنانی شەڕکەرەکان، ژێردەریایی، مووشەکی کرووز، مووشەکی بالیستی مەودا مامناوەند؛ تێچووی هەر دەستێوەردانێکی ئەمەریکای لە دەریاکانی نزیک لە کەناراوەکانی چینی زیاد کردووە. ئامادەگیی سەربازیی جیهانی نابێت لەگەڵ کاریگەریی سەربازییانەی هەرێمیدا هاوتا بکرێت. ئەگەر ئەم ئاراستانەی ئێستا بەردەوام بێت و وڵاتە یەکگرتووەکان بخوازێت بەردەوام بێت لە دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، پێویستی بە کەمکردنەوەی هێزەکانی هەیە لەهەمبەر ستراتیجیی چین بۆ دوورخستنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا، ئەمەش وەبەرهێنانێکی تێچووودار

لە چەند بوارێکدا دەخوازێت، وەک: فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دزەکەر کە وا بتوانرێت لەسەر کەشتیی فڕۆکەهەڵگرەوە بخرێتە گەڕ، ئەو ژێردەریاییانەی کە توانای هێرشی گەورەی زەمینییان هەیە، بەرگریی مووشەکی بالیستی خۆجێیی، سیستمێکی زۆر نەرمی مانگی دەستکردی بچووک، تواناکانی هێرشی ئەلیکترۆنی.

• نەرمەهێز

بۆ هێزێکی هەڵکشاوی وەک چین کە گەورەبوونی هێزە ئابووری و سەربازییەکەی ترسێک لە دراوسێکانیدا دەچێنێت و ئەم ترسەش ڕەنگە پاڵیان پێوە بنێت دژە هاوپەیمانێتییەک بۆ هاوسەنگیی هێزی چین دروست بکەن، نەرمەستراتیژییەک کە هێزی نەرم لەخۆ بگرێت بایەخی خۆی هەیە، تاکوو ئەم ترسە کەم بکاتەوە و کاریگەریی هاوپەیمانێتییەکی هاوسەنگکاریش لەلایەن دراوسێکانیەوە کەم بکاتەوە.

نەرمەهێزی هەر وڵاتێک شان لەسەر سێ سەرچاوە دەدات: فەرهەنگەکەی (لەو جێگایانەدا کە سەرنجڕاکێشە بۆ دیتران)، بەها سیاسییەکانی (کە لە ناوخۆ و دەرەوەدا پەیڕەوییان لێ دەکات)، سیاسەتە دەرەکییەکەی (وەک سیاسەتی ڕەوا کە بنەمای ئاکارییان هەیە، لێیان بڕوانرێت). بەڵام کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی ڕەقەهێز و نەرمەهێز پێکەوە لە ستراتیجییەکی زیرەکدا کارێکی سانا نییە، بۆ نموونە کردنەوەی پەیمانگایەکی کۆنفۆشیۆس بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی چینی لە مانێلا، ڕەنگە یارمەتیی بەرهەمهێنانی نەرمەهێز بدات، بەڵام لە بەستێنێکدا کە چین سەرچاوەی ترسە بۆ فلیپین لە بارەی خاوەندارێتیی دوورگە "ناکۆکیلەسەرەکان" لە دەریای باشووری چین، ئەگەری سەرکەوتنی کەمە. تاکوو چین توندتر بێت لە بارەی داواکارییە هەرێمییەکانیەوە لەگەڵ دراوسێکانیدا، ئەگەری بەدیهاتنی ئامانجی زیادکردنی نەرمەهێزی ئەستەمتر دەبێت.

زیاتر لەوە، زۆربەی نەرمەهێزی ئەمەریکا لەلایەن کۆمەڵگای مەدەنیی ئەمەریکاییەوە بەرهەم دێت نەک لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە -زانکۆکان، دامەزراوەکانی هۆلیوود، فەرهەنگی میللی-، هەندێک جار ئەمەریکا بە هۆی بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی ڕەخنەگر و دوور لە سانسۆر، پارێزگاری لە ئاستی نەرمەهێزەکەی دەکات. تەنانەت لەو بارانەدا کە چالاکییەکانی حکومەت، وەک داگیرکردنی عێراق گورز لە نەرمەهێز دەوەشێنێت، بە هۆی زیرەکەهێزەوە کە ئاوێتەیەکە لە نەرمەهێز و ڕەقەهێز، نەرمەهێز و ڕەقەهێز یەکتری تەواو دەکەن.

بەراورد بە هەموو ئەو خەرجییانەی چین لە وەبەرهێنانی نەرمەهێزدا دەیکات، بەرهەمەکەی سنووردارە. ئۆلۆمپیادی ساڵی ٢٠٠٨ سەرکەوتنێک بوو بۆ چین لە بواری

نەرمەهێزیدا، بەڵام ماوەیەکی کەم دوای ئەوە سەرکوتکردنی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لەلایەن چینەوە، ئاستی دەسکەوتەکانی لە بواری نەرمەهێزدا هێنایە خوارەوە. هەروەها پێشانگای شەنگەهای ئێکسپۆ لە ساڵی ٢٠٠٩دا سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بەڵام زیندانیکردنی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات (Liu Xiaobo)ی بەدوادا هات.

چین هەڵە بیر دەکاتەوە کە پێی وایە حکومەت ئامرازی سەرەکیی بەرهەمهێنانی نەرمەهێزە. لە جیهانی ئەمڕۆدا کەمیی زانیاری نییە، بەڵکوو کەمیی سەرنج هەیە، سەرنجیش پشت بە متمانە دەبەستێت و پڕوپاگەندەی حکومەتیش متمانەی زۆر کەمە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی لە پێناو کردنی دەزگای "شینخوا" و "تەلەڤزیۆنی ناوەندیی چین" بە ڕکابەریی "CNN" و "BBC"، کەچی گوێگرێکی کەمیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە.

پەرەپێدانی نەرمەهێز پێویستی بەوە نییە گەمەیەکی سفر دەرەنجام بێت. بەڵام بۆ چین ئەگەر بیەوێت سەرکەوتوو بێت، پێویستە داواکارییەکانی لە دراوسێکانی سنووردار بکات و سەبارەت بە وڵاتە دوورەدەستەکانیش لە ئەورووپا و ئەمەریکای لاتینی، پێویستە چین توانای ڕەخنەلەخۆگرتنی هەبێت و جڵەوی توانا و وزەی کۆمەڵگا مەدەنییەکەی بەر بدات، بەڵام ئەمە لە سای فەرمانڕەوایەتیی توندی پارتی کۆمۆنیستدا ئەستەمە. لە کاتێکدا سەرکەوتنی چین لە بواری ئابووریدا، بەرنامەی هاوکارییە ئابوورییەکانی، سەدان پەیمانگای کۆنفیوشیەس کە فەرهەنگی چینی بڵاو دەکەنەوە، ئەمانە هەموویان نەرمەهێزی چین بەهێز دەکەن، بەڵام کاریگەرییان بەسنووورداری دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی کۆتوبەندی ناوخۆیی کە دەرەنجامی هەڵکشانی ناسیۆنالیزم و کۆنترۆڵی حیزبییە بەبەهێزی دەمێنێتەوە.

• ستراتیجی چین و وەڵامی ئەمەریکا

سەرکردەکانی چین لە ئێستادا دان بەوەدا دەنێن کە وا گەشەی ئابوورییانەی خێرا کلیلی سەقامگیریی سیاسیی ناوخۆییە، سێرەیان لەسەر گەشەی ئابووری و ئەوەی پێی دەگوترێت سازان لەگەڵ ژینگەی نێودەوڵەتیدا؛ گرتووە. بەڵام دەبێت بزانین زەمانە دەگۆڕێت، هێز خۆبەزلزانی دروست دەکات.

هەروەها سەرکردە چینییەکان ئەفسانەیەکیان "چێ کردووە"، گوایا چین هەرگیز وڵاتە دراوسێکانی خۆی داگیر نەکردووە، یاخود هەژموونکارانە هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەڵام وەکوو وەزیری دەرەوەی چین (Yang Jiechi) لە کۆبوونەوەی ئاسیان لە ساڵی ٢٠١٠دا وتی: "چین وڵاتێکی گەورەیە و وڵاتانی تر بچووکن، ئەمەش تەنها ڕاستییە و بەس."

ئەوەی زۆر گرنگە گومانکردنە لەو ئەگەرەی کە وا چین توانای سەربازیی هەیە، خەونە پاوانخوازانەکانی لە چەند دەیەی

داهاتوودا بەدی بێنێت. لێرەدا تێچوون گرنگە، فراوانبوونی داواکارییەکانی کەسێک ئاسانترە کاتێک لیستەکە (menu) خۆڕاییە. سەرکردە چینییەکان پێویستە لەگەڵ پەرچەکرداری وڵاتانی تردا کێبەرکێ بکەن، هەروەها لەگەڵ ئەو کۆتوبەندانەی کە ئامانجی گەشەی ئابووری و پێویستی بە بازاڕ و سەرچاوەی دەرەکی دەیهێنێتە بوون. ڕەوشێکی دوژمنکارانەی زیادەڕەوی تێدا کراو لەلایەن چینەوە، ئەگەری چێکردنی دژەهاوپەیمانێتییەکی لەلایەن دراوسێکانیەوە لە ناوچەکەدا هەیە و ئەمەش هەم نەرمەهێزەکەی و هەم ڕەقەهێزەکەی لاواز دەکات.

ئەو ڕاستییەی کە وا چین ئەگەری نییە ببێتە کێبەرکێکارێکی هاوشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان، مانای ئەوە نییە کە چین ناتوانێت ئاڵنگاریی ئەمەریکا بکات لە ئاسیادا. بەڵام وەکوو پێشتر باسمان کرد هەڵکشانی هێزی چین لە ئاسیادا ڕووبەڕووی کێبەرکێ دەبێتەوە لەلایەن هیندستان و ژاپۆن (هەروەک هاوسێیەکی بچووکی وەکوو ڤێتنام)، ئەمەش جیاوکێکی گەورەی هێزە بۆ ئەمەریکا. هەروەها هاوپەیمانیی ژاپۆنی-ئەمەریکایی و باشتربوونی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هیند و پەیوەندییەکانی ژاپۆن و هیندستان، ئاستەنگی گرنگی بەردەم خواستەکانی چینن.

ئەمە بەو واتایەیە کە لە سیاسەتی زلهێزانی ناوچەکەدا، چین ناتوانێت بەئاسانی ئەمەریکاییەکان دەربکات. لەم پێگەی هێزەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان و ژاپۆن و هیندستان و ئوستراليا و دەوڵەتانی تر دەتوانن کار بۆ پێشکەشکردنی پاڵنەر بکەن بۆ چین، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی بەرپرسیارانە وازی بکات و لە هەمان کاتدا ئەگەری ڕەفتاری دوژمنکارانەی چین پەک بخات، لە کاتێکدا کە هێزی چین گەشە دەکات.

**وەڵامدانەوەکانی ئەمەریکا**

کاتێک چین بەهێزتر گەشە دەکات، بیر لە دوورخستنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکاتەوە لە ڕۆژئاوای زەریای ئارام، بۆیە ڕەشبینەکان پێشبینیی پێکدادانێکی نزیک دەکەن لەنێوان ئەمەریکا و چیندا. هەندێکی تر گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە ڕازیبوون بە ناوچەی باڵادەستی بە جۆرێک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی تایبەت چالاکییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی زەریای ئارامدا سنووردار بکات، ئەم پێکدادانە شکست پێ دەهێنێت. بەڵام بەرخوردی ئەمەریکا لەگەڵ هەڵکشانی چیندا بەم جۆرە، لە لایەکەوە ڕاستگۆیی ئەمەریکا تێک دەشکێنێت، لە لایەکی تریشەوە پاڵ بە دەوڵەتە هەرێمییەکانەوە دەنێت لەجیاتیی ئەوەی ببنە هاوسەنگکاری چین، ببنە لایەنگری. ئەم سیاسەتەش لە ڕاستیدا سەرەتای کۆتاییهاتنی سەردەمی ئەمەریکایی دەنوێنێت. لەجیاتی ئەمە، بوونی بەردەوامی

ئەمەریکا دەتوانێت هاوسەنگیی سروشتییانەی پەرچەکرداری دەوڵەتە هەرێمییەکان بەهێز بکاتەوە و هاوکار دەبێت لە شێوەگیربوونی ژینگەکەدا، بە جۆرێک هانی ڕەفتاری بەرپرسیارانەی چین بدات.

بەرخوردێکی سیاسییانەی گونجاو بۆ هەڵکشانی چین، پێویستە ڕیالیزمی هاوسەنگ لەگەڵ تەواوکاریدا بێت. کاتێک کارگێڕیی کلینتۆن یەکەم جار سەرنجی لەسەر بەرخورد لەگەڵ هەڵکشانی چیندا گرتەوە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەندێک لە ڕەخنەگران داوای سیاسەتی دەورەدانی چینیان دەکرد، پێش ئەوەی زۆر بەهێز بێت. وەها ئامۆژگارییەک درایە دواوە لەبەر دوو هۆکار: یەکەم، لەبەر ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە ویستوویانە (تا ئێستاش دەیانەوێت) پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ هەریەکە لە چین و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا هەبێت، پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەک دژی چین کارێکی نەکردەیە، گرنگتر لەوەش وەها سیاسەتێک لە پاشەڕۆژدا دوژمنایەتییەکی ناپێویست لەگەڵ چیندا دەستەبەر دەکات. لەجیاتیی ئەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتێکی هەڵبژارد کە دەکرێت بە سیاسەتی "تەواوکار و دڵنیا" ناو ببرێت. چین لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی پێشوازیی لێ کرا و پەیماننامەی ئاسایشی ئەمەریکا-ژاپۆنیش زیندوو کرایەوە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەوەی کە چین نەبێتە هێزێکی ترسناک. ئەگەر چینی هەڵکشاو قورسایی خۆی بخاتە سەر دەوروبەرەکەی، ئەمە پاڵ بە دراوسێکانیەوە دەنێت لە هاوسەنگیی هێزی چین بگەڕێن. بەم واتایە، تەنها چین دەتوانێت چین دەورە بدات.

خاڵێکی کلیلی لە هەڵسەنگاندنی هێزی ڕێژەیی هەریەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چیندا، بوونی هاوپەیمان و دۆستە. هیچ دەوڵەتێکی پێشەنگ ناتوانێت پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهاندا هەبێت، بۆیە بوونی هاوپەیمان و دۆستی باش؛ کرۆکی پێشبڕكێی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەیە. لەم خاڵەدا پێگەی ئەمەریکا بەهێزترە بۆ سوودوەرگرتن لەو پەیوەندی و هاوپەیمانێتییانە.

هەندێک لە شرۆڤەکاران وەکوو دەوڵەتێکی "هەموارگەرا" لە چین دەڕوانن و پێیان وایە لەگەڵ بەهێزبوونیدا پەرۆشی تێکشکاندنی دامەزراوەکانی نەزمی نێودەوڵەتی دەبێت، بەڵام چین سوودێکی زۆری لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە، بۆیە پەرۆشی تێکشکاندنیان نابێت. هەروەها چین لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە سۆنگەی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیەوە، ڕۆڵی لە سەقامگیریی قەیرانە نەختینەییەکاندا گێڕاوە.

سەرباری ئەمە، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجییەکان، ژمارەیەک پرسی دەوڵەتبڕی گرنگیان بۆ کارنامەی جیهانی سەربار کردووە،

وەک: گۆڕانی کەشوهەوا، پەتا، تیرۆر، تاوانی ڕێکخراو، تاوانی ئەنتەرنێتی. ئەم پرسانە تەنها گۆڕانی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا نانوێنن، بەڵکوو پەرتەوازەبوونی هێزیش دەنوێنن دوور لە هەموو حکومەتەکان. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەڕەشانەشدا، هاوکارییەکی زیاتری نێوان حکومەتەکان دەخوازێت.

چین چاوی لە گێڕانی ڕۆڵێکی زیاتر بڕیوە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەک وڵاتە یەکگرتووەکان هاوپەیمانی ئاسیایی هەیە و پابەندە بە بەرگریلێکردنیان. هەڵە هەڵسەنگاندن هەمیشە شیاوە، بەڵام ململانێ دوورترە لەوەی حەتمی بێت. ڕەوایەتیی حکومەتی چین شانی لەسەر تێکڕاییەکی باڵای گەشەی ئابووری داداوە و سەرکردە باڵاکانی چین ئەوە دەزانن کە ئابووریی چین چەند دەیەیەکی دەوێت تاکوو نزیک بێتەوە لە پێشکەوتوویی ئابووریی ئەمەریکا. وەکوو بینیمان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهانی چەند دەیەیەک لە تێکڕایی هێزی سەربازی و ئابووری و نەرمەهێزدا لەپێش چینەوە دەمێنێتەوە. سیاسەتێکی سەرکێشانەش لەلایەن چینەوە، سەقامگیری و دەستکەوتەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەخاتە مەترسییەوە.

بە دەربڕینێکی تر: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاتێکی زیاتری لە بەردەمدایە بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزێکی هەڵکشاودا و چینیش پاڵنەری هەیە بۆ دانبەخۆداگرتن. هەڵەی مرۆڤ و هەڵسەنگاندنی نادروست هەمیشە شیاوە، بەڵام لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دروستەوە جەنگی هەرێمی نابێتە ئەگەرێکی حەتمی .

بەم شێوەیە هەڵکشانی جیهانییانەی چین پرۆسەیەکی دووردرێژە و هێشتا دوورە لەوەوە کە ئاماژەی کۆتاییهاتنی سەردەمی ئەمەریکایی بێت.

٥. داکشانی ڕەها: ئایا ئەمەریکا بە ڕۆما دەچێت؟

لە بەشەکانی پێشوودا نووسەر (جۆزێف نای) باسی لە پووکانەوەی ڕێژەیی کرد و هێزە ئاڵنگارەکان و ئەو هۆکارە دەرەکییانەی خستە بەر باس کە دەبنە هۆکاری داکشانی ڕێژەیی. لێرە بەدواوە داکشانی ڕەها دەبێتە جێگای مشتومڕ. ئێمەش لێرە بەدواوە شێوازی خستنەڕووەکەمان دەگۆڕین و لەجیاتیی پوختە وەرگێڕان و لە پێناو کورتبڕیدا، بەکورتی هێڵە گشتییەکانی بەشەکە دەخەینە ڕوو.

نووسەر لە سەرەتای بەشەکەدا و لە ڕێگای نموونەی ئیمپراتۆریای ڕۆمەوە، دەیەوێت پرسی داکشانی ڕەهای ئەمەریکا بخاتە بەر باس. پووکانەوەی ڕۆما؛ پووکانەوەیەکی ڕێژەیی بوو، واتە بە هۆی هەڵکشانی ئیمپراتۆریایەکی ترەوە نەبوو، بەڵکوو پووکانەوەیەکی ڕەها بوو، واتە بە هۆی داڕمانی کۆمەڵگا و فەرهەنگ و ئابووری و دامەزراوەکانیەوە بوو. کەواتە

دارمانی کۆمەڵگا و فەرهەنگ، ئابووری، دامەزراوە سیاسییەکان؛ سێ ڕەگەزی ناوخۆیین و هۆکاری سەرەکیی داکشان و پووکانەوەی ڕەهان.

هەبوونی ئابوورییەکی نابەرهەمهێنەکی، کۆمەڵگایەکی هەلاهەلا بەدەست جەنگی بەردەوام و وێرانکەرەوە، گەندەڵییەکی بەربڵاو، دارزانی دامەزراوە ڕامیارییەکان لە ڕۆمای کۆندا؛ وای لێ کرد نەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. ئەو ڕاستییانەی سەرەوە وا دەکات لێکچوواندن لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕۆمای کۆندا کارێکی ئەستەم بێت.

فەرهەنگی ئەمەریکایی کەلێنی تێدایە، بەڵام دەکرێت مودارا بکرێت و لەچاو کاتەکانی ڕابردوودا کەم مەترسیدارترە. گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زیادیان کردووە، هەندێکیان خراپتر و هەندێکیان باشتر بوون، کۆمەڵگا کراوەیە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا و باشتر لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی تر دەتوانێت بە هۆی کۆچبەرییەوە خۆی نوێ بکاتەوە. ئابووریی ئەمەریکا هێواشتر لە ڕابردوو گەشە دەکات، بەڵام هێشتا داهێنەرە لە بەکارهێنان و بەبازرگانیکردنی تەکنەلۆجیادا. گرفتی سەرەکی لە نایەکسانی و پەروەردەکردنی هێزی کاردایە بۆ داهاتوو. وە گەورەترینی پرسیارەکانیش لە بارەی دامەزراوە سیاسییەکانەوەیە.

بەکورتی: ئەمەریکا گەلێک گرفتی هەیە و ئەم گرفتانەش گەلێک پرسیار دەورووژێنن، بەڵام داکشانێکی ڕەها "چێ ناکەن"، بە جۆرێک وەڵامێکی ڕوون و ڕەوان بخەنە بەردەستمان لە بارەی ئەوەی کە وا کەی سەردەمی ئەمەریکایی کۆتایی دێت.

٦. بادانەوەکانی هێز و ئاڵۆزیی جیهانی

لەم سەدەیەدا دوو بادانەوەی گەورە لە هێزدا ڕووی داوە: "جێگۆڕکێی هێز" و "پژانی هێز". جێگۆڕکێی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا و لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، پژانی هێزیش لە حکومەتەکانەوە بۆ بکەرە نادەوڵەتەکان، وەک بەرەنجامی شۆڕشی زانیاریی جیهانی. وەرچەرخانی یەکەم، واتە جێگۆڕکێی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا شیمانەی ئەوەی نییە ناوەندبوونی ئەمەریکایی بۆ تەرازووی هێزی جیهانی کۆتایی پێ بهێنێت لە سیساڵی داهاتوودا، بۆیە لەم بەشەدا تەنها پژانی هێز دەخرێتە بەر باس.

**ئاڵۆزییەکی زۆر**

پژانی هێز؛ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرس و گرفتی دەوڵەتبڕ، لە هەمان کاتیشدا سەر دەکێشێت بۆ لاوازکردنی توانای حکومەتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرس و گرفتانەدا بەتەنها.

دوای کۆتاییهاتنی دوو جەمسەریی سەردەمی جەنگی سارد، هێز لە چاخی زانیاریدا بە شێوازێک پژاوە کە لە یاریی شەترەنجی سێ ڕەهەندیی ئاڵۆز دەچێت: لە لوتکەی داشماڵەکەدا هێزی سەربازی

تاک جەمسەرییە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگەری هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ لەپێشینەیی هەبێت، ناوەڕاستی داشماڵەکە هێزی ئابوورییە و فرە جەمسەرە، بنکەی داشماڵەکەش سەرزەمینی پەیوەندییە دەوڵەتبڕەکانە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتەکان سنوورەکان دەبڕێت. لەم بنکەیەدا هێز بە جۆرێک پژاوە ناتوانین باس لە تاک جەمسەری یان فرە جەمسەری یان هەژموون بکەین، زۆربەی پرسەکان لە ڕووی سەربازییەوە چارسەر ناکرێن و تۆڕەکانی هاریکاری جەوهەرین. لە کاتێکدا ئەم تۆڕ و تاکەکەسە بەهێزانە گرفت بۆ سەرجەم حکومەتەکان دروست دەکەن بەبێ جیاوازی، بەڵام فەرهەنگی کرانەوە و داهێنانی ئەمەریکایی هۆکارن بۆ مانەوەی ئەمەریکا وەک هێزێکی ناوەندی (central) لەم جیهانەدا. ئەم وەرچەرخانانە سەردەمی ئەمەریکایی کۆتایی پێ ناهێنێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەیگۆڕێت.

### جیهان لە ساڵی ٢٠٣٠دا

هەر چەندە هیچ "ئایندەیەک" پێشبینی ناکرێت، بەڵام هەندێک ئاڕاستەی دیاریکراو لە ئێستادا دەبینرێت و دەکرێت بەردەوامیش بێت "ئەگەر شتەکانی تر وەک خۆیان بمێننەوە". لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بڵێین لە ساڵی ٢٠٣٠دا هەژموونداربوونی نییە، ساتەوەختی "تاک جەمسەری" کۆتایی دێت، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان بەهێزترین وڵاتی جیهان دەبێت. هەر چەندە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش وەک ڕابردوو بەهێز نابێت، بەڵام داکشان و پووکانەوەی ڕێژەیی؛ ئەو داکشانە نییە کە سەردەمی ئەمەریکایی کۆتایی پێ بهێنێت.

### شۆڕشی زانیاری و پژانی هێز

گرفتی ئەمڕۆی سەرجەم دەوڵەتان لە چاخی زانیاریی جیهانیدا ئەوەیە زۆربەی شتەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تەنانەت بەهێزترینی دەوڵەتەکانیشدا ڕوو دەدەن، ئەوەی کە ناومان ناوە پژانی هێز. لە جیهانێکی زانیاریی بنەمادا (information-based)، موداراکردنی پژانی هێز "زۆر ئەستەمترە لە موداراکردنی جێگۆڕکێی هێز". لە چاخی زانیاریدا ئەو دەوڵەتە (یان نادەوڵەتە) براوەیە کە خاوەنی باشترین چیرۆکە نەک ئەو دەوڵەتەی کە خاوەنی بەهێزترین هێزی سەربازییە، بۆیە نەرمەهێز دەبێتە بەشێکی گرنگتری ئەم ئاوێتەیە.

لەژێر کاریگەریی شۆڕشی زانیاری و جیهانگیریدا، سیاسەتی جیهانی بە جۆرێک دەگۆڕێت کە ئەمەریکا ناتوانێت بەتەنها زۆربەی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەکوو گەورەترین وڵاتی سیستمی نێودەوڵەتی دەمێنێتەوە، کێشەی گەورەترین وڵاتیش بەهێز مانەوەی سەرکردایەتییەکەیەتی

لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی شمەکی بەکۆمەڵی جیهانیدا. لە هەندێک بواری سەربازی و ئابووریدا، ئەمەریکا دەتوانێت وەڵامگۆی بەشی گەورەی شمەکەکان بێت. لە بارەی پرسە دەوڵەتبڕەکانیشەوە، هەر چەندە سەرکردایەتیی ئەمەریکا گرنگە، بەڵام پێویستی بە هاریکاریی دیتران هەیە.

بەکورتی: سەردەمی ئەمەریکایی بە واتای ناوەندیبوونی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هاوسەنگیی هێز و سەرکردایەتیی ئەمەریکا لە بەرهەمهێنانی شمەکی گشتیدا (public goods) بەردەوام دەبێت، بەڵام وەکوو دەردەکەوێت جیاوازە لەوەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا هەبوو.

٧. ئەنجامگیری

• هەر هەوڵێک بۆ هەڵسەنگاندنی هێزی ئەمەریکایی لە چەند دەیەی داهاتوودا نابێت زیادەڕەوی لە بارەیەوە بکرێت، چونکە چەند ئایندەیەک هەیە نەک تەنها تاکە ئایندەیەک. جێگرەوەکانیش (alternatives) بە چەندین ڕووداو، هەڵە هەڵسەنگاندن، بڕاردەی مرۆیی پەڕگیر سکپڕن.

• بەراوردکردنی هێزی ئەمەریکا بە هێزی چین، شان لەسەر نادڵنیایی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە هەردوو وڵاتدا دادەدات.

• دانەدواوەی ئەمەریکا و کۆتاییهێنان بە ناوەندێتیی ئەمەریکا لە تەرازووی هێزی جیهانیدا لەلایەن هەریەکێک لە هێزە ئاڵنگارکارە نوێیەکانی وەک: ئەورووپا، ڕووسیا، هیندستان، بەڕازیل یان چینەوە موستەحیل نییە، بەڵام ئەگەری ڕوودانیشی زۆر نییە.

• ناوانی سەدەی بیست و یەک بە سەدەی داکشانی ئەمەریکایی، ڕەنگە ناولێنانێکی ورد نەبێت و بەلاڕێدابەر بێت.

• ڕەنگە پڕانی هێز بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئاڵنگارییەکی گەورەتر بێت لە چین.

• سەبارەت بەو پرسیارەی کە چۆن ئەمەریکا دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی تر وەربدات؟ دەکرێت بڵێین جۆرێک لە دەستوەردان پێویستە، نەک جەنگ و داگیرکردن. واتە بەکارهێنانی هێز، بەڵام لە سنوورێکدا.

• پاشەکشە لە فەراهەمکردنی شمەکی گشتیی جیهانیدا، ڕەوایەتیی نەرمەهێزی ئەمەریکا لاواز دەکات و نەرمەهێزیش بۆ بەردەوامیی سەردەمی ئەمەریکایی یەکلاکەرەوەیە.

• بەردەوامیی سەردەمی ئەمەریکایی پشت بە ژمارەیەک هاوپەیمانێتی دەبەستێت، وەرچەرخان بەرەو ناوخۆ و گۆشەگیری، متمانەی وڵاتان بە هاوپەیمانێتیی ئەمەریکا لاواز دەکات.

• سەردەمی ئەمەریکایی کۆتایی نەهاتووە و پێمان نەخستووەتە ناو جیهانی پاش ئەمەریکا.


No.6, March 2021

ئایندەناسی

چەمکناسی ئایندەیی

# قووڵایی ستراتیژی

## (Strategic Depth)



قووڵایی ستراتیژی، چەمکێکی "جوگرافی-سەربازی"یە و بریتییە لە مەودای نێوان بەرەی پێشەوەی جەنگ و ناوچە هەستیارەکانی وەك پیشەسازی، شوێنە بازرگانییەکان، شارە سەرەکییەکان و ناوندە گرنگەکانی سەربازی یان شوێنەکانی نیشتەجێبونی ئەو وڵاتەی کە بەشداری شەڕەکە دەکات یان ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی دەبێتەوە. بەپێی ئەم تیۆرییە کە لە مێژووی هاوچەرخدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە و بووەتە بیانوویەکی بەهێز بۆ دەستێوەردان و بەشداری وڵاتان لە شەڕ و ململانێیەکاندا، هەرچەندێک مەودای نێوان گۆڕەپانی شەڕ و خاکی وڵاتێک کە ئامانجی بەرگریکرن لە خۆی بێت، زیاتر بێت، لەو کاتەدا وڵاتی بەرگریکار، خاوەن قووڵایی ستراتیژییە و هەڕەشەکانی لە سەر وڵاتەکەی خۆی کەم کردۆتەوە و شەڕی گواستووەتەوە بۆ سەر خاکی وڵاتی ڕکابەر. بە واتایەکی تر، ئەم چەمکە هەموو ئەو مەترسیانە دەگرێتەوە کە وڵاتێک سەبارەت بە ئەگەری لێدانی سەربازی هەیەتی و هەوڵدەدات کە توانای بەرگری بۆ هەر لێدانێکی لەناکاو یان ڕاگرتنی هاوسەنگی یان گێڕانەوەی هێز بەقازانجی وڵاتەکەی، ئامادە بکات. لەم ستراتیژەدا، "فاکتەری جوگرافی" ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت کە تێیدا هێزی بەرگری بە وڵاتێک دەبەخشێت و شانسی سەرکەوتنی وڵاتی ڕکابەر کەمتر دەکاتەوە کە بتوانێت بە ئاسانی داگیرکاریی سەربازی ئەنجام بدات. هەربۆیە، قووڵایی ستراتیژی بە ئامرازێکی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمی بەرگری و ئاسایشی نیشتمانی هەر وڵاتێک دادەنرێت. لە دیدێکی ترەوە، قووڵایی ستراتیژی واتا هەرشتێک کە خاڵی هێز بێت بۆ وڵاتێک و لە بەرامبەردا ببێتە هەڕەشە بۆ وڵاتی ڕکابەر و بتوانێت ڕۆڵی پێشگیرانە (الردع / Deterrence) بگێڕێت. چەمکی قووڵایی ستراتیژی تاوەکو بڵاوبوونەوەی کتێبی "قووڵایی ستراتیژی، پێگەی تورکیا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا" لە نووسینی ئەحمەد داوود ئۆغلو، وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا، زیاتر لە چوارچێوەی جوگرافیای سەربازی پێناسەی بۆ دەکرا، بەڵام داوود ئۆغلو گۆڕانکاری بەسەر ئەم پێناسەیەدا هێنا و ڕەهەندی مێژوویی(شوناس)، کولتووری و ئابووری پێبەخشی. داوود ئۆغلۆ بیرۆکەکەی لەسەر بنەمای قووڵایی مێژوویی و جیۆستراتیژی دانا و پێیوابوو کە ئەم دوو بنەمایە، بەها و توانای هەر وڵاتێک لە سیستمی نێودەوڵەتی پیشان دەدەن و کاریگەری لەسەر ڕۆڵبینینی هەر وڵاتێک لەگەڵ جیهانی دەوروبەری دەبینن. ئۆغلو بڕوای وابوو قووڵایی ستراتیژی هەر وڵاتێک لەسەر بناغەی ئاگایی کات و بۆشایی ئەو وڵاتەیە لە ڕووی جوگرافیای ئابووری، جوگرافیای ستراتیژی و جوگرافیای کولتووریی، کە ئەمەش ڕەهەندە گرێدراوە مێژوویی و کولتوورییەکانی دەگرێتەوە.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
ڕاناتی ئاییندەیی ژمارە (٣)
ملمانێی ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
ڕاناتی ئاییندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205


Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
SYRIA
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019

# ئایندەناسی لەساڵی یەکەمیدا























# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٦) ئازاری ٢٠٢١